


Scanned by CamScanner




# نووسینی کتێبەکان

5 Pending Posts

Activity Log · Edit Profile · View as

ببورە گەر کتوپڕ دیار نەمام و تەرمەکەم لە شوێنێکدا شین
بچێتەوە وەک برینێک

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

"من بزانم، دەتەوێت پێت بڵێم بۆچی هەوڵم دا خۆم بکوژم."

ئەمە یەکەم ڕستە بوو، کە چیک بینێتۆ پێی گوتم.

Scanned by CamScanner

ئەم چیرۆکە، چیرۆکی خێزانیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی خێوێکیشی تێدایە، دەتوانیت بڵێیت چیرۆکی خێو و ئەو شتانەشە. لە ڕاستیدا، چیرۆکی هەموو خێزانێک، بە شێوەیەک لە شێوەکان، چیرۆکی خێوەکانیشە، چونکە مردووەکان، دوای ماوەیەکی زۆریش لە ماڵئاواییکردنیان، هێشتا هەر لەسەر مێزی ناخواردن لەگەڵمان دادەنیشن.

ئەم چیرۆکی خێوە، چیرۆکی *چارلز* "چیک" *بینێتۆ*یە. هەڵبەت لە چیرۆکەکەدا چیک خۆی خێوەکە نەبوو، کەسە ڕاستەقینەکە بوو. من خۆم، بەیانییەکی یەکشەممە، لەسەر کورسیی هاندەران لە گۆڕەپانێکی یاریی بەیسبۆڵی تازەپێگەیشتووواندا بینیم. قەمسەڵەیەکی نیلیی لەبەردا بوو، بنێشتی نەعناشی دەجوو. ڕەنگە ئێوەش ئەو کاتەتان بیر بێت، کە چیک یاریزانی بەیسبۆڵ بوو. من بەشێک لە ژیانی پیشەییم وەک ڕۆژنامەنووسی وەرزشی بەسەر بردبوو، لەبەر ئەوە، ناوی چیک لە زۆر ڕووەوە لام ئاشنا بوو.

هەرچەند بیر لەو کاتانە دەکەمەوە، دەڵێم ئەوە قەدەر بوو وای کرد، کە لەو شوێنەدا چیک ببینم. بۆ ئەوە بۆ پێپەر ڤیل هاتبووم، تا خانوویەکی بچووک - کە دەمێک ساڵ بوو هیی خێزانەکەمان بوو- بکەم بە ناوی خۆمەوە. لە ڕێگەمدا بۆ فڕۆکەخانە، وەستام قاوەیەک بخۆمەوە. گۆڕەپانێک لەوبەری



Scanned by CamScanner

قاوەخانەکەوە بوو، کۆمەڵێک منداڵیش بە تیشێرتی مۆرەوە یاریی بەیسبۆڵیان دەکرد. لەبەر ئەوەی کاتم مابوو، بەپیاسە چووم بۆ لایان.

لای پەرژینی گۆڕەپانەکەوە وەستابووم و پەنجەکانم لە تەلەکان گیر کردبوو. پیاوێکی پیر بە چیمەنبڕێک خەریک بوو چیمەنەکەی دەبڕی. کابرا جگەرەیەکی نیوەسووتاوی بە دەمەوە بوو. پێستی هەتاو سووتاندبووی و چرچ بووبوو. کاتێک منی بینی، مەکینەکەی کوژاندەوە و پرسیاری لێ کردم، کە ئایا هیچکام لەو منداڵانەی لەوبەرەوە یارییان دەکرد، هیی من بوون یان نا، منیش بە *نەخێر* وەڵامم دایەوە. کابرا پرسیی چیم دەکرد لەوێ، منیش باسی خانووەکەمم بۆ کرد، ئینجا لە ئیشەکەمی پرسی، منیش هەڵەم کرد و پیشەکەی خۆمم پێ گوت.

پیاوەکە، کە ئێستا جگەرەکەی بە ددانەکانی گرتبوو، گوتی، "ئێ، ئێ، نووسەر!" ئینجا پەنجەی ڕاکێشا بۆ کەسێک، کە بەتەنیا و پشت لە ئێمە، لەسەر کورسییەکان دانیشتبوو. پیاوە پیرەکە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و گوتی، "بچۆ سەرێک لە ئەوە بدە. چیرۆک لای ئەوەیە."

ئەمە شتێکە، کە بۆخۆشم زووزوو لە خەڵکی دەبیستم.

لە کابرام پرسی، "بەڕاست؟ بۆچی؟"

"ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە یانەیەکی پلەیەکدا یاریی کردووە."

"ئێ؟..."

"ئینجا وا بزانم گەیشتۆتە پاڵەوانێتیی یانە پلەیەکەکانی ئەمەریکا بۆ بەیسبۆڵ."

"ئێێ؟..."

"هەوڵیشی داوە خۆی بکوژێ."

"چی؟ ئەوە بەڕاستتە؟"

"بەڵێ."

پیاوەکە مشـەیەکی کـرد و بـەردەوام بـوو، "وەک دەڵێـن، هـەر خوا خۆشـی ویسـتووە کە تـا ئێسـتا هەناسـە دەدا. نـاوی چیک بینێتۆیە. دایکی لـەم نزیکانـە دەژیـا، نـاوی پۆزی بینێتـۆ بـوو." پیاوەکـە سـووکەپێکەنێک گرتـی، "ئـەی کـە ژنێکـی هـار بـوو."

پیاوە پیرەکە جگەرەکـەی فڕێ دایـە سـەر زەوییەکـە و بـە بنەپێی پانـی کردەوە، "ئەگەر باوەڕیش ناکـەی، بڕۆ لـە خۆی بپرسـە."

پیاوەکـە چـووەوە سـەر چیمەنبڕینەکـەی، منیـش دەسـتم لـە پەرژینەکـە بـەر دا. پەرژینەکـە ژەنـگاوی بـوو، هەندێـک لـە ژەنگەکـەی بـە پەنجەمـەوە نووسـابوو.

ئێتـر چیرۆکـی هەمـوو خێزانێکیـش، چیرۆکـی خێـو و ئـەو شتانەشـە.

بەرەو لای کورسییەکان هەنگاوم نا!

ئـەوەی لێـرەدا نووسـیومەتەوە، ئەوەیـە کـە چارلـز "چیـک" بینێتـۆ لـە گفتوگـۆی ئـەو بەیانییەمانـدا بـۆی بـاس کـردم و زۆر زیاتـر لـەوەی خایانـد، کـە چاوەڕێـم دەکـرد – هەروەهـا بەرهەمـی هەندێـک تێبینیـی تایبەتیـی خـۆم و چەند لاپەڕەیەکـی ئـەو یادداشـتنامەیەیە، کـە دواتـر خـۆم دۆزیمـەوە. هەمـوو ئەمانـەم پێکـەوە کـۆ کردووەتـەوە و لەسـەر زاری چیکـــەوە

کردوومن بەم گێڕانەوەیەی بەردەستتان، بۆیە واشم کردووە، چونکە پێم وایە ئەگەر چیرۆکەکەتان لە زاری چیک خۆیەوە نەبیستایە، لەوانە بوو بڕوای پێ نەکەن.

بە هەرحاڵ، ڕەنگە ئاواش هەر بڕوای پێ نەکەن!

بەڵام ئەم پرسیارە لە خۆتان بکەن: هەرگیز کەسێکی خۆشەویستت لەدەست داوە، کە ویستبێتت یەک گفتوگۆی تر، یان یەک دەرفەتی ترت لەگەڵیاندا هەبێت بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کاتانە بکەیتەوە، کە وات دەزانی ئەو کەسانە هەتاهەتایە لەگەڵت دەبن؟ ئەگەر وەڵامەکەت *بەڵێ* بێت، ئەوەش دەزانیت، کە ئەگەر تا کۆتاییی ژیانیشت ڕۆژەکان لەسەر یەک کەڵەکە بکەیت، هێشتا هیچکامیان قورساییی ئەو ڕۆژەی نابێت، کە خۆزگە دەخوازیت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستە بتدەنەوە.

ئەی دەڵێیت چی ئەگەر بەڕاستی ئەو ڕۆژەت بدەنەوە؟

مارتی ٢٠٠٦

Scanned by CamScanner

١

# ئیوەشەو

Scanned by CamScanner

# چیرۆکەکەی چیك

من بزانم، دەتەویّت پیّت بلّیّم بۆچی هەولّم دا خۆم بکوژم.

دەتەویّت بزانی *چۆن بوو نەمردم؟* بۆچی لەخۆوە لە بەرچاو ون بووم؟ ئەم هەموو کاتە لەکوێ بووم؟ بەلاّم پیّش هەموو شتیّک، دەتەویّت بزانیت بۆچی هەولّم دا خۆم بکوژم، وا نییە؟

ئاساییە، خەڵک هەمیشە دەیانەویّت ئەمە بزانن. ئەوان من دەکەن بە پیّوەر بۆ خۆیان. وەک ئەوەی لە شویّنیّک، لەم جیهانەدا، هیّلّیّک کیّشرابیّت و ئەگەر ئەو هیّلّە نەبەزیّنیّت، ئیتر هەرگیز بیر لەوە ناکەیتەوە خۆت لە بالاّخانەیەکەوە فڕێ بدەیتە خوارەوە، یان پاکەتیّک حەب بخۆیت، بەلاّم ئەگەر هیّلّەکەت بەزاند، ڕەنگە شتی وات بە خەیاڵدا بیّت. خەڵک پیّیان وایە من ئەو هیّلّەم بەزاندووە، لە خۆشیان دەپرسن، "تۆ بلّیّی منیش ڕۆژیّک لە ڕۆژان بگەمە قۆناغیّکی وا؟" بەلاّم لە ڕاستیدا هیّلّیّکی لەو جۆرە، هەر لە بنەڕەتدا نییە. ئەوەی هەیە، یەک شتە: ژیانی خۆت، چۆن ئەو ژیانە لە خۆت تیّک دەدەیت، کە تیّکیشت دا، کێ فریات دەکەویّت!

یان ناکەویّت!

Scanned by CamScanner

لە کاتێکدا بیرم لە ڕابردوو دەکردەوە، بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژەم لەلا ڕوون بوونەوە، کە دە ساڵ لەوەوپێش دایکم تیایدا مردبوو. کاتێک دایکم مرد، من لەوێ نەبووم، بەڵام دەبووایە لەوێ بم. ناچار درۆیەکم دۆزییەوە، ئەمەش شتێکی خراپ بوو. پرسە، شوێنی نهێنیشاردنەوە نییە. لای گۆڕەکەی دایکمەوە وەستابووم و هەوڵم دەدا بڕوا بە خۆم بهێنم، کە نەمانەوەم لای دایکم، هەڵەی منی تێدا نەبووە. لەو کاتەدا کچە چواردەساڵانەکەم دەستی گرتم و بەچرپە گوتی، "بەداخەوە، کە نەتتوانی ماڵئاواییی لێ بکەی." ئەو قسەیە پشتی شکاندم. بە گریانەوە کەوتمە سەر چۆک و چیمەنە تەڕەکە پانتۆڵەکەی پیس کردم.

دوای پرسەکە، ئەوەندەم خواردەوە، تا لەسەر قەنەفەکەمان لە هۆش خۆم چووم. لەوێوە شتەکان گۆڕان. دەکرێت یەک ڕۆژ ژیانت هەڵبگێڕێتەوە. وا دیارە ئەوە ئەو ڕۆژە بوو، کە ژیانی منی هەڵگەڕاندەوە. بەمنداڵی، دایکم هەمیشە بەدوامەوە بوو، بە ئامۆژگاری، بە ڕەخنە، دایکایەتییەکەی لەو جۆرانە بوو، کە ناهێڵێ هەناسە بدەیت. هەندێک جار بەئاواتەوە بووم وازم لێ بهێنێت تۆزێک بەتەنیا بم.

ئەوە بوو، دواتر وازی لێ هێنام: مرد. سەردانەکانی کۆتاییان هات و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی نەمان. بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەم، خەریک بوو لەدەست دەر دەچووم، هەر وەک ئەوەی لە ڕەگەوە هەڵکێشرابم، یان کەوتبێتمە لقی لاوەکیی ڕووبارێکەوە و وردەوردە ئاو بمبات. دایکان لەسەر خۆیان هەیانن. من وا بیرم دەکردەوە، کە خۆمم، بەو

شێوەیەی هەبووم، بەدڵە، چونکە دایکم بەدڵی بووم، بەڵام کە دایکم مرد، ئەو بیرۆکەیەش لەگەڵیدا مرد.

من بە هیچ شێوەیەک خۆمم، بەو شێوەیەی هەبووم، بەدڵ نەبوو. لە مێشکمدا هێشتا خۆمم بەو یاریزانە گەنجە ئایندەگەشەی جاران دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا، ئیدی نە گەنج بووم، نە یاریزان، بگرە چووبوومە چلەکانی تەمەنمەوە و بووبووم بە کارمەندی فرۆشتن، ئایندە گەشەکەشم لەمێژ بوو خامۆش بووبوو.

ساڵێک دوای مردنی دایکم، بێئەقڵانەترین هەڵەی دارایی ژیانم کرد، بەوەی ڕێم بە ژنە کارمەندێکی فرۆشتن دا، بەناوی بەگەڕخستنی پارەکانمەوە، فێڵێکی چاکم لێ بکات. ژنەکە گەنج بوو، بە شێوازی خۆگۆڕینەکەیدا - کە پڕ بوو لە بڕوابەخۆبوون و بێباکی - هەروەها بەو دوو قۆپچە کراوەیەی سەر سینگیەوە، زۆر جوان دەر دەکەوت. لەو جۆرە ژنانە بوو، کاتێک بەلای پیاوی بەتەمەندا دەڕۆن، پیاوەکان ڕقیان لێیان دەبێتەوە - تەنیا لە کاتێکدا نەبێت، ئەگەر ژنەکان بوەستن و قسەیان لەگەڵ بکەن، ئیتر کە ئەوەش ڕووی دا، پیاوەکان بەئاسانی بۆیان کەر دەبن. من و ئەو ژنە سێ جار بۆ باسکردنی پرۆژەکە یەکترمان بینی: دوو جار لە نووسینگەکەی خۆی، جارێکیش لە چێشتخانەیەکی یۆنانی. هیچ شتێکی نەشیاو لەنێوانماندا ڕووی نەدا، بەڵام کاتێک بۆنی عەترەکەی سەرە کاسەکەمی بەر دا، بینیم زۆربەی ئەو پارەیەی کۆم کردبووەوە، لە کڕینی پشکی بێبەهادا بەفیڕۆم دابوو. پاش ماوەیەکی کەم، ژنەکە - بە قسەی خۆی - گوازرایەوە بۆ وێست کۆست. منیش دەبوو بۆ



Scanned by CamScanner

کاسرینی هاوسەرمی ڕوون بکەمەوە، کە پارەکەم لە چیدا خەرج کردبوو.

دوای ئەوە، زیاتر و زیاتر دەمخواردەوە – لە سەردەمی مندا، یاریزانانی بەیسبۆل هەمیشە دەیانخواردەوە – بەلام لای من کێشەکە وای لێ هات، بە هۆی خواردنەوەوە، لە دوو کاری فرۆشتن دەر کرام. ئەو دەرکردنانەش وایان کرد، بەردەوام ببم لەسەر خواردنەوە. زۆر دەخەوتم، زۆرم دەخوارد. لەوە دەچوو هەر لە جێی خۆمەوە وردەوردە پیر ببم. کە دواجاریش کەوتمەوە سەر ئیش، هەمیشە ئاوی غەرغەرەکردن و قەترەی چاوم لە گیرفانمدا دەشاردەوە و پێش ئەوەی بچم بۆ لای کڕیارەکان، ڕام دەکرد بۆ تەوالێتەکان بەکارم دەهێنان. پارە لە ژیانماندا بوو بە کێشە، من و کاسرین هەمیشە لەسەر پارە شەڕمان بوو، بە شێوەیەک، وردەوردە هاوسەرگیرییەکەمان تێک چوو. کاسرین لەو نائومێدییەی من بێزار بووبوو، ناهەقیشی نەبوو. کە لەگەڵ خۆتدا خراپ بوویت، لەگەڵا هەموو کەسێکی تریشدا خراپ دەبیت، تەنانەت ئەوانەش کە خۆشت دەوێن. شەوێکیان کاسرین لە ژێرزەمینەکە منی بەبووراوەیی دۆزیبووەوە، لێوم تەقیبوو، دەستکێشێکی بەیسبۆلیشم لە باوەشدا بووبوو.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، خێزانەکەم بەجێ هێشت – یان ڕەنگە ئەوان منیان بەجێ هێشتبێت.

زۆر زۆریش لەوە شەرمەزارم.

چوومە شوقەوە. دوورەپەرێز بووم و مامەڵەکردن لەگەڵمدا قورس بوو. هەرکەسێک لەگەڵمدا نەیخواردایەتەوە، خۆم لێ بەدوور دەگرت. ڕەنگە ئەگەر دایکم لە ژیاندا بمایە،



Scanned by CamScanner

بیتوانییایە ڕێگەیەک بۆ نزیکبوونەوە لێم بدۆزێتەوە، چونکە ئەو هەمیشە لەو شتەدا زۆر باش بوو، دڵنیام دەستی دەگرتم و دەیگوت، "ئا وەرە چارلی گیان، بزانم چیتە؟" بەڵام ئیتر دایکم نەمابوو. کێشەکە ئەوەیە، کە دایک و باوکت دەمرن، هەست دەکەیت پشتوپەنات نامێنێت و دەبێت بەتەنیا بڕۆیت بۆ هەموو شەڕەکان.

ئەوە بوو، شەوێکی سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر، بڕیارم دا خۆم بکوژم.

ڕەنگە لەلات سەیر بێت و وا بزانیت پیاوی وەک من - ئەوانەی لە خولی یانە پلەیەکەکاندا یاری دەکەن - هەرگیز بابیی ئەوەندە ناڕووخێن، کە خۆیان بکوژن، چونکە دواجار، ئەوان هەمیشە، هەرچۆنێک بێت، خەونەکەیان "هاتووەتە دی،" بەڵام ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، هەڵەیت. کاتێک خەونەکەت دێتە دی، وردەوردە درک بەوە دەکەیت، ئەو شتەی خەونت پێوە دیوە و هاتووەتە دی، بەو شێوەیە نییە کە لە پێشوودا لێی تێگەیشتوویت.

دەبێت بشزانیت، کە ئەو خەونە بەدیهاتووەت فریات ناکەوێت.

ئەوەی پشتی منی شکاند و لە لێواری خەرەندێکەوە فڕێی دامە خوارەوە - کە ڕەنگە زۆر سەیریش بێت بەلاتانەوە - شووکردنی کچەکەم بوو. ئەوکات کچەکەم بیستودوو ساڵ بوو. قژی وەک قژی دایکی، خاو و درێژ و قاوەیییەکی کەستانەیی بوو، لێوەکانیشی هەر وەک هیی دایکی ئەستوور بوون. لە ئێوارەمەراسیمێکدا، شووی بە کوڕێکی چاک کرد.



Scanned by CamScanner

من هەر ئەمەندەم دەزانی، چونکە کچەکەم هەر ئەوەندەی لەو نامە کورتەدا نووسیبوو، کە چەند هەفتەیەک دوای بۆنەکە، گەیشتبووە شوقەکەم.

وەک دیارە، بە هۆی زۆرخواردنەوە و خەمۆکی و هەڵسوکەوتە خراپەکانمەوە، لەوە زیاتر مایەی شەرمەزاری بووم، کە بوێرن بۆ بۆنەیەکی خێزانیی وا گرنگ بانگهێشتم بکەن. لەجیاتیی ئەوە، تەنیا ئەو نامەیە و دوو وێنەم پێ گەیشت. وێنەی یەکەمیان هیی کچەکەم و هاوسەرەکەی -کە لەژێر دارێکدا وەستابوون و دەستی یەکیان گرتبوو - ئەوی تریشیان وێنەیەکی ئاهەنگەکەیان بوو، کە تیایدا بووک و زاوا دڵخۆشەکە، پێکە شەمپانیایان بەرز کردبووەوە.

وێنەی دووەم، ڕووخاندمی، چونکە وێنەی یەکێک لەو ساتانە بوو، کە هەرگیز دووبارە نابنەوە، کچەکەم و هاوسەرەکەی پێکەوە لە نیوەی گفتوگۆیەکدا پێکەنیبوون و پێکەکانی دەستیان لەیەک دابوو. ساتەکە زۆر جوان بوو، زۆر گەنجانە بوو، زۆر... هەمووی بە دەمی ڕابردوو. وێنەکە لەوە دەچوو گاڵتەکردن بێت بە ئامادەنەبوونی من و بەناڕاستەوخۆیی پێم بڵێت، *ئەها چۆن تۆی لێ نیت!*

من بۆخۆم کوڕەکەم نەدەناسی، هاوسەری پێشووم دەیناسی، هاوڕێ کۆنەکانمان دەیانناسی. *ئەها چۆن تۆی لێ نیت!* جارێکی تر ساتێکی خێزانیی زۆر گرنگم لەدەست چوو. ئەم جارە کچە بچووکەکەم دەستی نەدەگرتم تا دڵم بداتەوە، ئەو ئێستا هیی پیاوێکی دیکە بوو. بۆ ئەو بۆنەیە پرسم پێ نەکرابوو، بەڵکوو تەنها هەواڵەکەم درابوویە و هیچی تر.

سەیری بەرگی نامەکەیم کرد، ناوی سێیەمی تازەی خۆی



Scanned by CamScanner

پێوە بوو: ماریا لانگ، نەک ماریا بینێتۆ. هیچ ناوونیشانێکیشی لەسەر نەبوو، - سەیرە! تۆ بڵێی لەوە ترسابن سەردانییان بکەم؟ بەو شێوەیە شتێک لە ناخمدا هێندە ڕۆ چووە خوارەوە، کە ئیدی نەمدەتوانی بیدۆزمەوە. یەک تاقە منداڵت هەیە و لە ژیانی دەکرێیتە دەرەوە، تۆش ئیتر وا هەست دەکەیت دەرگایەکی پۆڵایین لەسەرت داخراوە، لە دەرگا دەدەیت، بەڵام کەس گوێی لێ نییە، کە کەسیش گوێی لێ نەبوو، دەگەیتە ئەوپەڕی سنووری کۆڵدان، ئەوپەڕی سنووری کۆڵدانیش، خۆکوشتنە.

لەبەر ئەمە بوو هەوڵم دا خۆم بکوژم.

لە کاتێکی ئاوا دا، لە خۆت ناپرسیت، *من چ سوود و گرنگییەکم هەیە؟* بەڵکوو دەپرسیت، من هەبم یان نەبم، چی لە دۆخەکە دەگۆڕێت؟



Scanned by CamScanner

کاتێک بەنەزانی گەڕایەوە بۆلای خودا،
گۆرانییەکەی هێشتا لە نیوەدا بوو، کارەکەی نیوەتەواوکراو بوو،
کێ دەزانێ کە پێیە شینبووەوەکانی کامە ڕێگەیان بڕیبوو؟
یان خۆی بەسەر کام گردی ئارامی و کام ئازاردا سەر کەوتبوو؟

دەخوازم خودا پێکەنیبێ و دەستی گرتبێ،
پێی گوتبێ، "ئەی خۆدزەرەوەی نەگبەت، ئەی گەمژەی بەهەڵپە!
تێگەیشتن لە کتێبی ژیان قورسە:
بۆچی لە قوتابخانە بەردەوام نەبووی؟"

هۆنراوەیەکی *چارلس هانسن تۆون*، کە لەناو دەفتەرێکدا و لەنێو شتەکانی چیک بینێتۆدا دۆزراوەتەوە.



Scanned by CamScanner

# چیك دەیەوێت كۆتایی بە هەموو شتێك بهێنێت

نامەی كچەكەمم لە ڕۆژێكی هەینیدا بەدەست گەیشت. ئەمەش شتێكی چاك بوو، چونكە بەدوایدا كۆتاییی هەفتە دەهات و بەدڵی خۆم دەمخواردەوە. زۆر كەمم لەو شەممە و یەكشەممەیە بیر ماوە. بەیانیی ڕۆژی دووشەممە - سەرەڕای ئەوەی بە ئاوی سارد خۆم شت - هێشتا هەر دوو كاتژمێر لە ئیش دوا كەوتم. كە گەیشتمە نووسینگە، چلوپێنج خولەك زیاتر بەرگەم نەگرت. سەرم قورس بووبوو. شوێنەكەم وەك گۆڕ دەهاتە بەرچاو، بۆیە بەدزییەوە و بەبێ ئەوەی قاپووتەكەم، یان جانتاكەم بەرم، چووم بۆ ژووری كۆپیكردنەكە، ئینجا بۆ تەوالێتەكان، ئینجا بۆ لای بەرزكەرەوەكە - بۆ ئەوەی ئەگەر یەكێكیش تێبینیی جووڵەكانمی كردبێت، لای ئاسایی دەر كەوتبێتن و وا هەستی نەكردبێت خۆم دەدزمەوە.

ئیشكەم شتێكی گەمژانە بوو، چونكە كەس گوێی بە خۆدزینەوەی من نەدەدا. كۆمپانیاكە، كۆمپانیایەكی گەورە بوو، چەندین كارمەندی فرۆشتنی هەبوو، وەك دواتریش ڕوون بووەوە، بەبێ منیش، ئیشی هەر دەڕۆیشت. ئەو ڕۆیشتنەم لە بەرزكەرەوەكەوە بۆ پاركی ئوتومبێلەكان، دوایین كارم بوو وەك كارمەندی ئەو كۆمپانیایە.



Scanned by CamScanner

دوای ئەوە، پەیوەندیم بە هاوسەری پێشوومەوە کرد. لە تەلەفۆنێکی سەر شەقامەوە تەلەفۆنەکەم کرد. لەو کاتەدا، هاوسەرەکەم لە ئیش بوو.

کاتێک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، گوتم، "بۆچی؟"

"چیک؟"

دووبارە پرسیم، "بۆچی؟"

سێ ڕۆژ بوو خۆمم دەخواردەوە، کەچی لەم یەک وشەیە زیاترم پێ نەدەگوترا: "بۆچی؟"

تۆنی دەنگی هاوسەرەکەم نەرم بووەوە، گوتی، "چیک؟"

"تەنانەت هەر بانگیشتان نەکردم!"

"ئەوە بیرۆکەی خۆیان بوو، پێیان وا بوو کە..."

"پێیان وا بوو چی؟ ئاوا سەلامەتترە؟ دەترسان شتێک بکەم؟"

"نازانم..."

"منتان لێ بووە بە ئەژدیها؟ ها؟"

"تۆ ئێستا لەکوێی؟"

"ئاخر من ئەژدیهام؟"

"بەسە، چیک."

"من ئیتر دەڕۆم."

"گوێ بگرە، چیک! کچەکە ئیتر منداڵ نییە، ئەگەر بێت و..."

"ئەی باشە تۆ نەتدەتوانی بەرگریم لێ بکەی؟"

گوێم لە کاسرین بوو هەناسەیەکی قووڵی دایەوە، ئینجا گوتی، "بۆ کوێ دەڕۆی؟"

"تۆ نەتدەتوانی بەرگریم لێ بکەی؟"

"داوای لێبووردن دەکەم، شتەکە لەوە ئاڵۆزترە. پەیوەندیی بە خێزانی کوڕەکەشەوە هەیە، ئەوانیش..."

"ئەی تۆ لەگەڵ کێ ڕۆیشتی بۆ ئەوێ؟"

" چیک!... من ئێستا لە ئیشم، تێدەگەی؟"

لەو ساتەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر هەستم بە تەنیایی کرد. ئەو تەنیاییەش لەوە دەچوو هەموو ناو سییەکانم پڕ بکات و بەشی یەک تۆز هەناسەدانم بۆ بهێڵێتەوە. هیچ شتێک بۆ گوتن نەمابوو، نە لەسەر ئەو بابەتە و نە لەسەر هیچ بابەتێکی دیکە.

بە دەنگی نزم گوتم، "کێشە نییە. من داوای لێبووردن دەکەم."

ماوەیەک هەردووکمان بێدەنگ بووین.

کاسرین پرسیی، "دەڕۆی بۆ کوێ؟"

تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

دوای ئەوە، بۆ دواجار خۆم سەرخۆش کرد. یەکەم جار چوومە یانەیەکی خواردنەوە بە ناوی مستەر تێدز پەب. کابرای سەر بارەکە، کوڕێکی لاوازی دەموچاوخڕ بوو، لەوە دەچوو هەر لە تەمەنی مێردی کچەکەمدا بێت. دوای ئەوەش گەڕامەوە شوقەکەم و تۆزێکی ترم خواردەوە. شەقم لە کەلوپەلەکان هەڵدەدا، لەسەر دیوارەکان دەمنووسی. وا بزانم وێنەکانی ئاهەنگەکەشم خستە ناو تەنەکەخۆڵەکەوە. بەدیاریکراوی نازانم کەی بوو، بەڵام دەوروبەری نیوەشەو بڕیارم دا بڕۆمەوە بۆماڵەوە، مەبەستم *پێپەر ڤیل بیچ*ـە،



Scanned by CamScanner

ئەو شارۆچکەیەی تیایدا گەورە بووبووم. پێپەر ڤیل بیچ بە ئۆتومبێل تەنیا دوو کاتژمێر لە شوقەکەمەوە دوور بوو، بەلام زۆر دەمێک بوو سەردانم نەکردبوو. بە شوقەکەمدا دەهاتم و دەچووم، وا دەسووڕامەوە، وەک ئەوەی خۆم بۆ گەشتەکەم ئامادە بکەم - هەرچەندە گەشتی ماڵئاوایی، پێویستیی بە شتی زۆر نییە. چووم بۆ ژووری خەوتنەکە و دەمانچەیەکم لە چەکمەجەی لای سیسەمەکەوە دەر هێنا.

هەرچۆنێک بێت، بەلەتردانەوە چوومە خوارەوە بۆ گەراجەکە، ئۆتومبێلەکەم لەوێ بوو، دەمانچەکەم خستە داشبۆردەکەوە و چاکەتێکم فڕێ دایە سەر کورسیی دواوە، وا بزانم پێشەوەش بوو، خۆ ڕەنگە چاکەتەکە هەر خۆشی لەوێ بووبێت، نازانم. ئینجا پێم پێوە نا و یەک قریشکەم بە ئۆتومبێلەکە کرد بەرەو سەر شەقامەکە. شار خامۆش بوو، گڵۆپە زەردەکان دەدرەوشانەوە، منیش دەچووم ڕێک لەو شوێنەدا، کە ژیانم تیایدا دەست پێ کردبوو، ژیانم کۆتایی بهێنم. زۆر بەسادەیی، خەریک بووم بەنەزانانە دەگەڕامەوە بۆ لای خودا.

Scanned by CamScanner

بەخۆشـحاڵییەوە لەدایـک بـوونی
چارلـز ئەلێکزانـدەر ڕادەگەیەنیـن

کێش: هەشت پاوەن و یانزە ئۆنس
٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٤٩

لیۆنارد بینێتۆ و پاولین بینێتۆ

Scanned by CamScanner

# له نووسراو و کاغەزەکانی چیک بینتیوە

هـەوا سـارد بـوو، بـاران نمەنمـە دەبـاری، بـەڵام ڕێگەکـە، کـە ڕێگەی خێرا بوو، جەنجاڵ نەبوو، بۆیە هەرچوار سایدەکەیم بەکار دەهێنا و بەدڵی خۆم ئەمبەروئەوبەرم دەکرد. پێشبینی دەکرا – لـە ڕاسـتیدا پێشـت خـۆش دەبـوو – کـە شـۆفێرێکی سەرخۆشـی وەک مـن، لـە شـوێنێکدا پۆلیس هـەر ڕای دەگرێت، بـەڵام کـەس ڕای نەگرتـم. تەنانـەت لـە شـوێنێک، لـە یەکێک لـەو دوکانانـە لام دا، کـە تـا بەیانی کراوەن و کێسـێک بیرەی شەشـیم لـە پیاوێکـی ئاسـیاییی سـمێڵتەنک کـڕی.

پیاوەکە لێی پرسیم، "یانسیبت بۆ دەر چووە؟"

دەمێـک بـوو فێـری ئـەوە بووبـووم، کـە تەنانـەت کاتێکیش زۆر سـەرخۆشـم، ڕوخسـارم ڕێکوپێـک بێـت و بـاش دەر بکـەوم – ئالوودەبوویـەک بـووم و خـۆم وەک کابرایـەک دەر دەخسـت، کە ئاسایی بە پێی خۆی بڕوات، لەبەر ئەوە، خۆم وا نیشـان دا کـە بیر لـە پرسیاری کابـرا دەکەمـەوە.

گوتم، "بەداخەوە، ئەم جارەش بە نسیب نەبوو."

پیاوەکـە بیرەکانـی کـردە زەرفەکـەوە. چـاوم کەوتـە سـەر چـاوە ڕەش و خەواڵووەکانـی. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم، ئەمـە



Scanned by CamScanner

دواییـن دەموچـاوە، کـە لەسـەر ئـەم زەوییـە دەیبینـم.
کابـرا باقییەکـەی بـۆ خسـتمە سـەر مێزەکـە و بـە لەپـی دەسـتی بـۆی نزیـک کردمـەوە.

کاتێـک گەیشـتمە ئـەو تابلۆیـەی لەسـەری نووسـرابوو، *شـارۆچکەی پێپەرفیل بیچ/یـەک میل*، دوو دانـە لـە بیـرەکان بەتاڵ بووبوونـەوە و یەکێکیشیان بە کوشنی سـەکندا ڕژابوو. فلچـەکان جیرەجیرپـان دەهـات. بـەزۆر خـۆم گرتبـوو خـەوم لێ نەکەوێت. لـەوە دەچێت بـەدەم بیرکردنـەوەوە لـەوەی کـە تەنیا یـەک *میلـم* مابـوو بگـەم، خـەوم لـێ کەوتبێـت، چونکـە پـاش کەمێـک، هێمـای شـارۆچکەیەکی تـرم بینـی و بـۆم دەر کەوت کە یوتێرنەکـەم تێپەڕاندووە. کێشـام بە داشـبۆردەکەدا، پاشـان ڕێک لەوێدا، لە ناوەڕاستی ئەو ڕێگە خێرایەدا دەستم شکاندەوە و ڕۆنگسـاید گەڕامـەوە. شـەقامەکە جەنجاڵ نەبـوو، بـەڵام جەنجاڵیـش بووایـە، هـەر دەگەڕامـەوە. پێـم بـە بەنزینـدا نـا و زۆری نەبـرد، پێچێکـی سـەرەولێژ دەر کـەوت. پێچەکـە ڕێگەیەکی لاوەکی بـوو بۆ هاتنەنـاوەی ئۆتومبێل بـۆ شـەقامە سـەرەکییەکە، نـەک بـۆ لادان بـۆ شـارۆچکەکە. بەخێرایـی سـووکانەکەم قەپـات کـرد و بـەرەو پێچەکـە - کـە درێـژ و لۆفاوی بـوو - لێم خـوڕی و خـۆم کرد بە ڕێگە لاوەکییەکـەدا.

لەنـاکاو، دوو لایتـی گـەورە، وەک دوو خـۆری زەبـەلاح، بـە شـەوارەیان خسـتم. هۆڕنـی لۆرییـەک بـەرز بـووەوە و پێکدادانێکـی قـورس ڕووی دا. ئۆتومۆبێلەکـەم بەسـەر قـەراغ شـەقامەکەدا فـڕی و پـاش کەمێـک، بەخراپـی نیشـتەوە و

سەربەرەوخوار خل بووەوە. ئەو ناوە هەمووی شووشە بوو، قووتووە بیرە لەملا و لەولامەوە بەرز دەبوونەوە، بەشپرزەیی سووکانەکەم گرتەوە، ئوتومبێلەکە بەرەو دواوە تەکانی دا، منیش هەڵگەڕامەوە و کەوتە سەر سک. هەرچۆنێک بێت، دەسکی دەرگاکەم دۆزییەوە و قاییم ڕام کێشا. بیرمە تروسکاییی ئاسمانی ڕەش و گیای سەوزم بینی و گوێم لە دەنگێک بوو، کە وەک هەورەگرمە وا بوو: شتێک بوو، هاڕەی کرد.

کاتێک چاوم کردەوە، لەسەر گیای تەڕ پاڵ کەوتبووم. نیوەی ئوتومبێلەکەم کەوتبووە ژێر پلێتی تێکشکاوی ڕیکلامێکی *ئوتومبێلی شۆفرلێت*ەوە - دیار بوو ئوتومبێلەکەم کێشابووی بە ڕیکلامەکەدا و زیانی لێ دابوو. بەپێی یەکێک لەو یاسا سەمەرانەی فیزیاش، پێش ئەوەی ئوتومبێلەکە بیدات بە پلێتەکەدا، من فڕێ درابوومە دەرەوە. لەم شتە تێناگەم! کاتێک دەتەوێت بمریت، نامریت. دە وەرە سەر لەمە دەر بکە؟

لەسەرخۆ و بەئازارەوە هەستامە سەر پێ. پشتم خووسابوو. هەموو گیانم دەینالاند. هێشتا باران نمەنمە دەباری، بەلام کەش ئارام بوو، جگە لە دەنگی سیسرک، گوێم لە هیچی تر نەبوو. بە شێوەیەکی گشتی، لە دۆخێکی ئاوادا دەڵێیت، "بەس نەبوو نەمردم،" بەلام من وام نەگوت، چونکە دڵم بە مانەکەم خۆش نەبوو. سەرم بەرز کردەوە و سەیری ڕێگەکەم کرد. لەناو



Scanned by CamScanner

تەمەکەوە بەئەستەم لۆرییەکەم بینی، کە وەک کەشتییەکی گەورەی قەبە دەر دەکەوت، کە خەریک بێت نووقم ببێت. عەتەرەکەی خوار بووبووەوە و دەتگوت ملی شکێندراوە، هەڵمیش لە بۆنیتەکەیەوە هەڵدەستا. هێشتا یەکێک لە لایتەکانی پێشەوەی ئیشی دەکرد و تیشکە تەنیاکەی بە گردە قوڕاوییەکەدا شۆڕ بووەوە بۆ خوارەوە و شووشە شکاوەکان لەژێریدا وەک ئەڵماس دەبریسکانەوە.

ئەی شۆفێرەکەی کەوتبووە کوێوە؟ زیندوو بوو؟ ئازاری پێ گەیشتبوو؟ خوێنی لێ دەڕۆیشت؟ هەناسەی دەدا؟ بێگومان ئازایەتی ئەوە بوو، بەخێرایی بە گردەکەدا هەڵبگەڕێم و بزانم شۆفێرەکە حاڵی چۆنە، بەڵام لەو ساتەدا ئەو ئازایەتییەم لەکوێ بهێنایە.

لەبەر ئەوە، هیچم نەکرد.

دەستەکانم شۆڕ کردەوە و ڕووم بەرەو خوار وەر گێڕا، ئینجا بەرەو شارۆچکە کۆنەکەی منداڵیم هەنگاوم نا. شانازی بەم ئیشەمەوە ناکەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەقڵ میوانم نەبوو. وەک زۆمبی و ڕۆبۆت شتی وام لێ هاتبوو، خەمی کەسم نەمابوو، تەنانەت خۆشم – ئەوەی ڕاستی بێت، پێش هەموو کەس، خۆم! نە بیری لۆرییەکەم ما، نە ئۆتومبێلەکەی خۆم و نە دەمانچەکەش، هەموویانم بەجێ هێشت. پێڵاوەکانم خرمەخرمیان لە چەوڕێژەکە دەهێنا و گوێم لە سیسرکەکان بوو پێدەکەنین.

***



Scanned by CamScanner

نازانم چەند بە پێ ڕۆیشتم، بەڵام تا ئەو کاتەی بارانەکە خۆشی کردەوە و ئاسمانیش بە یەکەم تیشکەکانی بەرەبەیان ڕووناک بووەوە، بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن. گەیشتمە شوێنێک و بەو تانکییە ئاوە گەورە ژەنگاوییەدا، کە دەکەوتە پشت گۆڕەپانی بەیسبۆڵەکەوە، زانیم قەراغی پێپەر ڤیل بیچە. لە شارۆچکەیەکی بچووکی وادا، هەڵگەڕان بە تانکی ئاودا، بەشێک بوو لە مەراسیمی سەلماندنی گەورەبوون. من و هاوڕێیانی تیپی بەیسبۆڵەکەم، هەموو کۆتاییی هەفتەیەک بۆیاخی سپرامان دەخستە ژێر لاستیکی پانتۆڵەکانمان و بە تانکییە گەورەکەدا هەڵدەگەڕاین.

ئێستاش دووبارە لە بەردەم ئەو تانکیی ئاوەدا وەستابووم: تەڕ و پیر و سەرخۆش و تێکشکاو و ڕەنگە پیاوکوژیش، چونکە هەرگیز شۆفێری لۆرییەکەم نەبینییەوە. ئەمەم بەلاوە گرنگ نەبوو، چونکە ئەو ئیشەش کە دوای ئەوە کردم، هەر ژیرانە نەبوو، ئیشەکەشم ئەوە بوو، کە سوور بووم لەسەر ئەوەی ئەو شەوە دواشەوی ژیانم بێت.

پلەی یەکەمی پەیژەی تانکییەکەم دۆزییەوە و هەڵگەڕام بۆ سەرەوە. زۆری ویست تا گەیشتمە تانکییەکە. کاتێکش دواجار گەیشتم، لەسەر تەختەی قەراغی تانکییەکە بەشەکەتی لێی دانیشتم، بەقورسی هەناسەم دەدا. دەنگێک لە بەشی دواوەی مێشکە شێواوەکەمەوە سەرزەنشتی دەکردم لەسەر ئەوەی ئاوا لەشسووکیی خۆم لەدەست دابوو.

سەیری درەختەکانی خوار خۆممەوە کرد. لەپشتیانەوە



Scanned by CamScanner

ئەو یاریگەی بەیسبۆڵەم بینی، کە تیایدا باوکم فێری یاریی بەیسبۆڵی کردبووم. دیمەنەکەی یادگاریی بیر دەخستمەوە و خەفەتی دەدامێ. باشە بۆچی منداڵی ئاوایە؟ هەرگیز وازت لێ ناهێنێت، تەنانەت کاتێکیش هێندە ڕووخاویت، زەحمەتە باوەڕ بکەیت ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵ بوویت.

ئاسمان خەریک بوو ڕووناک دەبووەوە. دەنگی سیسرکەکان بەرزتر بووبوو. لەناکاو، یادگارییەکی منداڵیی *ماریا*م هاتە پێشچاو، کە لەسەر سنگم خەوی لێ کەوتبوو، هێندە بچووک بوو، دەمتوانی لە سەر یەک قۆڵم بیخەوێنم. پێستی بۆنی بۆدرەی منداڵی لێ دەهات. پاشان دیمەنێکی خۆمم هێنایە بەرچاوم، دیمەنی ئەو ساتەی، تەڕو پیس، خۆم دەکەم بە زەماوەندەکەیدا، مۆسیقاکە دەوەستێت و هەموو بەترسەوە سەیرم دەکەن، *ماریا*ش لە هەموویان زیاتر دەترسێت.

سەرم داخست.

کەس نەبوو، دوای مردنم، بیرم بکات.

دوو هەنگاوی خێرام نا و دەستم بە شیشی محەجەرەکەوە گرت و بەسەریدا خۆم فڕێ دایە خوارەوە.

تێگەیشتن لەوەی دوای ئەوە ڕووی دا، زۆر زەحمەتە. بەر چی کەوتووم و چۆن ڕزگارم بووە؟ نازانم. هەموو ئەوەی لەبیرمە، ئەوەیە سوورێکم خوارد، دەنگی شکانی شتێک هاتە گوێم، شتێک ڕووشاندمی، قلْپ بوومەوە، دواجاریش، شتەکان بە زرمەیەک و دەنگی خشانی شتێک کۆتاییان هات. ئەم

Scanned by CamScanner

جێبرینانەی سەر دەموچاوم؟ وای تێدەگەم بەم شتانە وام لێ هاتبێت. ڕەنگە بەربوونەوەکەم زۆری خایاندبێت.

کە چاوەکانم کردەوە، چواردەورم لقوپۆپی شکاوی درەختەکە بوو. چەو و بەرد بە سک و سنگمدا چووبوون. چەناگەم بەرز کردەوە و ئەمانەم بینی: گۆڕەپانی بەیسبۆڵەکەی منداڵیم لەناو ڕووناکیی ئەو بەیانییەدا، شوێنی دانیشتنی یاریزانە یەدەگەکان، ئەو تەپۆلکەیەی یاریزانەکان تۆپەکەیان لێوە هەڵدەدا، هەروەها دایکم...

کە چەند ساڵێک بوو مردبوو!

Scanned by CamScanner

# ٢

# بەیانی

Scanned by CamScanner

# دایکی چیك

جارێکیان باوکم پێی گوتم، "دەبێ یان کوڕی دایە بی، یان کوڕی بابە، ناکرێ کوڕی هەردووکیان بی."

بۆیە منیش بووم بە کوڕی بابە. لەوەبەدوا، لاسایی ڕۆیشتنەکەی باوکم و پێکەنینە نەرم و بێدەنگەکەیم دەکردەوە، زۆر جاریش دەستکێشێکی بەیسبۆڵم پێ بوو، چونکە باوکم حەزی لە بەیسبۆڵ بوو، هەرکاتێکیش تۆپی بۆ هەڵبدامایە، خێرا دەمگرتەوە، تەنانەت ئەو تۆپانەشم دەگرتەوە، کە باوکم ئەوەندە بەتوندی هەڵی دەدان، کە دەستمیان دەسمی و دەمگوت ئێستا نا ئێستا لە ئازاردا هاوارم لێ بەرز دەبێتەوە.

کاتێک لە قوتابخانە بەر دەبووم، ڕام دەکرد بۆ دوکانی مەیفرۆشییەکەی باوکم، کە لە شەقامی کرافت بوو. بۆ خۆم تا کاتی نانی ئێوارە لەوێ دەمامەوە و بەدەم چاوەڕێکردنی باوکمەوە تا لە کارەکەی تەواو ببێت، لە ژووری گەنجینەکە یاریم بە پاکەتی بەتاڵ دەکرد. دواتر، من و باوکم پێکەوە بە *سۆپەر سیدانە* شینەکەی دەڕۆیشتینەوەماڵەوە. هەندێک جاریش، لە گەراجەکە دادەنیشتین، باوکم جگەرەیەکی *چێستەر فیلدی* دەکێشا و لە ڕادیۆکەوە گوێی لە هەواڵەکان دەگرت.



Scanned by CamScanner

خوشکێکی لە خۆم بچووکترم هەیە، ناوی *ڕۆبێرتا*یە. ئەو سالانە، ڕۆبێرتا بۆ هەموو شوێنێک پێڵاوی پەمەیی سەمای باڵێی لەپێ دەکرد. کاتێکیش هەموو پێکەوە لە چێشتخانەی شارۆچکەکە نانمان دەخوارد، دایکم لەگەڵ خۆی بۆ تەوالێتی *خانمان* ڕای دەکێشا و لەوێ پێڵاوە پەمەییەکانی لەسەر کاشییەکە دەخلیسکان، لەولاشەوە باوکم منی بۆ تەوالێتی *پیاوان* دەبرد. بە بیرکردنەوەی منداڵانەی خۆم، وا تێگەیشتبووم کە ئیتر ژیان بەو شێوەیە شتەکانی دابەش کردبوو: من لەگەڵ باوکم و خوشکەکەم لەگەڵ دایکم، بۆ خانمان، بۆ پیاوان، هیی دایە، هیی بابە.

کوڕی بابە!

کوڕی بابە من بووم و هەتا بەیانیی یەکشەمەیەکی بەهاری ئەو ساڵەی لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بووم - کە بەیانییەکی ساماڵ و گەرم بوو - هەر بە کوڕی بابە مامەوە. ئەو ڕۆژە دوو یاریمان لەگەڵ تیپی کاردینالز هەبوو. کاردینالز بەرگی یەکپۆشیی خووریی سووریان لەبەر دەکرد و لەلایەن *کۆمپانیای کۆنەر بۆ پێداویستیی ئاو و ئاوەڕۆوە* سپۆنسەر دەکران.

کە بە گۆرەوییە درێژەکانمەوە خۆم کرد بە ژووردا، تیشکی خۆر چێشتخانەکەی گەرم کردبوو. دەستمەوە بوون و دایکم لەسەر مێزەکە دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا. دایکم ژنێکی جوان بوو، بەڵام ئەو بەیانییە جوان دەر نەدەکەوت. لێوی خۆی گەست و سەیرێکی ئەولاوەی کرد. بۆنی تۆستی سووتاوم کرد، وام زانی بۆیە پەستە، چونکە تۆستەکەی سووتاندووە.



Scanned by CamScanner

گوتم، "قەینا، شیر و جبسی گەنمەشامی دەخۆم."

قاپێکی قووڵم لە کەوانتەرەکە دەر هێنا.

دایکم قوڕگی پاک کردەوە، "بەساقە، یارییەکەت کەیە؟"

پرسیم، "دایە، سەرمات بووە؟"

دایکم سەری ڕاوەشاند و دەستێکی خستە سەر ڕوومەتی، "یارییەکەت سەعات چەندە؟" شانێکم هەڵتەکاند و گوتم، "نازانم." ئەو کاتە لە کاتژمێرم نەدەزانی و لەدەستم نەدەکرد.

شووشەشیرەکە و پاکەتەجبسەکەم دەر هێنا. زۆر بەخێرایی جبسەکم هەڵڕشتە ناو قاپەکەوە، هەندێک دەنکەجبس لە قاپەکە هاتنە دەرەوە و کەوتنە سەر مێزەکە. دایکم یەکبەیەک هەڵی گرتنەوە و خستنیە لەپی دەستیەوە.

بەچرپە گوتی، "هەرکاتێک بێ، من خۆم دەتبەم."

پرسیم، "ئەی بۆ بابە نامبا؟"

"بابە لێرە نییە."

"ئەی لەکوێیە؟"

دایکم وەڵامی نەدایەوە.

"ئەی کەی دێتەوە؟"

دایکم دەنکەجبسەکانی لە مستیدا توند گوشی. دەنکەجبسەکان خرمەیان کرد و بوون بە خۆڵ.

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئیتر بووم بە کوڕی دایە.

کە دەڵێم دایکە مردووەکەمم بینی، بەڕاستمە. لای شوێنی دانیشتنی یاریزانە یەدەگەکانەوە وەستابوو، چاکەتێکی ئەرخەوانیی لەبەردا بوو، جزدانی پارەکەشی بە دەستەوە بوو. هیچی نەدەگوت، تەنیا سەیری دەکردم و تەواو.



Scanned by CamScanner

هەوڵم دا هەستم و بڕۆم بۆ لای، بەڵام کەوتمەوە سەر زەوی، ماسولکەکانم لە ئازاردا زریکاندیان. مێشکم دەیویست پڕ بە دەنگ ناوی دایکم بهێنم، بەڵام هیچ دەنگێک لە قورگمەوە نەدەهاتە دەرەوە.

سەرم دانەواند و دەستەکانم خستنە سەر یەک، دیسان خۆم بەرز کردەوە و ئەم جارە نیوەم لە زەوییەکە بڕا.

سەرم هەڵبڕی و ڕوانیم.

دایکم لەوێ نەمابوو.

چاوەڕێی ئەوەت لێ ناکەم لەمەیاندا باوەڕم پێ بکەیت. دەزانم شتێکی شێتانەیە، مردوو نابینرێت، مردوو سەردانمان ناکەن. ناکرێت لە عەمبارێکی ئاویی بەرزەوە بەر ببیتەوە و دوای ئەوەی باشترین هەوڵی خۆتت داوە بۆ خۆکوشتن، کەچی پەرجوویەک ڕوو بدات و نەمریت، لەسەرووی ئەوەشەوە، بەچاوی خۆت دایکە مردووە خۆشەویستەکەت ببینیت، کاتێک بە خۆی و جزدانەکەیەوە لەسەر هێڵی سێیەمی یاریگەکە وەستاوە.

وەک چۆن لەوانەیە ئێستا تۆ هەموو هەوڵێکی خۆت بدەیت تا بە ئەقڵ لە شتەکە تێبگەیت، منیش یەکەم جار وام کرد، گوتم تەنیا هاتووەتە بەرچاوم و هیچی تر، خەیاڵێک بووە و تەواو، خەوی سەرخۆشێک بووە، ئیشی مێشکە شێواوەکەم بووە. وەک گوتم، چاوەڕێی ئەوەت لێ ناکەم لەمەدا باوەڕم پێ بکەیت، بەڵام ئەمە ئەوە بوو کە ڕووی دا. دایکم لەوێ دەر کەوت و منیش بە دوو چاوی خۆم بینیم. بۆ ماوەیەکی نادیار لەناو گیاکەدا پاڵ کەوتم، پاشان هەستامە سەرپێ و بەرەبەرە کەوتمە ڕۆیشتن. خۆڵ و پیسیی سەر ئەژنۆ

و قۆڵەکانمم تەکاند. لە چەندین بڕین و ڕووشاویی سەر جەستەمەوە خوێن دەڕۆیشت، زۆربەی بڕاوییەکان بچووک و هەندێکیان گەورە بوون. لە دەممدا، تامی خوێنم دەکرد.

بەسەر پارچەچیمەنێکدا، کە نامۆ نەبوو بە پێیەکانم، هانگاوم نا. بای ئەو بەیانییە درەختەکانی جووڵاند و باوەشێک گەڵای زەردی وەک لێزمەبارانێکی بچکۆلەی خوڕ لەگەڵ خۆیدا هێنا. دوو جار لە هەوڵی خۆکوشتنەکەمدا شکستم هێنابوو. کە عەیب بوو!

بەرەو ماڵە کۆنەکەمان هەنگاوم نا، سوور بووم لەسەر ئەوەی ئیشەکە تەواو بکەم.



Scanned by CamScanner

چارلی گیان، هیوادارم ئەمڕۆ لە قوتابخانە
کاتێکی زۆر خۆش بەسەر بەری.
بۆ نانی نیوەڕۆ دەتبینم و پێکەوە شیرمۆز
دەخۆینەوە.

هەموو ڕۆژێک خۆشم دەوێیت.

دایە

لەناو نووسراو و کاغەزەکانی چیک بینێتۆدا دۆزراوەتەوە،
دەوروبەری ساڵی ١٩٥٤



Scanned by CamScanner

## چۆن دایە، بابەی ناسی

دایکم هەمیشە لەسەر کاغەزی بچووک تێبینیی بۆ دەنووسیم و دەیدامێ. هەرکاتێک دەیگەیاندم بۆ شوێنێک، بەهێواشی دانەیەکی دەخستە مستمەوە. هەرگیز لەمە تێنەدەگەیشتم، چونکە لەجیاتیی ئەوەی کاغەز سەرف بکات و تامی ئەو سیکۆتینە ناخۆشە بکات، کە بە کاغەزی نامەکەوە بوو، دەیتوانی هەر لەوێدا ئەوەم پێ بڵێت، کە دەینووسی.

وا بزانم یەکەم تێبینی کە بۆی نووسیم، هیی یەکەم ڕۆژی دەوامی باخچەی ساوایانم بوو لەساڵی ١٩٥٤دا. وا بزانم پێنج ساڵان بووم. گۆڕەپانی باخچەی ساوایانەکە پڕ بوو لە منداڵ، هەموو ڕاکەڕاک و زریکەزریکیان بوو. من دەستی دایکم گرتبوو، نزیک بووینەوە لە ژنێک، کە بە کڵاوێکی ڕەشەوە منداڵەکانی لە بەردەم مامۆستاکاندا ڕیز دەکرد. دایکەکانی ترم بینی ماچی منداڵەکانیان دەکرد و دەڕۆیشتن. دیارە لەوێدا دەستم کردووە بە گریان.

بۆیە دایکم پرسیی، "چیتە؟"

"مەڕۆ."

"کە هاتیتە دەرەوە، من لێرەدا چاوەڕێت دەکەم."

"نا!"



Scanned by CamScanner

"مەترسە، لێرە دەبم."

"ئەی ئەگەر نەمدۆزیتەوە؟"

"چاوەڕێم بکە."

"ئەی ئەگەر لێم ون بووی؟"

"چارلی گیان، هەرگیز دایکتت لێ ون نابێ."

دایکم زەردەخەنەیەکی کرد. دەستی بە گیرفانی چاکەتەکەیدا کرد و نامەیەکی شینی بچکۆلەی دامێ. گوتی، "ها! ئەگەر زۆر زۆرت بیر کردم، ئەم کاغەزە بکەرەوە."

دایکم دەستەسڕێکی لە جانتاکەی دەر هێنا و چاوەکانی سڕیم، ئینجا بە باوەشێک، ماڵئاواییی لێ کردم. ئێستاش لە بەرچاومە کە پشتاوپشت دەڕۆیشت و ماچی بۆ هەڵدەدام، لێوەکانی بە سووراوی مارکەی ڕیڤۆڵن سوور کردبوو، قژیشی لەسەر تەپڵەسەری تۆپەڵ کردبوو. بەو دەستەم کە نامەکەی هەڵگرتبوو، ماڵئاواییم لێ کرد. وا بزانم دایکم بیری نەمابوو کە من تازە دەچوومە باخچەی ساوایان و خوێندەواریم نەبوو. ئیتر دایکم وا بوو، لای ئەو دڵ شەرت بوو.

لە ساڵی ١٩٤٤دا، دایکم، باوکمی لەسەر دەریاچەی پێپەر ڤیل ناسیبوو. دایکم مەلەی کردبوو، باوکیشم لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەیسبۆڵیان کردبوو، یەکێک لە هاوڕێکانی باوکم ئەوەندە بەقاییمی بە تۆپەکەیدا کێشابوو، تۆپەکە تا ناو ئاوەکە نەوەستابوو. دایکم بەژێرەمەلە چووبوو بۆیان بهێنێتەوە، باوکیشم شلێپ، خۆی فڕێ دابووە ئاوەکەوە. پاش

کەمێک، باوکم بە خۆی و تۆپەکەوە هاتبووە سەر ئاوەکە و لەگەڵ دایکمدا سەریان بەیەکدا کێشابوو.

دایکم هەمیشە دەیگوت، "لەو ڕۆژەوە، من و ئەو پیاوە هەر سەرمان بەیەکدا دەدا."

دڵدارییەکەی دایک و باوکم ماوەکورت و پڕگڕوتین بووە، چونکە کەسایەتیی باوکم ئاوایە، کە دەست دەداتە شتێک، دەبێت تا کۆتایی لەگەڵی بڕوات. ئەو کاتە باوکم کوڕێکی باڵابەرزی تۆکمە بووە، تازە خوێندنی ئامادەییی تەواو کردووە، قژ و پەرچەمەکەی بەبەرزی بۆ سەرەوە هەڵداوەتەوە و کادیلاکە سپی و شینە مۆدێلکۆنەکەی باپیرمی پێ بووە. هەر کە جەنگی جیهانیی دووەمیش دەستی پێ کردووە، خۆی بۆ جەنگ ناونووس کردووە و بە دایکمی گوتووە، "دەمەوێت لە هەموو کەسێکی شارۆچکەکەمان زیاتر لە دوژمن بکوژم." باوکمیان ناردووە بۆ ئیتاڵیا، بۆ باکووری چیاکانی ئەپینایین و پۆ ڤالی لە نزیک بۆلۆنیا. لە یەکێک لە نامەکانیدا، کە لەوێوە ناردوویەتی، داوای هاوسەرگیریی لە دایکم کردووە. نووسیویەتی، "ببە بە هاوسەرم." بەلای منەوە، ئەمە زیاتر لە فەرمان دەچوو، نەک داواکاری. دایکم بە نامەیەک - کە لەسەر کاغەزێکی تایبەتی لەکەتاندروستکراو نووسیبووی - ڕازیبوونی خۆی بە باوکم ڕاگەیاندبوو. کاغەزەکە زۆر گران لەسەر دایکم کەوتبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت، کڕیبووی، چونکە دایکم ڕێزی وشە و ئەو ئامرازەشی دەگرت، کە وشەی دەگواستەوە.

دوو هەفتە دوای ئەوەی باوکم نامەکەی پێ گەیشتبوو، ئەڵمانییەکان بەڵگەنامەی خۆبەدەستەوەدانیان لەگەڵ دوژمن

Scanned by CamScanner

واژۆ کردبوو، ئەوەش مانای وا بوو، باوکم دەگەڕایەوە بۆ نیشتمان.

من وای تێدەگەم، باوکم هەرگیز دەرفەتی ئەوەی پێ نەدرابێت بەدڵی خۆی لە جەنگ تێر ببێت، بۆیە جەنگێکی تایبەتیی لەگەڵ ئێمەدا بەرپا کرد.

باوکم ناوی لیۆنارد بوو، بەڵام هەموو بە لیَن بانگیان دەکرد. دایکیشم ناوی پاولین بوو، ئەویشیان بە پۆزی[1] بانگ دەکرد، وەک ئەو گۆرانییە منداڵانەیەی دەیگوت، "بە گیرفانی پڕ لە پۆزییەوە." دایکم، چاوەکانی گەورە و بادەمی بوون، پێستی نەرمی کرێمی بوو، قژیشی ڕەش و پەخشان بوو، کە زۆربەی کات بەرزی دەکردەوە. خەڵک دەیانگوت لە *ئۆدری هێپ بێرنی* ژنەئەکتەر دەچێت، لەو شارۆچکە بچووکەی ئێمەشدا، کەم بوون ئەو ژنانەی شایانی ئەو جۆرە وەسفە بوون. دایکم زۆری حەز لە ئارایشتکردن بوو – ماسکارا و قەڵەمی چاو و سووراو و هەرچیی تۆ بیڵێیت، ئەو حەزی لێ بوو. لە کاتێکدا زۆربەی خەڵک پێیان وا بوو دایکم "مامەڵەخۆش" و "کراوە و جرپنە،" – دواتریش بە "سەیر" و "کەللەڕەق" وەسفیان دەکرد – بەڵام لای من، بەدرێژاییی منداڵیم، دایکم کەسێکی سەرکونکەر بوو.

پووتە لاستیکەکانم لەپێ کردووە؟ چاکەتەکەمم پێیە؟ ئەرکەکانی قوتابخانەم تەواو کردووە؟ بۆچی پانتۆڵەکەم دڕاوە؟...

هەمیشەش هەڵە ڕێزمانییەکانی بۆ ڕاست دەکردمەوە.

---

١ پۆزی: جۆرە گوڵێکە.

Scanned by CamScanner

من دەمگوت، "ڕۆبێرتا و من دەچین..."
دایکم قسەکەی پێ دەبڕیم و دەیگوت، "من و ڕۆبێرتا..."
"جیمی و من دەمانەوێ..."
دیسان دەیگوت، "من و جیمی..."

لە مێشکی منداڵدا، وێنە و شێوە وەستانێکی دیاریکراوی دایک و باوک هەڵدەکۆڵرێت. ئەو وێنە و وەستانەی دایکم کە لە مێشکی مندا هەڵکۆڵرابوو، وێنەی ژنێکی لێوسوور بوو، کە خۆی بەسەرمدا چەماندبووەوە، پەنجەیەکی هەڕەشەی لێ ڕادەوەشاندم و داوای لێ دەکردم لەوەی هەبووم باشتر بم. وێنە و شێوەی وەستانی باوکیشم هیی پیاوێکی حەواوە بوو، کە شانی دابوو بە دیوارێکەوە و جگەرەیەک بە دەستەوە، ئینجا سەیری دەکردم بزانێت سەرکەوتوو دەبم یان شکست دەهێنم.

ئێستا کە بیر لەو ڕابردووە دەکەمەوە، تازە دەزانم دەبوو زیاتر لەو ڕاستییە تێبگەیشتمایە، کە یەکێکیان ڕووی لە من کردبوو، ئەوی تریشیان ڕووی لێ وەر دەگێڕام، بەڵام من ئەو کاتە منداڵ بووم، منداڵیش چی دەزانێت؟

دایکم فەرەنسییەکی پرۆتستانت بوو، باوکیشم ئیتاڵییەکی کاسۆلیک، کۆبوونەوەی ئەو دووانەش پێکەوە، زیادەڕۆییکردن بوو لە خوا و هەستکردن بە تاوانباری و بەکارهێنانی ساسدا. دایک و باوکم هەمیشە دەمەقاڵێیان بوو، لەسەر منداڵەکان، لەسەر خۆراک، لەسەر ئایین... باوکم وێنەیەکی مەسیحی بە دیواری دەرەوەی تەوالێتەکەوە هەڵدەواسی، بەڵام کە دەچوو بۆ ئیش، دایکم وێنەکەی دەگواستەوە بۆ شوێنێکی باشتر.

Scanned by CamScanner

باوکم دەهاتەوە و هاواری دەکرد، "بۆ خاتری مەسیح! نابێت عیسا لە شوێنی خۆی بجوولێنی!" دایکیشم دەیگوت، "لێن، ئەوە تەنیا وێنەیەکە و هیچی تر. پێت وایە مەسیح حەز دەکا لای تەوالێتەوە هەڵبواسرێ؟"

باوکم هەڵدەستا و وێنەکەی دەخستەوە شوێنی خۆی.

ڕۆژی دواتر، دایکم دیسان شوێنەکەی دەگواستەوە.

ئیتر شتەکە ئاوا بەردەوام دەبوو.

دایک و باوکم تێکەڵەیەک بوون لە کولتوور و پێشینەی جیاواز، ئەو کاتانەش کە سیستمی ماڵی ئێمە دیموکراتی بوو، هێشتا دەنگی باوکم هەر بە دوو دەنگ هەژمار دەکرا.

ئەوە باوکم بوو بڕیاری دەدا بۆ نانی ئێوارە چی دەخۆین، ماڵەکە بە چ ڕەنگێک بۆیاخ دەکەین، مامەڵە لەگەڵ چ بانکێکدا دەکەین و لەسەر تەلەفزیۆنە ڕەش و سپییەکەمان تەماشای چ بەرنامەیەک دەکەین. ئەو ڕۆژەی من لەدایک بووبووم، بە دایکمی گوتبوو، "دەبێ لە کڵێسای کاسۆلیکدا ناو بنرێ." ئیتر هەر بەوە شتەکەی یەکلایی کردبووەوە.

ئەوەی خۆشە، باوکم خۆی کەسێکی دیندار نەبوو. دوای جەنگ، دوکانی مەیفرۆشیی دانا، زیاتر قازانجی لا گرنگ بوو وەک لە ئایین. بۆ منیش، تاکە شت کە دەبوو بیپەرستم، بەیسبۆڵ بوو. تەنانەت پێش ئەوەی پێ بگرم، باوکم تۆپی بەیسبۆڵی بۆ هەڵدەدام، پێش ئەوەی دایکم ڕێم پێ بدات مەقەست بە دەستمەوە بگرم، باوکم داری بەیسبۆڵی دایە دەستم و پێی گوتم کە دەتوانم ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خولی یانە پلەیەکەکاندا یاری بکەم، بەو مەرجەی "بەرنامە"یەکم هەبێت و "پابەند ببم بە بەرنامەکەوە."



Scanned by CamScanner

بێگومـان کاتێـک منداڵیـت، لەسـەر بەرنامەکانـی دایـک و باوکـت دەگیرسـێیتەوە، نـەک بەرنامـەی خـۆت.

هـەر بۆیـە لـە حـەوت ساڵییەوە، بـۆ زانینـی ئەنجامـی یارییەکانی ئەو یانانـەی لـە داهاتوودا دەچوومـە ڕیزەکانیانەوە، چاوم بـە ڕۆژنامەکاندا دەخشـاند. دەستکێشـێکم لـە دوکانەکـەی باوکـم دانابـوو، بـەو هیوایـەی باوکـم تۆزێـک کاتـی هەبێـت و لە پارکی ئوتومبێلەکانـدا تۆپـم بـۆ هەڵبـدات. تەنانـەت هەندێـک جار، بۆ نوێژی یەکشـەممان لـە کڵێسـا، پێڵاوی بەیسـبۆڵم لەپێ دەکـرد، چونکـە ڕێـک دوای خوێندنـی دواسـرورد، دەچوویـن بـۆ یارییەکانـی خولـی بەیسـبۆڵی تازەپێگەیشـتووان. کاتێـک کڵێسـایان بـە "ماڵـی خـودا" نـاو دەبـرد، دەترسـام لـەوەی خـوا پێـی خـۆش نەبێـت کـە بزمارەکانـی پێڵاوەکـەم لـە زەوی ماڵەکـەی هەڵدەچەقن. جارێکیـان هەوڵـم دا لەسـەر نووکـی پێ بوەسـتم، بـەڵام باوکـم بەچرپـە پێـی گوتـم، "ئـەرێ ئـەوە چییـە، بـۆ وا دەکـەی؟" ئیتـر منیـش بەپەلـە قاچـم داگـرت.

دایکـم، بـە پێچەوانـەی باوکمـەوە، هیـچ گرنگییەکـی بـە بەیسـبۆڵ نـەدەدا. ئـەو تاقـە منداڵـی خێزانێکـی هـەژار بـوو، کاتێکیش جەنگ هەڵگیرسـابوو، ناچـار بووبوو واز لـە خوێندن بهێنێـت و دەسـت بـکات بـە ئیش. دایکـم بڕوانامـەی دواناوەندیی لـە قوتابخانەیەکـی ئێـواران بەدەسـت هێنابـوو، دوای ئـەوەش، پەیمانگـەی پەرسـتاریی تـەواو کردبـوو. ئـەو بەرنامانـەی دایکـم لە مێشـکی خۆیدا بـۆ منـی دانابـوون، بریتـی بـوون لـە کتێـب و زانکۆتەواوکـردن و ئـەو دەرگایانـەی دواتـر ئـەو دووانـە بۆیـان دەکردمـەوە. هەمـوو قسـە باشـەکەی لەسـەر بەیسـبۆڵ ئەمـە



Scanned by CamScanner

بوو: "بە هۆی ئەم یارییەوە، هەوایەکی پاک هەڵدەمژیت."

لەگەڵ ئەمەشدا، دایکم دەهات بۆ سەیری یارییەکانم، لە شوێنی تەماشاکەران، بە خۆی و چاویلکە ڕەشە زلەکەیەوە، دادەنیشت - پێشتریش قژی لە ئارایشتگەکەی ناوچەکەی خۆمان جوان ڕێک خستبوو. منیش لەسەر کورسیی یاریزانەکانەوە بەدزییەوە سەیری دایکم دەکرد، بەڵام ئەو چاوی لەسەرم لا دەبرد و سەیری دووری دەکرد، کەچی کە کاتی ئەوە دەهات من تۆپەکە بهاوێژم، دەستی دەکرد بە چەپڵەلێدان و هاواری دەکرد، "ئافەرم! چارلی! ئافەرم،" وا بزانم منیش هەر ئەمەم لا گرنگ بوو. باوکم، هەتا ئەو ڕۆژەی لە دایکم جیا بووەوە، بۆ هەر تیپێک یاریم بکردایە، خۆی ڕاهێنەرم بوو. جارێکیان، لەو ساتەدا کە سەیری دایکمم دەکرد، باوکم بینیمی و بەسەرمدا نەڕاندی، "چیک! چاوت لەسەر تۆپەکە بێ! ئەوێ هیچی لێ نییە بەکەڵکت بێ."

پێم وا بێت دایکم بەشێک نەبوو لە "بەرنامەکە."

لەگەڵ ئەمەشدا، دەتوانم بڵێم دایکمم زۆر خۆش دەویست، هەر وەک چۆن کوڕان دایکیان زۆر خۆش دەوێت و بەهەندیشی وەر ناگرن. دایکم زۆر ئاسان وای کردبوو خۆشم بوێت، چونکە زۆر قسەخۆش و قۆشمەچی بوو، جاری وا هەبوو ئایسکریمی لە دەموچاوی خۆی هەڵدەسوو، تەنیا بۆ ئەوەی بتهێنێتە پێکەنین، یان دەنگی سەیرسەیری دەر دەکرد، وەک دەنگی پاپای، یان لویس ئارمسترۆنگ[1]. کاتێک بە دەنگە گڕەکەی دەیگوت، "شتێک کە لە خۆتدا نەبێت، ناتوانیت

[1] ئارمسترۆنگ: گۆرانیبێژێکی جازی ئەمەریکییە.

بیبەخشیت!" یان ختووکەی دەدام و دەشیهێشت ختووکەی بدەمەوە، ئینجا ئانیشکی دەبردە دواوە و پێدەکەنی. هەموو شەوێک کە دەیبردمە جێگەوە، دەستی بە قژمدا دەهێنا و دەیگوت، "دەی ماچێک بدە بە دایە." پێی دەگوتم کە من زیرەک بووم و زیرەکی دەستکەوتێکی گەورە بوو لەلای، سووریش بوو لەسەر ئەوەی هەموو هەفتەیەک کتێبێک بخوێنمەوە، هەر خۆشی دەیبردم بۆ کتێبخانەکە. هەندێک جار، جلوبەرگی زۆر زەقی لەبەر دەکرد، کە گوێی لە گۆرانییەکەیش دەبوو، لەگەڵیدا دەیگوتەوە، ئەمەیان بێزاری دەکردم. لەگەڵ ئەمانەشدا، هەرگیز - تەنانەت بۆ یەک ساتیش - گومانم لەو متمانەیەی نێوان من و دایکم نەبووە.

بە شێوەیەک، هەرچی دایکم بیگوتایە، باوەڕم پێ دەکرد.

بەهەڵە لێم تێمەگە، دایکم زۆر نەیدەدا بەدەممەوە، بگرە لێشی دەدام و سەرزەنشتی دەکردم و سزاشی دەدام، بەڵام خۆشیشی دەویستم. بەڕاستی خۆشی دەویستم. کە لە جۆلانەیەکیش دەکەوتمە خوارەوە، یان بە پێڵاوی قوڕاوییشەوە دەچوومە سەر کاشییەکان، هەر خۆشی دەویستم. لەو کاتانەشدا کە دەڕشامەوە، یان لووتم ئاوی پێدا دەهاتە خوارەوە، یان ئەژنۆم دەڕووشا و خوێناوی دەبوو، هەر خۆشی دەویستم. لەو کاتانەدا کە هەر جرتوفرتم بوو، لە باشترین و خراپترین کاتەکانمدا، هەر خۆشی دەویستم. بیری خۆشەویستیی دایکم بۆ من، بێبن بوو.

تاکە کەموکورتیی دایکم ئەوە بوو، وای لێ نەدەکردم تێبکۆشم بۆ بەدەستهێنانی ئەو خۆشەویستییەی ئەو.

دەزانی چی، ئەمە بۆچوونی منە: منداڵان بەدوای ئەو



Scanned by CamScanner

خۆشەویستییەوەن، کە خۆیان لێ دەشارێتەوە، بۆ منیش، ئەوە خۆشەویستیی باوکم بوو، کە خۆی لێ دەشاردمەوە. باوکم خۆشەویستییەکەی دەشاردەوە، هەر وەک چۆن کاغەز لە جانتایەکی دیبلۆماسیدا دەشارێتەوە، منیش هەر بۆی دەگەڕام.

چەند ساڵێک دوای مردنی دایکم، دوو لیستم دروست کرد، یەکێکیان بۆ "ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت،" ئەوەی تریشیان بۆ "ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت." ناهاوسەنگیی نێوان ئەم دوو لیستە، زۆر دڵتەنگکەر بوو. باشە بۆچی منداڵان بەهایەکی ئێجگار زۆر بۆ یەکێک لە دایک و باوکیان دادەنێن و بەهایەکی زۆر کەم بۆ ئەوەی تریان؟

دیارە باوکم ڕاستی دەکرد کە دەیگوت، "دەبێ یان کوڕی دایە بی، یان کوڕی بابە، ناکرێ کوڕی هەردووکیان بی." تۆش خۆت بەوەیاندا هەڵدەواسیت، کە پێت وایە خەریکە لەدەستی دەدەیت.



Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

تەمەنم پێنج ساڵە. بەڕێوەین بۆ مارکێتی فانێلی. دراوسێییەکمان، کە ڕۆبی گەرماوی لەبەردایە و لەفی پەمەیی بە قژیەوەیەتی، دەرگا هێڵەکییەکەی ماڵەکەی دەکاتەوە و بانگی دایکم دەکات. لە کاتێکدا دایکم و دراوسێکەمان خەریکی قسەن، من بەپیاسە دوور دەکەومەوە و دەڕۆم بۆ حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەی تەنیشتیان.

لەناکاو - خۆشم نازانم لەکوێوە - سەگێکی جێرمان شێپەرد خۆیم بۆ هەڵدەدات. *عەو عەو عەو!* سەگەکە بە شیشێکەوە بەستراوەتەوە. *عەو عەو عەو!* لەسەر دوو پێ دەوەستێت و خێرا - خێرا گوژم دەخواتەوە پەتەکەی بپسێنێت. *عەو عەو عەو!*

پێچ دەکەمەوە و ڕادەکەم. هاوار دەکەم و دایکم بەهەڵەداوان دێت بۆ لام.

خێرا ئانیشکم دەگرێت و بە دەنگی بەرز لێم دەپرسێت، "چییە؟"

"سەگ."

دایکم هەناسەیەک دەداتەوە، "سەگ؟ کوا؟ لەم ناوەیە؟"

منیش بەدەم گریانەوە سەر دەلەقێنم.



Scanned by CamScanner

دایکم لەگەڵ خۆیدا دەمبات و بە چواردەوری خانووەکەدا دەسووڕێتەوە، تا سەگەکە دەدۆزێتەوە.

سەگەکە دەوەڕێتەوە، *عەو عەو عەو!* من باز دەدەمە دواوە، بەڵام دایکم ڕام دەکێشێتە پێشەوە و خۆشی دەوەڕێت. دایکم ئەوەندە باش دەنگی سەگەکە دەر دەکاتەوە، گوێم لە کەس نەبووە بتوانێت ئاوا لاسایی سەگ بکاتەوە.

سەگەکە خۆی کووڕ دەکاتەوە، دەکەوێتە قرووسکەقرووسک. دایکم ئاوڕم بۆ دەداتەوە و دەڵێت، "چارلی گیان، ئەمانە دەبێ نیشانیان بدەی کێ گەورەی کێیە."

ئەمە لە لیستێکەوە وەر گیراوە، کە لەناو دەفتەرێکدا بووە، دەفتەرەکەش لەناو شتەکانی چیک بینێتۆدا دۆزراوەتەوە.

# چیك دەگەڕێتەوە بۆ
# خانووە کۆنەکەی سەردەمی منداڵیی خۆی

خۆر لـە ئاسـۆوە بـەرز بووبـووەوە و تیشـکەکەی لەنێـوان خانووەکانـی گەڕەکـە کۆنەکەمانـەوە، وەک تۆپێکـی بەیسـبۆڵ، کە لەلاوە هەڵدرابێت، لێی دەدام. دەسـتم خسـتە سـەر ناوچاوانم و نەمهێشـت تیشـکەکە لـە چاوم بدات. لەبـەر ئـەوەی کۆتاییی مانگی یانـزە بـوو، گـەڵای زەرد لەقـەراغ شۆسـتەکان کەڵەکـە بووبـوون – گـەڵاکان زیاتـر بـوون لـەوەی لـە پاییزەکانـی منداڵیمدا لـەوێ دەمبینین – ئاسـمانیش، بـە بـەراورد بـەو کاتـە، کەمتر دیار بوو. کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ لـە ماڵـە کۆنەکـەت دادەبڕێیت و دواتـر دەیبینیتـەوە، یەکـەم شـت تێبینیـی دەکەیت، ئەوەیـە کـە ئایـا درەختـەکان لـە چـواردەوری یادەوەرییەکانـت چەنـدە گـەورە بـوون.

*پێپەر ڤیل بیچ*، دەزانیت ئـەو نـاوە لـە چییـەوە هاتـووە؟ شـتەکە تۆزێک عەیبیشـە. چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەر، بازرگانێک چەندین مەتر لمی لـەو نـاوە بڵاو کـردەوە، چونکـە پێـی وا بـوو ئەگـەر کەناردەریایەکمـان هەبێـت، شـارۆچکەکەمان دڵگیرتـر دەبێت، بەڵام کێشـەکە ئەوە بـوو، لـە بنەڕەتدا دەریامـان نەبـوو.



Scanned by CamScanner

ئەو بازرگانە بوو بە ئەندام لە *ژووری بازرگانیـ*دا و تەنانەت ناوی شارۆچکەکەشی گۆڕی و لە *پیپەر ڤیل لەیکـ*ـەوە کردی بە *پیپەر ڤیل بیچ*[1]. کەناردەریاکەمـان جۆلانـە و خلیسکێنەی لێ بوو، تەنها جێی نزیکەی دوانـزە خێزانیش دەبووەوە، لەوە زیاتر بووینایە، دەکەوتینە سـەر خاولیی کەسێکی تر. کە منداڵ بـووم، شـتەکە وەک نوکتـەی لـێ هاتبـوو، دەمانگـوت، "نایـەی بچیـن بـۆ کەناردەریاکـە؟" یـان "ئەمـڕۆ ڕۆژی چوونەسـەر کەناردەریایـە." دەمانزانـی کـەس بەمـە هەڵناخەڵەتێت.

بـە هـەر حـاڵ، ماڵەکەمـان نزیـک دەریاچەکـە بـوو - با بڵێـم کەناردەریاکـە - دوای مردنـی دایکـم، مـن و خوشـکەکەم خانووەکەمـان وەک خـۆی هێشـتەوە، چونکـە وا بزانـم هیـوادار بووین ڕۆژێک لـە ڕۆژان شـتێکمان بـۆ بکات. لـە ڕاستیدا، دڵم نەدەهـات بیفرۆشـم.

بەرەو خانووەکە ڕۆیشـتم و وەک ئـەوەی لەدەسـت پۆلیس ڕام کردبێت، خـۆم چەماندبـووەوە. شـوێنی ڕووداوەکـەم بەجێ هێشـبوو، بەدڵنیاییشـەوە تـا ئێسـتا یەکێـک ئۆتومۆبێلەکـەی من و لۆرییەکـە و پلێتـی ڕیکلامـە شـکاوەکە و دەمانچەکـەی بینیبوو. هەمـوو گیانـم ژانـی دەکـرد، هەندێـک لـە برینداریی‌ەکانـم خوێنیان لـێ دەڕۆیشـت و هێشـتا نیمچەسـەرخۆش بـووم. چاوەڕێـی ئـەوە بـووم لـە هـەر ئانوسـاتێکدا بێـت، گوێـم لـە لـوورەی ئۆتومبێلەکانـی پۆلیس بێـت - هەمـوو ئەمانـە هۆکارگەلی زیاتر بوون، بۆ ئـەوەی تـا زووە، یەکـەم شـت خـۆم بکـوژم.

بەخواروخێچـی، بەسـەر پلیکانەکانـی هەیوانـی پێشـەوەدا

---

١ لـە زمانـی ئینگلیزیدا، *لەیک* Lake بـە واتـای *دەریاچە* دێت و بیچ Beach بە واتای *کەناردەریا* دێت.

سەر کەوتم. ئەو کلیلەم دۆزییەوە، کە لەژێر بەردێکی دەستکرددا، لەناو ئینجانەیەکدا شاردبوومانەوە - ئەمە بیرۆکەی خوشکەکەم بوو. لەسەر شانمەوە سەیری ئەملا و ئەولای خۆمم کرد، هیچ دیار نەبوو، نە پۆلیس، نە خەڵک، نە هیچ ئۆتومبێلێک- پاڵم بە دەرگاکەوە نا و چوومە ژوورەوە.

ماڵەکە بۆنشێی لێ دەهات. بۆنێکی شیرینی شامپۆی فەرشپاککەرەوەش بەکەمی دەهات - هەر وەک ئەوەی یەکێک - ڕەنگە ئەو ئیشکەرەی بە کرێمان گرتبوو - تازە ماڵەکەی سڕیبێتەوە. بەلای کەنتۆری ڕاڕەوەکە و ئەو محەجەرەیەی بەمنداڵی بەخلیسکێنە پیایدا دەهاتینە خوارەوە، ڕۆیشتم. چوومە چێشتخانەکەوە، هەمان زەوییە کاشییە کۆنەکە و کەوانتەرە دارگێلاسەکەی جارانی لێ بوو. بەفرگرەکەم کردەوە و بۆ خواردنەوەیەکی کهولی گەڕام، ئەم کارە لەلام بووبوو بە شتێک، کە بەبێ بیرکردنەوە دەمکرد.

کشامە دواوە.

بەفرگرەکە خۆراکی تێدا بوو. قاپی پلاستیکیی خۆراکهەڵگرتن لە مارکەی *تەپەروێر* و بەرماوەی لازانیا و شیری بێچەوری و شەربەتی سێو و ماستی تووترک و ئەو شتانەی تێدا بوو. بۆ ساتێک بیرم لەوە کردەوە، کە تۆ بڵێیت لە باجی ئەوەدا، کە ئێمە ئەو ماوە درێژە خانووەکەمان پشتگوێ خستووە، کەسێک لەوانەی خانووی چۆڵ داگیر دەکەن، خانووەکەی داگیر نەکردبێت و نەیکردبێت بە ماڵی خۆی.

خانەیەکی کەوانتەرەکەم کردەوە، چایی لیپتۆن و بتڵێک

شـەرابی سـانکای تێـدا بـوو. دانەیەکـی تـرم کـردەوە، چای و خوێی مۆرتـۆن و پاپریـکا و ئۆریگانـۆی تێـدا بـوو. قاپێکم لەنـاو سینکەکەدا بینـی، لەژێـر بلّقـی کەفـدا، خەریـک بـوو دەخووسایەوە. بـەرزم کردەوە و نزمـم کـردەوە، وەک ئـەوەی بمەوێـت بیخەمـەوە جێـی خـۆی.

لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێک بوو.

دەنگەکە لە سەرەوە هات.

"چارلی؟"

جارێکی تر دەنگەکە هاتەوە.

" چارلی؟"

خۆی بوو، دەنگی دایکم بوو.

بە پەنجـەی تـەڕ و کەفاوییـەوە، لـە دەرگای چێشـتخانەکەوە ڕام کردە حەوشـە.

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

تەمەنم شەش ساڵە و جەژنی هالۆوینە. قوتابخانەکەمان نمایشی ساڵانەی هالۆوینی خۆی ساز دەکات. منداڵەکان بەرێپێوان بەناو چەند کۆڵانێکی گەڕەکەکەدا دەڕۆن.

باوکم دەڵێت، "دە بەرگێکی هالۆوینی بۆ بکڕە و ببڕێتەوە. بە پێنج دۆلار و دە سەنتە."

نەخێێێر! لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەم نمایشمە، دایکم بڕیار دەدات خۆی بەرگێکم بۆ دروست بکات، بەرگی کەسێکی مۆمیاکراو، کە لای من، خۆشەویستترین کەسایەتیی ترسناکە.

دایکم پەڕۆشرەی سپی و خاولیی کۆن دەبڕێت، تێوەمیان دەپێچێت و بە دەرزی سنجاق توندیان دەکات، پاشان چینێک دەستەسڕی تەوالێتم بە لەزگە تێوە دەپێچێت. کارەکە زۆری پێ دەچێت، بەڵام کە تەواو دەبێت، لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆم دەکەم، ڕێک کەسێکی مۆمیاکراوم. شانەکانم بەرز دەکەمەوە و خۆم بۆ پێشەوە و بۆ دواوە با دەدەم.

دایکم دەڵێت، "وییی! زۆر ترسناکی!"

دایکم بە ئۆتومبێل دەمگەیەنێتە قوتابخانە. لەوێ، لەگەڵ منداڵەکانی تر دەست دەکەین بە نمایش و ڕێڕۆیشتنەکەمان.

تا زیاتر بڕۆم، پەڕۆکانی بەرم شلتر دەبنەوە. دوو کۆڵان



Scanned by CamScanner

دەڕۆیـن و بـاران دادەکات. کاتێـک دەزانـم دەستەسڕی تەوالێتـەکان تواونەتـەوە و پارچەپەڕۆکانیـش هاتوونەتـە خوارەوە. پاش کەمێک پەڕۆکان تا سەر قولەپێ و مەچەک و ملم دێن و فانیلە و بیجامەکەم دەر دەکەون - دایکم لای باش بوو لە ژێرەوە ئەوانەم لەبەردا بێت.

منداڵەکانی تر دەزیقێنن، "سەیری چارلی بکەن!"

هەموو پێدەکەنن و منیش سوور هەڵدەگەڕێم. دەمەوێت بە ناخی زەویدا ڕۆ بچم، بەڵام لە ناوەڕاستی نماییشدا بۆ کوێ ڕادەکەیت؟

دەگەینەوە گۆڕەپانی قوتابخانەکە، لەوێ دایک و باوکەکان بە کامێراوە چاوەڕێن، من بەتەواوی بووم بە یەک تۆپەڵی تەڕ و شلوپل لە پەڕۆشڕە و پارچەدەستەسڕی تەوالێت. یەکەم جار دایکم دەبینم، ئینجا ئەویش دەمدۆزێتەوە و دەست بە دەمیەوە دەگرێت. دەست دەکەم بە گریان و بەهاوارەوە پێی دەڵێم، "تۆ ژیانی منت وێران کرد!"

"چارلی؟"

کاتێک لە هەیوانی پشتەوە خۆم شاردبووەوە، یەکەم شت بیرم بێت، ئەوە بوو کە زۆر بەئاسانی هەناسەم لەبەر بڕا. یەک چرکە پێش ئەوەی دایکم بانگم بکات، لای بەفرگرەکەوە بووم و بەئەستەم جووڵەم بۆ دەکرا، چرکەی دوای ئەوەش، دڵم هێندە خێرا لێی دەدا، لەو باوەڕەدا بووم هیچ بڕەئۆکسجینێک هاوسەنگی ناکاتەوە. دەلەرزیم. پەنجەرەی چێشتخانەکە لەپشتمەوە بوو، بەڵام نەمدەوێرا لەوێوە سەیری ژوورەوە بکەم. پێشتر دایکە مردووەکەمم بینیبوو، ئێستاش گوێم لە دەنگی بووبوو. لە پێشوودا، جاری تر ئەندامی جەستەم شکابوون، بەڵام ئەوە بۆ یەکەم جار بوو ترسی ئەوەم هەبێت زیان بە مێشکم گەیشتبێت.

لە جێی خۆم وەستابووم و سییەکانم بەرزونزمیان دەکرد، چاوەکانیشم بڕیبوونە زەوییەکەی بەردەمم. بەمنداڵی، بەو زەوییەمان دەگوت *حەوشەی پشتەوە*، بەڵام ئێستا لە چوارگۆشەیەک چیمەن زیاتر نەبوو. بیرم لەوە کردەوە، لەوێوە بپەڕمەوە بۆ ماڵی دراوسێیەکمان.

دەرگاکە کرایەوە.

دایکم هاتە دەرەوە.

دایکم!



Scanned by CamScanner

ڕێک لەوێدا، لە هەیوانەکەدا وەستابوو.
ڕووی تێ کردم و گوتی، "چی دەکەی لێرە؟ ساردە."

بازێکم دا، کە ئێستا نازانم چۆن ڕوونی بکەمەوە. وەک ئەوە وا بوو خۆت لە هەسارەی زەوییەوە فڕێ بدەیتە خوارەوە. کۆمەڵێک شت هەن، دەیانزانیت؛ کۆمەڵێکیش هەن، ڕوو دەدەن. کاتێکیش ئەو دوو کۆمەڵە شتە لەگەڵ یەکدا نایەنەوە، دەکەویتە نێوان دوو بژاردەوە. دایکم بەزیندوویی لە بەردەمی خۆمدا بینی و گوێشم لە دەنگی بوو، ناوی هێنام و گوتی "چارلی." لەم دونیایەدا، دایکم تاکە کەس بوو بەو ناوەوە بانگی دەکردم.

وڕێنەم دەکرد؟ بەرەو ڕووی بچوومایە؟ بلّق بوو، دەتەقی؟ بەڕاستی، لەو ساتەدا وام هەست دەکرد کە چوارپەلەکانم هی کەسێکی ترن.

"چارلی؟ چی بووە؟ هەموو گیانت بریندارە."

دایکم پانتۆڵێکی فشی شین و بلووزێکی سپیی لەبەردا بوو – دایکم هەمیشە لە بەیانیی زووەوە خۆی جوان دەگۆڕی – هیچ بەتەمەنتریش دیار نەبوو لەچاو دوایین جار کە بینیبووم، کە لە جەژنی لەدایکبوونی حەفتاونۆ ساڵەیدا بوو، ئەو چاویلکە چاوارچێوە سوورەشی لەچاودا بوو، کە بەدیاری بۆی هاتبوو. دایکم دەستی بەرز کردەوە و بە چاو ئاماژەی بۆ کردم بچم بۆ لای، منیش نازانم چاویلکەکەی چاوی بوو، پێستی بوو، قژی بوو، شێوازی کردنەوەی دەرگاکەی پشتەوە بوو – کە وەک ئەو کاتانە وا بوو، کە تۆپی تێنسم لە سەربانی خانووەکەمانەوە فڕێ دەدایە

خوارەوە - نازانم، بەڵام شتێک لە ناخمدا توایەوە، هەر وەک ئەوەی دەموچاوی دایکم گەرمی بداتەوە. گەرمییەکە بە پشتم و پووزمدا هاتە خوارەوە. شتێک لە ناوەوەمدا شکا، گوێم لە دەنگەکەی بوو، کە بوو بە دوو کەرتەوە، ئەو شتەش، سنووری نێوان باوەڕکردن و باوەڕنەکردن بوو.

خۆم دا بەدەستەوە.

خۆم لە هەسارەکەوە فڕێ دایە خوارەوە!

دایکم گوتی، "چارلی؟ چی بووە؟"

ئەوەم کرد، کە تۆش بوویتایە دەتکرد.

بە جۆرێک باوەشم بە دایکمدا کرد، وەک ئەوەی بەنیاز بم ئیتر بەری نەدەم.

Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

تەمەنم هەشت ساڵە. ئەرکێکی قوتابخانەم دراوەتێ، ئەرکەکەش ئەوەیە لە بەردەم قوتابییەکانی پۆلەکەمدا بە دەنگی بەرز وەڵامی پرسیاری *دەنگدانەوە چۆن دروست دەبێت؟* بدەمەوە.

دوای قوتابخانە، لە دوکانی مەیفرۆشییەکە، لە باوکم دەپرسم دەنگدانەوە چۆن دروست دەبێت؟ باوکم لە ڕاڕەوەکەدا چەمیوەتەوە و بە قەڵەم و کاغەز لە فایلێکدا ژمارەی کاڵاکانی ناو دوکانەکە تۆمار دەکات.

" نازانم، چیک، وەک فیشەک وایە، کاتێک بەر شتێکی تەخت دەکەوێ و دەگەڕێتەوە."

"ئەی لە ناوچە شاخاوییەکان ڕوو نادا؟"

باوکم بەدەم ژماردنی بتڵە مەییەکانەوە دەپرسێت، "ها؟"

"لە ماوەی جەنگدا، قەت لە ناوچەی شاخاوی نەبووی؟"

باوکم نیگایەکم تێ دەگرێت، "ئێستا تۆ بۆ پرسیاری شتی وام لێ دەکەی؟"

ئینجا ڕووی وەر دەگێڕێتەوە سەر فایلەکەی.

ئەو شەوە لە دایکم دەپرسم، دەنگدانەوە چۆن دروست دەبێت؟ ئەویش فەرهەنگەکە دەهێنێت و پێکەوە لە کتێبخانەکە



Scanned by CamScanner

دادەنیشین.

باوکم هاواری لێ دەکات، "با بۆ خۆی بیدۆزێتەوە."

دایکم دەڵێت، "لێن، بۆم هەیە بۆی ڕوون بکەمەوە."

دایکم یەک کاتژمێر لەگەڵمدا خەریک دەبێت. منیش هەموو دێڕەکان لەبەر دەکەم. لە بەردەم دایکمدا دەوەستم و مەشق لەسەر کارەکەم دەکەم.

دایکم لێم دەپرسێت، "دەنگدانەوە چۆن دروست دەبێ؟"

وەڵام دەدەمەوە، "بەردەوامبوونی دەنگ دوای وەستانی سەرچاوەکەی."

"چی پێویستە بۆ ئەوەی دەنگدانەوە دروست ببێ؟"

"دەبێ دەنگەکە بەر شتێک بکەوێ و بگەڕێتەوە."

"کەی دەتوانی گوێت لە دەنگدانەوە ببێ؟"

"کاتێک دەوروبەر کپ و خامۆشە."

دایکم زەردەخەنەیەک دەکات، "زۆر باشە!" ئینجا دەڵێت، "دەنگدانەوە" و دەستی دەخاتە سەر دەمی، سێ جاریش بەمنگەمنگ دەڵێت، "دەنگدانەوە، دەنگدانەوە، دەنگدانەوە."

خوشکەکەم، کە لەوێدا وەستاوە و سەیرمان دەکات، پەنجە بۆ دایکم ڕادەکێشێت و دەڵێت، "ئەوە دایکمە قسە دەکا! چاوم لێیەتی!"

باوکم تەلەڤزیۆنەکە هەڵدەکات و دەڵێت، "بە خوا کاتکوشتنێکی چاکە."

# ئاوازەکە دەگۆڕێت

گۆرانیی "دەکرێ ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێ بۆ تۆ"ت لەبیرە؟ گۆرانییەکی خێرای شاد بوو، زۆر کاتیش پیاوێک بە قاتێکی تەکسیدۆوە لە بەردەم تیپێکی مۆسیقادا دەیگوت. گۆرانییەکە ئاوا بوو:

لەسەر شەقامێک پیاسە دەکەی، یان لە ئاهەنگێکی،
یان بەتەنیای، لەناکاو دڵەیەک دات دەگرێ،
سەیری ناو چاوی کەسێک دەکەی و لەو ساتەدا تێدەگەی
دەکرێ ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێ بۆ تۆ!

دایکم زۆر حەزی لەو گۆرانییە بوو. لێم مەپرسە بۆ. لە پەنجاکاندا، لە سەرەتای بەرنامەی *زە ستێڤ ئالان شۆ*دا لێدەدرا. من ئەو بەرنامەیەم وەک بەرنامەیەکی ڕەش و سپی لە خەیاڵدایە، هەرچەندە ئەو ڕۆژگارە لەوە دەچوو هەموو شتێک ڕەش و سپی بێت. بە هەرحاڵ، دایکم لای وا بوو ئەو گۆرانییە "باو"ی بوو، دەیگوت - "ئێستا، باو، باوی ئەم گۆرانییەیە!" - هەرجارێک گۆرانییەکە لە ڕادیۆ لێبدرایە، دایکم وەک ئەوەی خۆی تیپی مۆسیقاکە ببات بەڕێوە،



Scanned by CamScanner

دەستی دەکرد بە چەقەنەلێدان. قەوانیکمان هەبوو، سالێکیان دایکم، لە جەژنی لەدایکبوونیدا، ئەلبوومێکی *بۆبی دارینی* بۆ هات. بۆبی دارین لە ئەلبوومەکەیدا ئەو گۆرانییەی گوتبووەوە و دایکم هەموو ئێوارەیەک، دوای نانخواردن، بەدەم قاپشتنەوە گوێی لێ دەگرت - ئەمە ئەو کاتەی کە هێشتا باوکم لەگەڵماندا بوو. باوکیشم ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، دایکم دەچوو بۆ لای و وەک تەپڵ دەیکێشا بە شانەکانیدا و گۆرانییەکەی دەگوت، "دەکرێ ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێ بۆ تۆ." باوکم هەر سەریشی هەڵنەدەبڕی. دایکم دوای ئەوە دەهات و هەر وەک ئەوەی لەسەر سینگم تەپڵ لێبدات، گۆرانییەکەی دەگوتەوە:

لە *توێنتی وەن* نان دەخۆی و پارێز دەکەی،
لەجیاتیی شیرینیی شارلۆت ڕوس، هەنجیرێک دەخۆی،
دواتر، کوڕ و کچێک پەیدا دەبن،
دەکرێ ئەمەش سەرەتای شتێکی گەورە بێ.

دەمویست پێبکەنم - بەتایبەت کە دەیگوت "هەنجیر،" بەڵام لەبەر ئەوەی باوکم بەشداریی نەدەکرد، هەستم دەکرد پێکەنینی من لەو ساتەدا، ناپاکیکردن بوو لە باوکم. دواتر دایکم ختووکەی دەدام و منیش خۆم پێنەدەگیرا.

دایکم دەیگوت، "دەکرێت ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێ... کوڕە گەورەکەم، کوڕە گەورەکەم، کوڕە گەورەکەم، کوڕە گەورەکەم."

هەموو شەوێک، دایکم ئەو گۆرانییەی لێدەدا، بەڵام

هەر کە باوکم ماڵی بەجێ هێشت، ئیدی ئەوەی نەکردەوە. ئەلبوومەکەی بۆبی دارین لەسەر ڕەفەکە مایەوە و قەوانەکە خۆڵی لێ نیشت. یەکەم جار، وام زانی زەوقی هونەریی دایکم گۆڕاوە - هەر وەک چۆن ئێمە، کە منداڵ بووین، دەمێک پێمان وا بوو *جۆنی ڕەی* گۆرانیبێژێکی باشە و دواتر دەمانگوت *جین ڤینسنت* باشترە - بەڵام دواتر تێگەیشتم، کە دایکم نەیدەویست بیری بێتەوە چۆن "شتە گەورە"کەی ئەو هەرگیز نەهاتە دی.

# له ماڵەوە، له قافدا گیراین

مێزی نانخواردنی ماڵەکەمان خڕ بوو، لە داربەڕووش دروست کرابوو. پاشنیوەڕۆیەکیان من و خوشکەکەم - کە ئەو کاتە هەردووکمان لە قۆناغی سەرەتایی بووین - ناوی خۆمانمان بە چەقۆی گۆشتبڕین لەسەر مێزەکە هەڵکۆڵی. هێشتا تەواو نەبووبووین، لەناکاو گوێمان لێ بوو دەرگاکە کرایەوە. دایکمان بوو، لە ئیش هاتبووەوە. ئێمەش خێرا چەقۆکانمان فڕێ دایەوە ناو چەکمەجەی کەوانتەرەکەوە. خوشکەکەم بەدوای گەورەترین شتدا گەڕا - کە نیوگالۆن شەربەتی سێو بوو - دۆزییەوە و هێنای، زرم لەسەر مێزەکە دای نا. وا دیارە دایکم بە بەرگی پەرستارییەکەی و ئەو هەموو گۆڤارەی بنهەنگڵیەوە خۆی کردووە بە ژووردا، ئێمە زۆر بەخێرایی گوتوومانە "چۆنی دایە،" چونکە دایکم یەکسەر کەوتە گومانەوە. دەتوانیت یەکسەر بە دەموچاویدا تێبگەیت کە دەیەوێت بڵێت، "ها منداڵینە، چیتان کردووە؟" ڕەنگە هیی ئەوەش بووبێت کە بەو کاتژمێر پێنج و نیوی پاشنیوەڕۆیە، لەمسەر و ئەوسەری مێزێک دانیشتبووین و لە نیوگالۆن شەربەتی سێو زیاتر، هیچی تر لەسەر مێزەکە نەبوو.

بە هەرحاڵ، دایکم بەبێ ئەوەی گۆڤارەکانی دەستی دابنێت،



Scanned by CamScanner

پاڵێکی بە گاڵۆنە شەربەتەکەوە نا و *چارڵ* و *ڕۆبێرە*کەی بینی - هەر فریای ئەوەندە کەوتبووین - ئینجا دەنگێکی لێ بەرز بووەوە، دەنگێک، وەک گوتبێتی ئاااخ. ئینجا زریکاندی، "بە خوا جوانە، زۆر جوانە!" دایکم وای گوت و منیش بەو ئەقڵە منداڵانەیەی خۆم، وا لێکم دایەوە کە دیارە ئیشەکەمان زۆر خراپ نییە. ئێ *جوان* واتا *جوان*، وا نییە؟

ئەو کاتە باوکم لە دەرەوەی شار بوو، دایکیشم بە تووڕەبوونی باوکمان دەیترساندین. ئەو ئێوارەیە، لە کاتێکدا دانیشتبووین کفتەبەهێلکەمان دەخوارد - خۆراکێک، کە دایکم چۆنێتیی دروستکردنەکەی لە شوێنێکدا خوێندبووەوە، ڕەنگە لە یەکێک لەو گۆڤارانەی پێی بوون - من و خوشکەکەم هەر بە لاچاو سەیری کەتنەکەی خۆمانمان دەکرد لەسەر مێزەکە.

دایکم گوتی، "دەزانن، بەتەواوی مێزەکەتان سەقەت کردووە؟"

لەژێر لێوەوە گوتمان، "بمانبوورە."

"ئینجا دەکرا بەو چەقۆیانە پەنجەی خۆشتان بقرتاندایە!"

هەردووکمان، سەرزەنشتکراو، لەوێدا دانیشتبووین و سەرمان لەو ڕادەیەی پەشیمانی ڕێی پێ دەداین، زیاتر بەرز نەدەکردەوە، کەچی هەردوومان بیرمان لە هەمان شت دەکردەوە، بەڵام خوشکەکەم بوو کە غیرەت گرتی و گوتی، "باشتر نییە تەواوی بکەین؟ بۆ ئەوەی هیچ نەبێت، ناوەکانمان ڕاست دەر بچن."

بۆ ساتێک هەناسەم لەبەر بڕا، حەپەسابووم لە چاوقایمیی خوشکەکەم. دایکم نیگایەکی تیژی وەک خەنجەری تێ گرت، ئینجا دایە قاقای پێکەنین. خوشکەکەشم دایە پێکەنین و منیش

یەک تۆپەڵ کفتە لە دەممەوە دەرپەڕی.

ناوەکانمان تەواو نەکرد و هەمیشە بە *چارلز* و *ڕۆبێر* بەسەر مێزەکەوە مانەوە. بێگومان کە باوکم هاتەوە، کردی بە هەرا، بەڵام ڕەنگە بەدرێژاییی ئەو چەند ساڵە - ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی من و خوشکەکەم، *پێپەر ڤیل* بیچمان بەجێ هێشتبوو - دایکم پێی خۆش بووبێت کە دوو وشەمان لەدوای خۆمان لەو ماڵە بەجێ هێشت، هەرچەندە چەند پیتێکیشیان کەم بوون.

ئێستا لای مێزی نانخواردنەکەوە دانیشتبووم و دەمتوانی ناوەکان ببینم، ئینجا دایکم – یان تارماییەکەی، یان هەرشتێک کە بووبێت – لە ژوورەکەی ترەوە بە شووشەیەک دیتۆڵ و لەفافێکەوە هات بۆ لام. بینیم دیتۆڵەکەی بە لەفافەکەدا کرد، ئینجا دەستی هێنا بۆ قۆڵم و وەک منداڵێک لە جۆلانە کەوتبێتە خوارەوە، قۆڵی کراسەکەمی هەڵکرد. دەزانم بیر لە چی دەکەیتەوە: بۆچی هاوارت نەکرد و باسی بێماناییی ئەو دۆخە سەیرەت نەکرد، بۆچی ئەو ڕاستییانەت نەگوت، کە دەیسەلمێنن هەموو ئەم شتانەی ڕوو دەدەن مەحاڵن، یەکەمیشیان ئەمەیە، "دایە، تۆ مردوویت؟"

تەنیا دەتوانم ئەم وەڵامەت بدەمەوە: ئێستا کە بەسەرهاتەکە دەگێڕمەوە، چۆن بۆ تۆ ئاساییە و دەتوانیت ئەو شتانە بڵێیت، بۆ منیش وایە، بەڵام ئەو ساتە وا نەبوو. ئەوەندە حەپەسابووم بە دووبارەبینینەوەی دایکم، هێنانەوەی شتەکان بۆ شوێنی خۆیان، لای من مەحاڵ بوو. وەک خەو وا بوو، ڕەنگە بەشێکیش لە من وای هەست



Scanned by CamScanner

کردبیت خەو دەبینم، نازانم. تۆ ئەگەر دایکت نەماوە، ئایا دەتوانیت بیهێنیتەوە پێشچاوی خۆت، کە دووبارە دایکت لە بەردەمتدا بێت و هێندە لێتەوە نزیک بێت، بتوانیت دەستی لێ بدەیت، بتوانیت بۆنی بکەیت؟ من دەمزانی دایکمان ناشتبوو. پرسەکەیم بیر بوو، تەنانەت لەبیرم بوو کە وەک نیشانەی ماڵئاواییلێکردن، خاکەنازێک خۆڵم هەڵدایەسەر تابووتەکەشی.

بەڵام نازانم ئەوە چۆن ڕوون بکەمەوە، کە دایکم بەرامبەرم دانیشتبوو و بە لەفافەکە قۆڵم و دەموچاوی دەسڕیم و بە بینینی برینەکانم، ڕووی گرژ دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت، "خۆتت دیوە، ڕۆڵە!" ئەو دیمەنە نەیدەهێشت هیچ بەرهەڵستییەک لەبەرامبەر دۆخەکەدا نیشان بدەم. دەمێک بوو کەس نەیویستبوو هێندە لێم نزیک ببێتەوە، ئەو نەرمییەم نیشان دا، کە پێویست بوو بۆ هەڵکردنی قۆڵی کراسێک. دایکم بایەخی پێ دەدام، منی لەلا گرنگ بوو. لە کاتێکدا من هێندە ڕێزی خۆم لەلا نەبوو، ژیان بەخۆم ڕەوا ببینم، ئەو برینەکانمی تیمار دەکرد، ئیتر منیش دووبارە بووبوومەوە بە کوڕی ئەو، گەڕانەوەی ئەو هەستە هێندەی سەرخستنە سەر سەرین ئاسان بوو. نەشمدەویست ئەو هەستە کۆتایی بێت. ئەمە باشترین ڕوونکردنەوەیە بتوانم بیدەم. دەمزانی ڕوودانی شتێکی وا مەحاڵە، بەڵام نەمدەویست کۆتاییی پێ بێت.

بەچرپە گوتم، "دایە؟"

زۆر دەمێک بوو ئەو وشەیەم گۆ نەکردبوو. کە مەرگ دایکتت لێ دەبات، بۆ هەتاهەتایە ئەو وشەیەشت لێ دەدزێت. "دایە؟"



Scanned by CamScanner

لە ڕاستیدا، وشـەکە تەنها دەنگێکە، زیاتریش لـە گمەگمێک دەچێت، کە بە یەک جار دەمکردنـەوە بپچڕێت[1]، بـەڵام ملیۆنان وشـە لەسـەر ئـەم هەسـارەیە هـەن و هیـچ کامێکیـان وەک ئـەو وشەیە لە دەمت نایەنە دەرەوە.

"دایە؟"

دایکـم بـە لەفافەکـە، بەنەرمـی قۆڵمـی سـڕی، ئینجـا هەناسـەیەکی سـاردی هەڵکێشـا، "ئـاخ، چارلـی، ئـاخ! خـۆت تووشـی بەزمـی وا دەکـەی!"

[1] ئەم پەسنە بۆ وشەی Momی ئینگلیزییە.

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

تەمەنم نۆ ساڵە. لە کتێبخانەی گشتیی شارۆچکەکەی خۆمانم. ژنەکەی پشت مێزەکە، لەسەر چاوەکانی چاویلکەکەیەوە سەیرم دەکات. کتێبی *بیست هەزار فرسەخ لەژێر دەریاوەی پولس ڤێرنم* بە دەستەوەیە. وێنەکانی سەر بەرگەکەم بەدڵە و حەزم لە بیرۆکەیەی ئەوەیە، کە خەڵک لەژێر زەریادا بژین. سەیری کتێبەکەم نەکردووە، تا بزانم وشەکان چەند قورسن و چەند ورد نووسراون. کارمەندی کتێبخانەکە لێم ورد دەبێتەوە. کراسەکەم نەخستووەتە پانتۆڵەکەمەوە، یەکێک لە پێڵاوەکانیشم قەیتانەکەی نەبەستراوە.

ژنەکە پێم دەڵێت، "ئەمە بۆ تۆ زۆر قورسە."

کتێبەکە دەخاتەوە ڕەفەیەکی پشت خۆیەوە - بیخستایە قاسەیەکیشەوە و قفڵی لێ بدایە - هەر وا دەبوو. دەگەڕێمەوە بۆ بەشی منداڵان و کتێبێک هەڵدەبژێرم، کە پڕە لە وێنە و باسی مەیموونێک دەکات. دەگەڕێمەوە بۆ مێزەکە و ژنەکە بەبێ هیچ سەرنجدانێک، ئەمەیانم بۆ مۆر دەکات.

کە دایکم بە ئۆتومبیلەکە دێت بەشوێنمدا، دەچمە پێشەوە دادەنیشم. ئەو کتێبە دەبینێت، کە هەڵم بژاردووە و دەپرسێت، "ئەی تۆ پێشتر ئەمەت نەخوێندۆتەوە؟"



Scanned by CamScanner

"ژنەکە نەیهێشت ئەوە بێنم، کە دەمەوێ."

"کام ژن؟"

"کارمەندی کتێبخانەکە."

دایکم ئۆتومبێلەکە دەکوژێنێتەوە، ئینجا دەپرسێت، "بۆچی نەیهێشت بیبەی؟"

"دەڵێ زۆر قورسە."

"چی زۆر قورسە؟"

"کتێبەکە."

دایکم بەپاڵ لە ئۆتومبێلەکە دام دەبەزێنێت. لە دەرگاکەوە پێش خۆیم دەدات و دەچینەوە بەردەم مێزی کارمەندەکە. دایکم دەڵێت، "من خاتوو بینێتۆم و ئەمە چارلیی کوڕمە. تۆ پێت گوتووە گوایە ئەو کتێبە لەوە قورسترە ئەو بیخوێنێتەوە؟"

کارمەندەکە ڕووی گرژ دەبێت. ژنەکە زۆر لە دایکم بەتەمەنترە و منیش حەپەساوم لەو ئاوازی دەنگەی دایکم لەگەڵیدا قسەی پێ دەکات، بەتایبەت کە دەزانم ئەو هەمیشە بە شێوەیەکی جوان لەگەڵ خەڵکی بەتەمەندا قسە دەکات.

ژنەکە دەست بۆ چاویلکەکەی دەبات و دەڵێت، "ویستی *بیست هەزار فرسەخ لەژێر دەریاوەی* یولس ڤێرن ببات. با پێت بڵێم، ئەو هێشتا زۆر منداڵە بۆ ئەو کتێبە. سەیری بکە، زۆر منداڵە!"

سەرم دادەخەم و سەیری خۆم دەکەم.

دایکم دەڵێت، "کوا کتێبەکە؟"

"ببوورە، تێنەگەیشتم؟"

"کوا کتێبەکە؟"



Scanned by CamScanner

ژنەکە دەست دەباتە دواوە و بە زرمەیەک کتێبەکە دەخاتە سەر مێزەکە، هەر وەک ئەوەی بیەوێت بە زرمەکەی، قسەکەی خۆی بسەلمێنێت.

دایکم کتێبەکە هەڵدەگرێت و دەیئاخنێتە باوەشمەوە.

ئینجا بە دەنگی بەرز بە ژنەکە دەڵێت، "هەرگیز بە هیچ منداڵێک مەڵێ فڵانە شت زۆر قورسە بۆ تۆ... جارێ ئەوە بە ئەم منداڵە، شتی وا هەر مەڵێ."

دوای ئەوە، کاتێک دەزانم دایکم لە دەرگاکەوە بۆ دەرەوە پاڵم پێوە دەنێت و منیش توند کتێبەکەی *یولس ڤێرنم* بە سینگمەوە نووساندووە، وا هەست دەکەم لەگەڵ دایکم بانکمان بریوە. لە خۆم دەپرسم، تۆ بڵێیت تووشی کێشە نەبین.

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

لەدەوری مێزەکە دانیشتووین. دایکم نانی ئێوارە دادەنێت. مەعکەرۆنی و *سۆسی گۆشتی* لە فرندا برژاندووە.

باوکم دەڵێت، "هێشتا زۆر بەدڵم نییە."

دایکم دەڵێت، "دیسان!"

خوشکەکەم لاسایی دایکم دەکاتەوە، " دیسان!" ئینجا چەتاڵەکە لە دەمیدا بادەدا.

دایکم قۆڵی خوشکەکەم ڕادەکێشێت، "وا مەکە، دەیکەی بە شوێنێکتدا."

باوکم بە جۆرێک سەیری خۆراکەکە دەکات، وەک ئەوەی بێزی لێ بکاتەوە، "نازانم، کێشە پەنیرەکەیە یان ڕۆنەکە."

دایکم دەڵێت، "تا ئێستا بە دە جۆری جیاواز بۆم ئامادە کردووی."

باوکم دەڵێت، "پۆزی، شتەکە گەورە مەکە. باشە ئەوەندە ئیشێکی قورسە شتێک لێبنێی من بۆم بخوری؟"

"ناتوانی بیخۆی؟ باییی ئەوەندە خراپە نەخوری؟"

باوکم دەبۆڵێنێت "ئاااای! هەر لەمەم کەمە؟"

دایکم ئیتر سەیری باوکم ناکات.



Scanned by CamScanner

دایکم دەڵێت، "نا، لەمەت کەم نییە." ئینجا بەتوورەیی یەک بەشی گەورە دەخاتە سەر قاپەکەی من و دەڵێت، "بەڵام من لەمەم کەمە، وا نییە؟ لە شەرم کەمە... چارلی، بخۆ."

منیش دەڵێم، "ئەوەندە زۆرە."

هاوار دەکات، "چەندەت بۆ دادەنێم، دەیخۆی."

"زۆر زۆرە."

خوشکەکەم دەڵێت، "دایە!"

باوکم دەڵێت، "ڕۆزی، ئێستا من چیم گوتووە! گوتوومە ئەم خۆراکە بە فلانە شێوە دروست بکە، تۆش دەتوانی دروستی بکەی. هەر ئەوەندە. یەک ملیۆن جار پێم گوتووی بۆچی ئەو تامەی نییە، کە دەمەوێ. کە ئەو تامەی نەبوو، نییەتی، ئیتر خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم بۆ ئەوەی دڵت خۆش ببێ؟"

خوشکەکەم دەڵێت، "دایە" و چەتاڵەکەی ڕادەوەشێنێت.

دایکم بە دەنگی بەرز هەناسەیەک دەداتەوە، "ئاااای، ڕۆبێرتا، بەسە! لێن، دەزانی چی؟ ئەم جارە خۆت دروستی بکە، خۆت و خۆراکە ئیتاڵییە جوانەکانت... چارلی، بخۆ."

باوکم بەگاڵتەپێکردنەوە سەری ڕادەوەشێنێت و دەبۆڵێنێت، "دیسان بەزمەکەیە!"

من سەیری باوکم دەکەم و ئەویش لەو ساتەدا دەمبینێت. بەپەلە چەتاڵێکی گەورە لە خۆراکەکە دەدەم و دەیخەمە دەممەوە. باوکم بە چەتاڵەکەی ئاماژەم بۆ دەکات و دەڵێت، "مەعکەرۆنییەکەی دایکتت لا چۆنە؟"

خۆراکە دەجووم و قووتی دەدەم. سەیری باوکم دەکەم.

سـەیری دایکـم دەکـەم. دایکـم لـە بێزاریـدا شـانی دادەکەوێت.
هەردووکیـان چاوەڕێی وەڵامـی منـن.
سـەیری باوکـم دەکـەم و لەژێـر لێـوەوە دەڵێـم، "تامەکـەی، تامی خۆی نییـە."
باوکـم پرمەیەکـی پێکەنیـن دەر دەکات و نیگایەکـی تیـژ دەگرێتـە دایکـم، "ئەوەتـا، منداڵەکـەش دەزانـێ."



Scanned by CamScanner

# سەرەتایەکی نوێ

دایکم پرسیی، "ئێ، دەتوانی هەموو ڕۆژەکە لێرە ببی؟"

دایکم بەسەر تەباخەکەوە وەستابوو، بە کەوچکێکی دار، هێلکە سوورەوەکراوەکەی تێکەڵ دەکرد. پێش ئەوەش، تۆستەکانی گەرم کردبووەوە، لەتێک کەرە لەسەر مێزەکە بوو، قۆرییەک قاوەش لەلایەوە دانرابوو. من بەسەر کورسییەکەمدا تلیسابوومەوە، هێشتا گێژ بووم و بەزەحمەت تفم بۆ قووت دەدرا. وام هەست دەکرد ئەگەر بێت و زۆر بەخێرایی بجووڵێمەوە، هەموو شتێک وەک بلّق دەتەقێت. دایکم بەروانکەیەکی لە ناوقەدی بەستبوو، لەو ساتەوەش کە بینیبووم، لە هەموو وردەکارییەکاندا بە جۆرێک هەڵسوکەوتی دەکرد، وەک ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژێک بێت، وەک هەموو ڕۆژانی تر، وەک ئەوەی من بۆ دڵخۆشکردنی ئەو سەردانیم کردبێت و ئەویش وەک پاداشتێک، نانی بەیانیم بۆ ئامادە بکات.

دایکم پێی گوتم، "چارلی، دەکرێ ڕۆژێک لەگەڵ دایکت بەسەر بەری؟"

گوێم لە چزەی هێلکە و کەرەکە بوو.

پرسییەوە، "ها؟ دەتەوێ؟"



Scanned by CamScanner

دایکم تاوەکەی هەڵگرت و هات بۆ لام.

"چارلی، بۆ وا بێدەنگی؟"

چەند چرکەیەکم ویست، تا دەنگم بۆ گەڕایەوە، وەک ئەوە وا بوو هەوڵ بدەم هەندێک ڕێنماییم بیر بکەوێتەوە. ئاخر چۆن قسە لەگەڵ مردوودا دەکەیت؟ ئایا کۆمەڵێک وشەی جیاواز هەن بۆ ئەو مەبەستە؟ یان کۆدێکی نهێنی هەیە؟

دواجار توانیم بەچرپە بڵێم، "دایە، ئەم شتە مەحاڵە، مەحاڵ!"

دایکم هێلکەکەی لە تاوەکە دەر هێنا و بە کەوچکە دارەکە لەسەر قاپەکەم لەتلەتی کرد. سەیری ئەو دەستە دەماراوییەیم کرد، کە کەوچکەکەی پێ دەجووڵاند.

ئینجا گوتی، "دەی، بخۆ."

لە خاڵێکی دیاریکراوی مێژووی ئەمەریکادا و دایک و باوک پێکەوە وەک یەک تیم هەواڵی جیابوونەوەیان بە منداڵەکانیان گوتووە. منداڵەکانیان دایان نیشاندووە و ڕێسا تازەکانیان بۆ ڕوون کردوونەتەوە، بەڵام خێزانەکەی من، پێش ئەو سەردەمی ڕۆشنگەرییە، ڕووخا، بۆیە کە باوکم لە دایکم جیا بووەوە، ڕۆیشت و تەواو.

دوای چەند ڕۆژ لە گریان، دایکم سووراوی کردەوە و ماسکارای لە برژانگی دا، هەندێک پەتاتەی سوورەوکراوی ئامادە کرد و لە کاتێکدا قاپە پەتاتەکانی دەدایە دەستمان، گوتی، "لەمەودوا باوکتان لەگەڵماندا ناژی." ئیتر هەر ئەوەندە. شتەکە، وەک گۆڕینی دیمەنی شانۆگەرییەک وا بوو.

تەنانەت لەبیرم نایەتەوە کەی باوکم شتەکانی بردبوو.

Scanned by CamScanner

ڕۆژێک لە قوتابخانە هاتینەوە و ماڵەکە فراوانتر بووبوو. لە کەنتۆری ڕاڕەوەکەی پێشەوەدا، جێی بەتاڵ زیاتر هەبوو، کەرەسە و کارتۆن و شتی لەو جۆرەش لە گەراجەکەدا دیار نەمابوون. بیرمە خوشکەکەم دەگریا و دەیپرسی، " بابە لە داخی من ڕۆیشت؟" ئینجا بەڵێنی دەدا ئەگەر باوکم بێتەوە، ئەو باشتر ڕەفتار بکات. لەبیرمە دەمویست منیش بگریم، بەڵام هەر زوو درکم بەوە کردبوو، کە ئێمە ئیتر تەنها سێ کەسمان لێ مابووەوە، نەک چوار، منیش لەناو ئەو سێ کەسەدا تاکە نێرینە بووم، بۆیە تەنانەت هەر لە یازدە ساڵییەوە هەستم دەکرد دەبێت ئیتر ئاگام لە پیاوەتیی خۆم ببێت.

هەرچەندە بگریامایە، باوکم پێی دەگوتم، "خۆت بگرە کوڕم! خۆت بگرە." منیش وەکوو هەموو ئەو منداڵانەی تر کە دایک و باوکیان جیا دەبنەوە، هەوڵم دەدا بە شێوەیەک خۆم بگرم، کە وا لە کەسە ڕۆیشتووەکە بکات بگەڕێتەوە، بۆیە نەدەبوو بگریم، گریان بۆ من نەبوو.

لە چەند مانگی یەکەمدا، وا تێگەیشتبووین شتەکە کاتییە، شەڕێکی بچکۆلانەیە، نێوانی دایک و باوکم بۆ ماوەیەک ساردیی تێ کەوتووە، دایک و باوک شەڕیان دەبێت، وا نییە؟ هێی ئێمەش شەڕیان دەبوو. من و خوشکەکەم لەسەر پلیکانەکان خۆمان بە دەمدا دەدا و گوێمان لە دەمەقاڵێکانیان دەگرت، من بە فانیلە سپییەکەمەوە و خوشکەکەم بە بیجامە زەردە کاڵەکانی و پێڵاوە باڵی پەمەییەکانیەوە. هەندێک جار، شەڕەکانی دایک و باوکم لەسەر ئێمە بوون...

Scanned by CamScanner

"لێن، باشە خۆ کفر نابێ تۆ یەک جار ئەو ئیشە بکەی؟"

"شتەکە ئەوەندە گرنگ نییە."

"نەخێر، گرنگە! هەمیشە دەبێ من ئەو کەسە خراپە بم، کە سەرزەنشتیان دەکا!"

یان لەسەر ئیش شەڕیان دەبوو...

"پۆزی، دەبێ زیاتر بایەخ بە شت بدەی! تەنها ئەو خەڵکەی نەخۆشخانە گرنگ نین!"

"لێن، ئەو خەڵکەی باسیان دەکەی، نەخۆشن. دەتەوێ پێیان بڵێم، ببوورن، دەبێ بچم کراس بۆ مێردەکەم ئووتوو بکەم؟"

یان لەسەر یاریکردنی بەیسبۆڵی من...

"لێن، ئەوەندەش زۆرە!"

"بەمە لەوانەیە ببێ بە شتێک."

"تۆ سەیری بکە! بیستوچوار سەعاتی خوا شەکەتە!"

هەندێک جار لەسەر ئەو پلیکانانە دادەنیشتین، خوشکەکەم دەستی بە گوێچکەیەوە دەگرت و دەگریا، بەڵام من هەوڵم دەدا گوێیان لێ بگرم. شتەکە وەک ئەوە وا بوو، بەدزییەوە بچیتە ناو جیهانی گەورەکانەوە. دەمزانی باوکم تا شەو درەنگ ئیش دەکات، ئەو چەند ساڵەی دواییش گەشتی شەوانەی بۆ لای ئەو کەسانە دەکرد، کە نوێنەری دابەشکردنی خواردنەوە کهولییەکان بوون، ئیتر بە دایکمی دەگوت، "پۆزی، ئەمانە ئەگەر مەراییان بۆ نەکەی، کەوڵت دەکەن." دەمزانی باوکم دوکانێکی مەیفرۆشیی دیکەی لە کۆلینز ود - کە یەک کاتژمێر لێمانەوە دوور بوو - دادەنا و چەند ڕۆژێکی هەفتەکە لەوێ ئیشی دەکرد. دەمزانی دوکانێکی تازە، واتا "پارەی زیاتر



Scanned by CamScanner

و ئوتومبێلێکی نوێ." دەشمزانی دایکم لەگەڵ بیرۆکەکەدا نەبوو.

بۆیە، بەڵێ، شەڕیان دەبوو، بەلام هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو ئەو شەڕانە دەرئەنجامیان هەبێت. ئەو سەردەمە دایک و باوک جیا نەدەبوونەوە، بەڵکوو چارەسەری کێشەکانیان دەکرد. هەر لە یەک تیمدا دەمانەوە.

بیرمە بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیری، باوکم قاتێکی تەکسیدۆی بەکرێ هێنابوو، دایکیشم عەزییەکی سووری بریقەداری لەبەر کردبوو. لە کاتی دانیشتنی ناو هۆڵی بۆنەکەدا، هەردووکیان هەستان بۆ سەما. بینیم دایکم دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و باوکم دەستە گەورەکەی بەهاوتەریبی خستە سەر دەستی دایکم. منیش بەو منداڵییەمەوە دەمتوانی هەست بەوە بکەم، ئەوان جوانترین کەسی ئەو شوێنی سەماکردنە بوون. باوکم بالایەکی بەرز و لەشولارێکی وەرزشیی هەبوو، بە پێچەوانەی باوکانی تریشەوە، ورگی لەژێر کراسە سپییەکەیەوە تەخت بوو. ئەی دایکم؟ دایکم دڵخۆش دیار بوو، بە سووراوە سوورە کرێمییەکەی لێویەوە زەردەخەنەی دەکرد. هەرکاتێکیش دایکم دڵخۆش دیار بووایە، سەرنجی هەموو کەسێکی بۆ خۆی ڕادەکێشا. دایکم سەماکەرێکی زۆر لەشسووک بوو، نەتدەتوانی چاوی لەسەر لا بەریت، عەزییە بریقەدارەکەشی لەگەڵ جووڵەکانیدا، وەک ئەوە دەر دەکەوت هەموو ڕووناکییەکە لەسەر ئەو بێت. گوێم لە هەندێک ژنی بەتەمەنتری سەر مێزەکە بوو لەژێر لێوەوە دەیانبۆلاند، "ئەمە خۆنواندنە." یان، "مرۆڤ دەبێ شەرمی هەبێ،" بەلام هەستم دەکرد هەموو تەنها ئیرەییان



Scanned by CamScanner

پێ دەبرد، چونکە لەوان جوانتر بوو.

من دایک و باوکمم بەو شێوەیە دەبینی. شەڕیان دەبوو، بەڵام سەماشیان دەکرد. دوای ئەوەی باوکم دیار نەما، بەبەردەوامی بیرم لەو ئاهەنگی هاوسەرگیرییە دەکردەوە. خەریک بوو باوەڕم بە خۆم دەهێنا، کە باوکم بۆ ئەوەی دایکم بەو عەزییەوە ببینێت، دووبارە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئەو بیرکردنەوەیەم لە مێشکی خۆم دەر کرد و تێگەیشتم دەبێت ئەو یادگارییە وەک وێنەیەکی کاڵبووەوەی گەشتێک، کە زۆر دەمێک بێت کردبێتم، سەیر بکەم.

دایکم لە یەکەم نۆڤەمبەری دوای جیابوونەوەی لە باوکم، لێی پرسیم، "دەتەوێ ئەم ساڵ چی بکەی؟" خەریک بوو قوتابخانە دەکرایەوە و باسی "سەرەتا نوێیەکان" و "پرۆژە نوێیەکان"ی دەکرد. خوشکەکەم شانۆی بووکەڵەی هەڵبژاردبوو.

سەیرێکی دایکمم کرد و بەڕووگرژی گوتم، "دەمەوێ دەست بکەم بە یاریی بەیسبۆڵ."

ئەوە یەکەمین ڕووگرژکردنی من بوو لە دایکم، کە ملیۆنێک ڕووگرژکردنی تریشی بەدوادا هات.

# ژەمێك پێكەوە

نازانم چەندە كات لەو چێشتخانەیەدا تێپەڕی. هێشتا هەستم بە سەرگێژخواردن و سەرخۆشی دەكرد، وەك ئەوەی سەرم درابێت بە سندوقی ئوتومبێلێكدا، بەڵام ڕەنگە لە خاڵێكدا، بەتایبەت ئەو كاتەی دایكم گوتی، "بخۆ،" لە ڕووی فیزیكییشەوە خۆم دابێتە دەست ئەو بیرۆكەیەی كە من بەڕاستی لەو شوێنە بووم و تەواو، بۆیە ئەوەم كرد، كە دایكم پێی گوتم.

یەك پارووی گەورە هێلكەم كردە دەممەوە.

زمانم بەئاگا هاتەوە. دوو ڕۆژ بوو هیچم نەخواردبوو، وەك زیندانی نانم دەخوارد. جووینی خۆراكەكە هۆشی لەسەر مەحاڵیی دۆخەكە نەهێشتم. دەكرێت زۆر ڕاستگۆ بم: ئەو نانە چەندە خۆش بوو، ئەوەندەش ئاشنا بوو بە دەم و زمانم. نازانم چ نهێنییەك لەو خۆراكانەدا هەیە، كە دایكت ئامادەیان دەكات بۆت، بەتایبەت كاتێك خۆراكەكە ئاسانە و هەموو كەسێك دەتوانێت ئامادەی بكات – پان كەیك، كفتەی گۆشت، زەڵاتەی توونە – بەڵام ئەوەی دایكت، تامێكی تایبەتیی یادەوەرییش دەدات. كاتی خۆی كە دایكم خۆی هێلكەوڕۆنی بۆ ئامادە دەكردم، كەوەری تێ دەكرد –



Scanned by CamScanner

من بە کەوەرەکەم دەگوت "شتە سەوزە بچووکەکان." ئەم هێلکەوڕۆنەی ئێستاش، دیسان کەوەری تێدا بوو.

بەم شێوەیە خەریکبوو نانی بەیانییەکی ڕابردووم لەسەر مێزێکی ڕابردوو، لەگەڵ دایکێکی ڕابردوودا دەخوارد.

دایکم گوتی، "هێواش، با گەدەت تێک نەچێ."

ئەو قسەیەش، هەر هیی ڕابردوو بوو.

کاتێک تەواو بووم، دایکم قاپەکانی خستە ناو سینکەکەوە و ئاوەکەی کردەوە، تا بخووسێن.

لەژێر لێوەوە گوتم، "سوپاس."

دایکم سەری هەڵبڕی، "چارلی، ئەوە گوتت سوپاس؟"

بەحاڵ سەرم لەقاند.

"سوپاس بۆ چ شتێک؟"

قوڕگم پاک کردەوە و گوتم، "بۆ ئەو نانی بەیانییە بەلەزەتە."

دایکم، بەدەم شتنی قاپەکانەوە، زەردەخەنەیەکی کرد. سەیرێکم کرد، کە ئاوا بەسەر سینکەکەوە وەستابوو، هەستێکی لەناکاوی ئاشنایەتیم بۆ دروست بوو - من لەسەر مێزەکە دانیشتبووم و ئەویش لەسەر سینکەکە خەریکی شتنی قاپەکان بوو. لە ژیانماندا من و دایکم چەندین گفتوگۆمان بەم شێوەیە کردبوو، دەربارەی قوتابخانە، دەربارەی هاوڕێکانم، یان دەربارەی ئەوەی نەدەبوو باوەڕ بە کام قسە و قسەڵۆکانەی دراوسێکانمان بکەم، هەمیشەش خوڕەخوڕی ئاوەکە، ناچاری دەکردین دەنگ هەڵبڕین.

گوتم، "شتی وا نییە! نابێ تۆ لێرە بی..."

وەستام و نەمدەتوانی لەوە زیاتر بڵێم.



Scanned by CamScanner

دایکم بەلووعەکەی گرتەوە و دەستی بە خاولییەک وشک کردەوە.

ئینجا گوتی، "تۆ سەیر بکە، سەعات بوو بە چەند! دەبێ هەر ئێستا بڕۆین."

دایکم خۆی بەسەرمدا چەماندەوە و دەستەکانی خستە سەر ڕوومەتەکانم. پەنجەکانی بە ئاوی سینکەکە گەرم و تەڕ بووبوون.

دایکم گوتی، "شایانی نییە... مەبەستم لە نانی بەیانییەکەیە."

پاشان جانتاکەی لەسەر کورسییەکە هەڵگرت و گوتی، "دەی ئینجا، ئاقڵ بە و قاپووتەکەت لەبەر بکە."



Scanned by CamScanner

# ٢٠ی تەمموزی ١٩٥٩

ئازیزەکەم چارلی،

دەزانم دەترسیت، بەڵام هیچ پێویست ناکات بترسیت. هەموومان نەشتەرگەریی لەوزەتێنمان کردووە، دە سەیریشمان بکە! هیچ کێشەیەکمان نییە.

با ئەم نامەیەت پێ بێت و پێش ئەوەی پزیشکەکان بێن، بیخەرە ژێر سەرینەکەتەوە. ئەوان شتێکت دەدەنێ، کە وا دەکات خەوت بێت، پێش ئەوەی خەوت لێ بکەوێت، لەبیرت بێت نامەکە لەژوور سەرتە. ئەگەر پێش ئەوەی منیش بگەمە لات خەبەرت بووەوە، دەتوانیت دەست بەریت بۆ ژێر سەرینەکەت و سەرلەنوێ نامەکە بخوێنیتەوە. خوێندنەوە وەک قسەکردن وایە، بۆیە وای بێنەرە پێشچاوت، ئەوە منم و لەوێ قسەت لەگەڵ دەکەم.

بەم زووانەش بەڕاستی دەگەمە لات و دەچین بە دڵی خۆمان ئایس کرێم دەخۆین، چۆنە؟

هەموو ڕۆژێک خۆشم دەوێیت.

دایە



Scanned by CamScanner

# خێزانی چیك دوای جیابوونەوەكە

لەدوای جیابوونەوەی دایک و باوکم، من و دایکم و خوشکەکەم بۆ ماوەیەک هەوڵمان دا وەک خۆمان بمێنینەوە، بەڵام خەڵکی گەڕەک نەیانهێشت ئەمە سەر بگرێت. شارۆچکە بچووکەکان وەک ئامێری کۆککردنی ئامێرە مۆسیقییەکان وان، بچووکترین گۆڕان لە دەنگەکەدا، ڕیتمەکە دەگۆڕێت. خەڵک لەگەڵ من و خوشکەکەمدا لە جاران باشتر بوون. کە دەچووین بۆ لای پزیشک، مەساسەیەک زیاترمان لە جاران وەر دەگرت، یان کابرای فرۆشیار تۆپێک ئایسکرێمی گەورەتری دەخستە سەر پسکیتەکەمان. ژنە بەتەمەنەکان لەسەر شەقام ڕایان دەگرتین و بەپەرۆشەوە شانیان دەگوشین و دەیانپرسی، "منداڵینە، چۆنن، ئەوە چی دەکەن؟" ئەمەش لای ئێمە، پرسیارێکی گەورانە بوو. بە منداڵ دەگوترا، "چی دەکەی؟"

ڕەنگە خەڵکەکە بەگشتی میهرەبانییەکی زیاتریان بەرامبەر ئێمە نیشان دابێت، بەڵام لەگەڵ دایکمدا وا نەبوون. خەڵک ئەو کاتە لە جیابوونەوە نەدەگەیشتن. یەک منداڵی ترم نەدەناسی بەو دۆخەدا تێپەڕیبێت. لەو شوێنەی ئێمە لێی دەژیاین، جیابوونەوە عەیبە بوو، یەکێکیش لە دوو لایەنەکە، هەموو خەتاکەی دەکەوتە سەر.



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەوەی دایکم مایەوە و نەڕۆیشت، زۆربەی خەتاکە خرایە ئەستۆی ئەو. کەس نەیدەزانی لەنێوان لێن و پۆزیدا چی ڕووی دابوو، بەڵام لێن ڕۆیشتبوو و پۆزی مابووەوە، تا تاوانبار بکرێت. ئەوەش کە دایکم ڕازی نەدەبوو داوای یارمەتی لە کەس بکات، یان بەسەر شانیاندا بگری، ئەوەندەی تر شتەکەی لەسەر قورس کردبوو. ئەوەی کێشەکەی قووڵتر کردبووەوە، ئەوە بوو کە دایکم هێشتا گەنج و جوان بوو. بۆیە لای ژنان، وەک هەڕەشە سەیر دەکرا، لای پیاوانیش، وەک دەرفەت، لای منداڵانیش، وەک *شتێکی سەیر.* ئەگەر بیر لەم سێ شتەش بکەیتەوە، دەزانیت هیچیان شتێکی باش نین.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، تێبینیی ئەوەم کرد خەڵک بە شێوەیەکی جیاواز سەیری دایکمیان دەکرد، بەتایبەت کاتێک لە مارکێتەکەی گەڕەکی خۆمان پاڵمان بە عەرەبانەکەمانەوە دەنا، یان کە دایکم لە یەکەم ساڵی جیابوونەوەکەدا بە خۆی و سەدریە سپی و پێڵاوە سپی و گۆرەوییە درێژە سپییەکانیەوە، من و خوشکەکەمی بۆ قوتابخانە دەگەیاند. دایکم هەموو جارێک دادەبەزی و ماچی دەکردین، منیش باش دەمزانی دایکەکانی تر سەرنجمان دەدەن. ئەمە وای لە من و ڕۆبێرتا دەکرد، کاتێک بەرەو دەرگای قوتابخانەکە دەڕۆیشتین، زۆر لەسەرخۆ و بەبەئاگاییەوە هەنگاو بنێین، وەک ئەوەی جیکەجیکمان لێ بەرز ببێتەوە.

ڕۆژێکیان دایکم خۆی نووشتاندەوە و گوتی، "ماچێک بدە بە دایە."

چوومە ئەولاترەوە و گوتم، "مەکە."



Scanned by CamScanner

"چی مەکە؟"

"هەر..."

وەستام، شانەکانم بەرز کردەوە و خۆم گرژ کرد، ئینجا ڕستەکەم تەواو کرد، "هەر وا مەکە و تەواو."

نەمدەتوانی سەیری دایکم بکەم، بۆیە سەیری بەرپێی خۆمم دەکرد. دایکم بۆ چەند ساتێک بەو شێوەیە مایەوە، ئینجا خۆی ڕێک کردەوە. گوێم لێ بوو مشەمشێکی کرد و هەستم کرد دەستی بە قژمدا هێنا.

کاتێک سەرم بەرز کردەوە، خەریک بوو ئوتومبێلەکە دەکەوتە ڕۆیشتن.

پاشنیوەڕۆیەک، لە پارکی ئوتومبێلی کڵێساکە، خۆم و هاوڕێیەکم تۆپمان بۆ یەک هەڵدەدا و دەمانگرتەوە. لەو کاتەدا، دوو ڕاهیبە دەرگاکەی پشتەوەیان کردەوە. من و هاوڕێکەم لە جێی خۆمان وشک بووین، وامان زانی شتێکی هەڵەمان کردووە. ڕاهیبەکان ئاماژەیان بۆ من کرد بچم بۆ لایان. هەریەکەیان سینییەکی ئەلەمینیۆمی پێ بوو. لە کاتێکدا لێیان نزیک دەبوومەوە، بۆنی کفتەی گۆشت و فاسۆلیای تەڕ بەسەرمدا هات.

یەکێکیان گوتی، "بگرە، ئەمە بۆ ماڵی ئێوەیە."

تێنەگەیشتم بۆچی خۆراکیان پێم دا، بەڵام نەدەکرا ڕەتی بکەیتەوە و بە ڕاهیبەیەک بڵێیت، "سوپاس، نامەوێ." بۆیە سینییەکانم وەر گرت و بردمنەوە بۆ ماڵەوە، گوتم دیارە دایکم بەتایبەت داوای کردوون.

کە ڕۆیشتمە ژوورەوە، دایکم پرسیی، "ئەوە چییە پێت؟"

"ڕاهیبەکان پێیان دام."

دایکم کاغەزی سەر سینییەکانی لا برد و بۆنی کرد.

پرسیی، "تۆ داوای ئەمانەت کردووە؟"

"نااا. من بۆخۆم لەوێ یاریم دەکرد."

"کەواتە تۆ داوات نەکردووە؟"

"نا."

"چارلی گیان، ئێمە پێویستمان بە خۆراک نییە. ئەگەر وا دەزانی پێویستمان بە خێری خەڵکە، وا نییە."

کەوتمە بەرگریکردن لە خۆم. نەمدەزانی "خێر" چییە، بەڵام هەستم دەکرد شتێک بوو، بە هەموو کەس نەدەشیا.

بەناڕەزاییەوە گوتم، "من داوای ئەمەم لێ نەکردوون! من هەر حەزم لە فاسۆلیای تەڕ نییە."

سەیرێکی یەکترمان کرد.

گوتم، "خەتای من نییە."

دایکم هەردوو سینییەکەی لێ وەر گرتم و چییان لەسەر بوو، فڕێی دایە ناو سینکەکەوە و بە کەوچکێکی گەورە کفتەکانی ئاخنییە ئەو کونەوە، کە ئیشەکەی خۆڵ و پیسی وردکردن بوو. هەمان شتی لە فاسۆلیا تەڕەکەش کرد. دایکم هێندە بەتووڕەییەوە دەجووڵایەوە، نەمدەتوانی چاو لەسەر ئەوە لا بەرم چۆن ئەو هەموو خۆراکەی دەئاخنییە ئەو کونە خڕە بچووکەوە. ئاوەکەی کردەوە و ئامێرەکە خرەخرێکی کرد. کە دەنگەکە بەرزتر بووەوە – ئەمەش واتا کارەکەی تەواو بووبوو – سەرقاپە موگناتیسییەکەی سەر کونەکەی لا برد و ئاوەکەی گرتەوە، ئینجا دەستەکانی بە پێشی بەروانکەکەی سڕی و ئاوڕێکی بۆ من دایەوە و گوتی،

"ئینجا پێم بڵێ، پرسیتە؟"

یەکەم جار وشەی *تەڵاقدراوم* لە یارییەکی خولی بەیسبۆڵی تازەپێگەیشتووانی ئەمەریکیدا بیست. ڕاهێنەرەکان داری بەیسبۆڵەکانیان فڕێ دەدایە پشتی ئۆتۆمبێلێکەوە، باوکی یەکێک لە یاریزانەکانی تیپەکەی تر بەهەڵە دارەکەی منی هەڵگرت. ڕام کرد بۆ لای و گوتم، "ئەوەیان هی منە."

ئەویش دارەکەی لە لەپی دەستیدا سووڕاند و پرسی،

"بەڕاست، هی تۆیە؟"

"بەڵێ، لە سەبەتەی پشتی پاسکیلەکەمدا لەگەڵ خۆم هێنام."

ئاسایی بوو گومان لە قسەکەم بکات، چونکە زۆربەی منداڵەکان لەگەڵ باوکیاندا دەهاتن.

کابرا گوتی "باشە" و دارەکەی دایەوە دەستم، ئینجا چاوی کز کرد و گوتی، "ئەرێ تۆ کوڕی تەڵاقدراوەکە نیت؟"

سەیری پیاوەکەم کرد و هیچم پێ نەبوو بیڵێم. *تەڵاقدراو*؟ وشەکە لە وشەیەکی بیانی دەچوو، منیش بەو شێوەیە بیرم لە دایکم نەدەکردەوە. پیاوان هەمیشە دەیانپرسی، "تۆ کوڕی لێن بینێتۆی، وایە؟" بۆیە نەمدەزانی بە کامەیان قەڵس بم، ئەوەی کوڕی ئەم وشە تازەیە بووم، یان ئەوەی کە ئیتر کوڕی لێن بینێتۆ نەمابووم.

پیاوەکە پرسیی، "ئێ، دایکت چۆنە؟"

شانم هەڵتەکاند و گوتم، "باشە."

گوتی، "بەڕاست؟" چاوەکانی بە گۆڕەپانەکەدا گێڕا، ئینجا خستنیەوە سەر من. پرسیی، "دایکت بۆ کاروباری ماڵەوە



Scanned by CamScanner

پێویستی بە یارمەتی نییە؟"

هەستم دەکرد دایکم لەپشتمەوە وەستاوە و من تاکە شتم لەنێوان هەردووکیاندا.

دووبارە گوتم، "نا، باشە."

پیاوەکە سەری لەقاند، بەڵام من باوەڕم بە سەرلەقاندنەی نەبوو.

ئەوە ئەو ڕۆژە بوو، کە تیایدا بە وشەی *تەڵاقدراو* ئاشنا بووبم، زۆر باشیش ئەو ڕۆژەم لەبیرە، کە وشەکەم لەلا بوو بە شتێکی قێزەون. دایکم لە ئیش هاتبووەوە و منی ناردبوو بۆ دوکانەکەی گەڕەکی خۆمان هەندێک کەچەپ و سەموون بکڕم. بڕیارم دا بە ڕێگەیەکی کورتدا و بە حەوشەی پشتەوەی خانووەکاندا بڕۆم.

کاتێک بەلای خانوویەکی فلاتی خشتدا پێچم کردەوە، دوو کوڕی قوتابخانەکەی خۆمم بینی، کە بە تەمەن لە خۆم گەورەتر بوون. دوو کوڕەکە سەریان نابوو بەیەکەوە و یەکێکیان، کە کوڕێکی کەتە بوو بە ناوی لیۆن، شتێکی بە سنگیەوە گرتبوو.

لیۆن بەپەلە گوتی، "سڵاو، بینێتۆ."

"سڵاو، لیۆن."

سەیری کوڕەکەی ترم کرد و گوتم، "چۆنی، لووک؟"

"چۆنی، چیک؟"

لیۆن لێی پرسیم، "بۆ کوێ دەچی؟"

گوتم، "بۆ فانێلی."

"بەڕاست؟"



Scanned by CamScanner

"بەڵێ."

لیۆن دەستی لا برد. ئەوەی بەسەر سنگیەوە گرتبووی، دووربین بوو.

پرسیم، "ئەمەت بۆ چییە؟"

لیۆن ڕووی کردە درەختەکان و گوتی، "لە سوپا و شتدا بەکار دێت. لە جۆری *بینۆریە*."

لووک گوتی، "بیست قات شتەکان دەهێنێتە پێشەوە."

گوتم، "ئادەی با تاقیی بکەمەوە."

لیۆن دووربینەکەی دامێ و منیش نام بە چاومەوە. قەراغەکەی گەرم بوو. دووربینەکەم بەرز و نزم کرد، ڕەنگەکانی ئاسمان و دارسنەوبەرەکان و پێیەکانم بەلیلی بینی.

لووک گوتی، "لە جەنگدا بۆ دۆزینەوەی شوێنی دوژمن بەکاری دەهێنن."

ئینجا لیۆن گوتی، "هیی باوکمە."

ڕقم لە بیستنی ئەو وشەیە بوو. دووربینەکەم دایەوە پێی.

گوتم، "دەی خواتان لەگەڵ."

لیۆن سەری لەقاند، "خوات لەگەڵ."

کەوتمە ڕێ، بەڵام مێشکم لەسەر خۆم نەبوو. لیۆن بەخێرایی ڕووی بەرەو درەختەکان وەر گێڕا. زانیم ئەمە شتێکی تێدا بوو، بۆیە منیش لەپشت خانووەکەوە پێچم کردەوە و لەناو گیای پەرژینەکەدا خۆم شاردەوە. ئەوەی دیم، هەتا ئەمڕۆش بێتاقەتم دەکات.

ئەم جارە هەردووکیان تەواو سەریان نابوو بە سەری



Scanned by CamScanner

یەکەوە، بە شێوەیەک، کە ئیدی ڕوویان لە درەختەکان نەمابوو، بەڵکوو ڕوویان لە ئاڕاستەکەی تر بوو، ئاڕاستەی ماڵی ئێمە. دووربینەکەشیان لەنێوان خۆیاندا دەهێنا و دەبرد. هەر بە چاو دوای ئاڕاستەی بینینی ئەوان کەوتم و چاوم کەوتە سەر پەنجەرەی ژووری خەوتنەکەی دایکم. سێبەری دایکم بینی، کە لەناو پەنجەرەکەدا دەهات و دەچوو، قۆڵەکانیشی بەسەر سەریەوە بەرز کردبووەوە، خێرا بیرم کردەوە: لە ئیش هاتووەتەوە و لە ژووری خەوتنەکە خۆی دەگۆڕێت. هەستم بە ساردییەک کرد، وەک ئەوەی سڕ کرابم. برووسکەیەک لە ملمەوە بۆ پێیەکانم ڕۆیشت.

لیۆن بە دەنگێکی نزم گوتی، "وەیییش، سەیری ئەو تەلاقدراوە بکە..."

باوەڕ ناکەم هەرگیز ئەو جۆرە تووڕەیییەم هەست پێ کردبێت، نە پێش ئەوە و نە دوای ئەوەش. بەرەو ڕووی دووانەکە ڕام کرد و گڕ لە لووتمەوە دەهاتە دەر، هەرچەندە هەردووکیان لە من گەورەتر بوون، بەڵام لە دواوە خۆم بۆ هەڵدان و پشتە ملی لیۆنم گرت، ئینجا بە بۆکس کەوتمە سەر هەرشتێک، کە دەجووڵایەوە، هەرشتێک.



Scanned by CamScanner

# پیاسەکردن

دایکم قاپووتە خوورییە زبرە سپییەکەی لەبەر کرد و شانەکانی لە ژێریەوە ڕاتەکاند، تا جوان لەبەریدا بوەستێت. دایکم ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی لە قژچاککردن و ئارایشتکردن بۆ ئەو ژنە بەتەمەنانەدا بەسەر دەبرد، کە نەیاندەتوانی لە ماڵ بێنە دەرەوە. بۆیە دایکم ماڵبەماڵ دەڕۆیشت و یارمەتیی دەدان، تا بتوانن پارێزگاری لە نەریتی خۆجوانکردنیان بکەن. پێی گوتم ئەو ڕۆژە سێ سەردانی لەو جۆرەی هەبوو، کە دەبوو بیانکات. منیش بە گەراجەکەدا بۆ دەرەوە دوای کەوتم. هێشتا هەر وڕ بووم.

دایکم گوتی، "چارلی، دەتەوێ بەلای دەریاچەکەدا بڕۆین، لەم کاتەی ڕۆژدا زۆر جوانە."

لە بێقسەییدا سەرم لەقاند. بەڕاست، چەند کات تێپەڕیبوو بەسەر ئەو کاتەدا، کە لەسەر گیا تەڕەکە پاڵ کەوتبووم و چاوم بڕیبووە زیانەکانی ڕووداوەکە؟ بڵێی چەندی تر بمدۆزنەوە؟ هێشتا لە دەممدا تامی خوێنم دەکرد و ئازارێکی تیژ، وەک شەپۆل بە گیانمدا دەهات و دەچوو، خولەکێک ئاسایی بووم و خولەکی دواتر هەموو شوێنێکم دەئێشا. بەڵام ئەوەتا، لێرە بووم و بە کۆڵانەکەی منداڵیمدا دەڕۆیشتم



Scanned by CamScanner

و جانتا لاستیکە مۆرەکەی دایکمم هەڵگرتبوو، کە کەلوپەلی قژچاککردنی تێدا بوو.

دواجار لەژێر لێوەوە گوتم، "دایکە، چۆن...؟"

"چۆنی چی، بەقوربان؟"

قورگم پاک کردەوە.

"چۆن دەبێ تۆ ئێستا لێرە بی؟"

دایکم گوتی، " ئێ من لێرە دەژیم!"

سەرم ڕاوەشاند، ئینجا بەچرپە گوتم، "بەس تۆ ئیتر لێرە ناژیت."

دایکم سەری بەرز کردەوە و سەیری ئاسمانی کرد، "دەزانی، ئەو ڕۆژەی لەدایک بووی، کەشوهەوا وەک ئێستا وا بوو. کزەی دەهات، بەڵام خۆش بوو. پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ بوو کە کەوتمە سەر ژان، لەبیرتە؟" - دایکم وا پرسیارەی کرد، وەک ئەوەی بتوانم وەڵام بدەمەوە و بڵێم ئا! ئا! ئەی چۆن، چاکم لەبیرە- "ئەو دکتۆرە ناوی چی بوو؟ ڕاپۆسۆ؟ دکتۆر ڕاپۆسۆ. گوتی دەبێ تا سەعات شەش منداڵەکەم ببێ، چونکە ژنەکەی بۆ نانی ئێوارە ئەو خۆراکەی بۆ لێنابوو، کە زۆری حەز لێ بوو، بۆیە نەیدەویست لەکیسی بچێ."

پێشتر ئەم چیرۆکەم بیستبوو.

لەبەر خۆمەوە گوتم، "کنتاکیی ماسی."

دایکم گوتی، " تەواوە، کنتاکیی ماسییان هەبوو! تۆ شتی وات دیوە؟ ئەو خۆراکە سادەیە. کە دکتۆرەکە گوتی دەبێت فریای نانی ئێوارە بکەوێت، وام زانی ستەیکی گۆشتیان هەیە. دەی، بە هەرحاڵ، گوێم پێ نەدا. لە کۆتاییدا دکتۆر ڕۆیشت و بە کنتاکیی ماسییەکە گەیشت."

دایکم ئینجا بەخۆشییەوە سەیری منی کرد و گوتی،
"منیش بە تۆ گەیشتم."
چەند هەنگاویکی ترمان نا. ناوچاوانم پلی دەدا، لەپی دەستم خستە سەر.
"چارلی، چی بووە؟ ئازارت هەیە؟"
پرسیارەکە سادە بوو، بەلام وەلامەکەی مەحال بوو. ئازار؟ لەکوێوە دەست پێ بکەم؟ ڕووداوەکە؟ خۆفرێدانەخوارەوەکەم؟ ئەو سێ ڕۆژەی هەر خواردمەوە؟ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە؟ هاوسەرگیرییەکەی خۆم؟ خەمۆکییەکەم؟ ئەم هەشت ساڵەی دوایی؟ جا کەی ئازارم نەبووە؟
گوتم، "دایە، ماوەیەکە زۆر باش نیم."
دایکم سەیری گیاکەی دەکرد و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.
"دەزانی، بۆ سێ ساڵ دوای ئەوەی شووم بە باوکت کرد، هیوام وا بوو ببمە خاوەنی منداڵێک. ئەو سەردەمە، زۆر زۆر بوو سێ ساڵ بێ شووت کردبێ و هێشتا منداڵت نەبێ. خەڵک وایان دەزانی کێشەیەکم هەیە، خۆشم هەر وام دەزانی."
بەنەرمی هەناسەیەکی دایەوە، "نەمدەتوانی بیهێنمە پێشچاوم، ژیانم منداڵی تێدا نەبێ. تەنانەت جارێکیان... ئا، با بزانین..."
دایکم بەرەو درەختە گەورەکەی سەر سووچی نزیک خانووەکەی خۆمانی بردم.
"شەوێکی درەنگ بوو، خەوم لێ نەدەکەوت." دەستی بە قەدی دارەکەدا هێنا، وەک ئەوەی گەنجینەیەکی کۆن

هەڵبداتـەوە. "ئـاهـ ئەوەتـا! هێشـتا پێوەیەتـی."

خۆم نووشتاندەوە و بینیـم وشـەی *تکایە* بـە پیتی بچووکی خواروخێچ لەسـەر قـەدی درەختەکـە هەڵکەندرابـوو. دەبـوو باش لێی ورد ببیتـەوە، بـەڵام تـەواو دیـار بـوو، کـە نووسـراوە *تکایە*.

دایکم بەزەردەخەنەیەکەوە گوتـی، "هـەر تـۆ و ڕۆبێرتـا نیـن وشـە لەسـەر شـت هەڵدەکەنن."

گوتم، "ئەمە چییە؟"

"نزایە."

"بۆ منداڵ؟"

دایکم سەری لەقاند.

"بۆ من؟"

جارێکی تر سەری لەقاند.

"لەسەر درەخت؟"

"درەختـەکان بەدرێژاییـی ڕۆژ سـەیری سـەرەوە دەکـەن و ڕوویـان لـە خودایـە."

بە دەموچاومدا دیار بوو گاڵتەم لە شتەکە دێت.

دایکـم دەسـتەکانی بـە هێمـای بێدەسـەڵاتی بـەرز کـردەوە، "دەزانـم، پێـم دەڵێـی بـە خـوا تـۆش بێتامـی، دایـە."

دایکم جارێکی تـر دەسـتی لـە قـەدی درەختەکـە دا و همێکـی کرد. لـەوە دەچـوو بیـر لـە هەمـوو ئـەو شـتانە بکاتـەوە، کـە لـەو پاشـنیوەڕۆیەوەی هاتبوومەتـە دونیـاوە، ڕوویـان دابـوو. دەمگوت ئەگـەر هەمـوو چیرۆکەکـە بزانێت، دەبێت ئـەو دەنگەی دەری کـرد، بگۆڕێـت بـۆ چ دەنگێـک.

دایکم چـوو بـەولاوە و گوتـی، "ئـێ، چارلـی، ئێسـتا دەزانـی



Scanned by CamScanner

چەند بەپەرۆشەوە یەکێک تۆی ویستووە. هەندێک جار، منداڵان ئەمەیان بیر دەچێتەوە. لەجیاتیی ئەوەی خۆیان وەک هیوایەک ببینن کە هاتووەتە دی، خۆیان وەک بارێکی قورس دەبینن."

دایکم خۆی ڕێک کردەوە و دەستی بە قاپووتەکەیدا هێنا. دەمویست بگریم. من هیوایەک بوو بێتم و هاتبمە دی؟ چەند دەمێک بوو هیچ کەسێک وەسفێکی نەکردبووم؟ دەبوو سوپاسگوزار بم، دەبوو شەرم بکەم لەوەی ئاوا پشتم لە ژیانی خۆم کردبوو. کەچی دەمویست بخۆمەوە، تامەزرۆی تاریکیی بارەکان بووم، تامەزرۆی گڵۆپە کزەکانیان و تامی ئەو ئەلکهولە سرکەرە، لە کاتێکدا دەمبینی چۆن پەرداخەکەم بەتاڵ دەبێتەوە و دەمزانی تا زووتر ئەلکهولەکە بگاتە خوارەوە، زووتر لەگەڵ خۆی دەمبات.

بەرەو ڕووی دایکم هەنگاوم نا و دەستم خستە سەر شانی. بەشێک لە من چاوەڕوانی ئەوە بوو، وەک فیلمی خێو و شتی وا دەستم ڕێک بەناو شانیدا بچێتە خوارەوە، بەڵام وا نەبوو. دەستم لە جێی خۆی مایەوە و لەژێر قوماشەکەوە هەستم بە ئێسقانە باریکەکانی کرد.

"تۆ مردی."

ئەو ڕستە کورتە لە دەممەوە دەر پەڕی.

شنەبایەکی لەناکاو کۆمەڵێک گەڵای وەریوی بڵاو کردەوە.

دایکم گوتی، "تۆش شت زۆر گەورە دەکەی."

هەموو خەڵک پۆزی بینێتۆیان پێ قسەزان بوو، بەڵام بەپێچەوانەی زۆربەی قسەزانەکانەوە، پۆزی بینێتۆ گوێگرێکی



Scanned by CamScanner

باشیش بوو. لە نەخۆشخانە گوێی لە نەخۆشەکان دەگرت، لە ڕۆژە گەرمەکانی هاویندا، لەسەر کورسیی کەناردەریا گوێی بۆ دراوسێکانمان دەگرت، حەزی لە نوکتە و قسەی خۆش بوو، هەرکەسێک بیهێنایەتە پێکەنین، دەستێکی بە شانیدا دەکێشا. دایکم سەرنجڕاکێشیش بوو، هەموو خەڵک لە مێشکی خۆیاندا ناویان نا بوو *پۆزییە سەرنجڕاکێش.*

وا دیار بوو ئەوە تەنها ئەو کاتە دەیخوارد، کە دەستە گەورەکانی باوکم لە ناوقەدیدا بوون. هەر کە دایکم لە باوکم جیا بووەوە و لە دەستی ئەو دەربازی بوو، ژنانی تر نەیاندەویست ژنێکی وا سەرنجڕاکێش لە مێردەکانیان نزیک ببێتەوە.

بەم شێوەیە، دایکم هەموو هاوڕێکانی دۆڕاند. خۆ ئەگەر تاعوونیشی هەبووایە، هەر وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. ئەو کۆنکەنەی خۆی و باوکم لەگەڵ دراوسێکاندا دەیانکرد، نەما، بانگکردنی بۆ ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، ئەوە هەر هیچ. لە چواری جولایی هەموو ساڵێکدا، هەموو شوێنێک بۆنی خەڵووزی لێ دەهات، کەچی کەس بۆ گۆشتبرژاندنەکە بانگی نەدەکردین. لە کریسمسدا، ئوتومبێل لە بەردەم ماڵەکاندا دەوەستێنران و لە پەنجەرەکانەوە خەڵکەکەی ناوەوە دیار بوون، دەهاتن و دەچوون، بەڵام دایکی من بۆخۆی لە چێشتخانەکەدا دەمایەوە و هەویری پسکیتی دەشێلا.

لێمان دەپرسی، "ناچی بۆ ئەو ئاهەنگە؟"

ئەویش دەیگوت، "ئێمە خۆمان لێرە ئاهەنگمان هەیە."

دایکم بۆیە وای دەکرد، تا وا دەر بکەوێت کە هەر خۆی مەبەستی بووە تەنیا ئەو سیانەمان بین. بۆ ماوەیەکی زۆر

وام دەزانی شەوی سەری ساڵ بۆنەیەکی خێزانییە، کە تیایدا نەستەلەی شل بەسەر ئایسکریمەکەتدا دەکەیت و لەلای تەلەڤزیۆنەکەوە فوو بە فیکەی ڕەنگاوڕەنگدا دەکەیت. لام سەیر بوو کاتێک زانیم هاوڕێ هەرزەکارەکانم لەو شەوەدا دەیدەن بەسەر دۆلابی هەڵگرتنی خواردنەوەی ئەلکهولی خێزانەکانیاندا، چونکە کاتژمێر هەشت، دایک و باوکیان خۆیان دەگۆڕن و دەڕۆن.

هاوڕێکانم لێیان دەپرسیم، "واتە تۆ بۆ شەوی سەری ساڵ لەگەڵ دایکتدا لەماڵەوە گیر دەخۆی؟"

منیش بەنارەزاییەوە وەڵامم دەدایەوە، "بەڵێ."

لە ڕاستیدا، ئەوە دایکە سەرنجڕاکێشەکەم بوو، کە گیری دەخوارد.



Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

هەر زوو، پێش ئەوەی باوکم ماڵ چۆڵ بکات، من باوەڕم بە بابەنۆئێل نەمابوو، بەڵام ئێستا ڕۆبێرتا تەمەنی تەنها شەش ساڵە و هەموو ڕۆتینەکە جێبەجێ دەکات: پسکیت بۆ بابەنۆئێل جێ دەهێڵێت، تێبینیی بۆ دەنووسێت، دەچێتە پەنجەرەکەوە و پەنجە ڕادەکێشێت بۆ ئەستێرەکان و دەپرسێت، "ئەوە ئاسکی ناو بەفرە؟"

یەکەم دیسەمبەرە بەتەنیاین، دایکم دەیەوێت شتێکی تایبەت بکات. بەرگێکی تەواوی بابەنۆئێل پەیدا دەکات: چاکەتە سوورەکەی، پانتۆڵە سوورەکەی، پووت و ڕیشە سپییە گاڵتینەکەی. بۆ ئێوارەی کریسمەس، دایکم بە ڕۆبێرتا دەڵێت کاتژمێر نۆ و نیو بچێتە ناو جێگەوە و هەرچییەک بێت، تا کاتژمێر دە لە ژووری دانیشتنەکە نزیک نەبێتەوە - بێگومان ئەمەش مانای وایە ڕۆبێرتا پێنج خولەک پێش دە خەبەری دەبێتەوە و وەک باز چاودێریی ئەو ناوە دەکات.

لەپشت ڕۆبێرتاوە دەڕۆم و لایتێکم بە دەستەوەیە. لەسەر پلیکانەکان دادەنیشین. لەناکاو، ژوورەکە تاریک دەبێت و گوێمان لە خشەخشە. خوشکەکەم بە دەنگی بەرز هەناسەیەک هەڵدەکێشێت. لایتەکەم هەڵدەکەم و ڕۆبێرتا



Scanned by CamScanner

یەکەم جار بەچرپە و دوایی بەقیژەوە دەڵێت، "چییک، نەکەی!" لایتەکە دەکوژێنمەوە، بەڵام دواتر - چونکە لەو تەمەنەدا- دیسان هەڵی دەکەمەوە و دایکم بە جلی بابەنۆئێل و بەرگەسەرینێکەوە دەبینم. دایکم ئاوڕ دەداتەوە و هەوڵ دەدات بە دەنگی گڕ بڵێت، "هۆ، هۆ، هۆ! کێیە ئەوەەە."

خوشکەکەم خۆی نزم دەکاتەوە و خۆی دەشارێتەوە، بەڵام من - خۆشم نازانم بۆ - ڕێک لایتەکە دەدەم لە دەموچاوە ڕیشنەکەی دایکم، بە جۆرێک، دایکم ناچار دەستەکەی تری دەگرێت بە چاویەوە.

جارێکی تر هەوڵ دەداتەوە، "هۆ، هۆ، هۆ!"

ڕۆبێرتا، وەک مێروو، بەچیچکانەوە دانیشتووە و بەدزییەوە لەسەر پشتەدەستیەوە سەیر دەکات، بەچپە دەڵێت، "چیک، بیکوژێنەرەوە، دوایی دەترسێ و دەڕوا!"

بەڵام من دۆخەکە بە بێمانا دەبینم، ئەوە دەبینم، کە چۆن دەبێت لەمەودوا بەناچاری هەموو شتێک بەدرۆ بکەین: لەسەر نانی ئێوارە تەنیا سێ کەس دەبین و دەبێ بڵێین هەموومانین، بابەنۆئێلەکەمان ژن دەبێت، دەبێت بڕوا بکەین کە خێزانێکی تەواوین، نەک سێ لەسەر یەکی خێزانێک.

بەساردی دەڵێم، "هیچ نییە، دایەیە."

دایکم دەڵێت، "هۆ، هۆ، هۆ!"

ڕۆبێرتا دەڵێت، "نەخێر، ئەو نییە."

"با ئەوە، گێژە. بابە نۆئێل کەی کچە."

ڕووناکییەکە لەسە دایکم لا نابەم. دایکم شێوەی ڕاوەستانەکەی دەگۆڕێت – سەری بۆ دواوە شل دەکات، ئینجا خۆی کووڕ دەکاتەوە، وەک بابەنۆئێلێکی هەڵهاتوو، کە

پۆلیس گرتبێتی. ڕۆبێرتا دەست دەکات بە گریان. دەزانم دایکم دەیەوێت هاوارم بەسەردا بکات، بەڵام ناتوانێت، دوایی درۆکەی ئاشکرا دەبێت، لە ژێر کڵاو و ڕیشە لۆکەکەیەوە سەیرم دەکات و هەست دەکەم ئامادەنەبوونی باوکم، باڵی بەسەر هەموو ژوورەکەدا کێشاوە. دواجار، دایکم بەرگە سەرینەکە، کە پڕە لە دیاریی بچووک بچووک، لەسەر زەویی ژوورەکە فڕێ دەدات و جگە لە "هۆ، هۆ!"یەکی تر، هیچی تر نالێت و لە دەرگای پێشەوە دەچێتە دەرەوە. خوشکەکەم بەدەم گریانەوە ڕادەکاتەوە ناو جێگەکەی خۆی، منیش لەسەر پلیکانەکان دەمێنمەوە و لایتەکەی دەستم، ژوورێکی چۆڵ و دارێکی کریسمس ڕووناک دەکاتەوە.



Scanned by CamScanner

# ڕۆژ

بەردەوام بووین لە گەڕان بە گەڕەکە کۆنەکەماندا. ئێستا ئیتر گەیشتبوومە ئەوەی بەگومانەوە ئەوە قبوڵ بکەم، کە ڕووی دەدا - نازانم چیی پێ دەگوترێت؟ - ئەقڵلەدەستدان بۆ ماوەیەکی کاتی یان چی؟ من ئامادە بووم لەگەڵ دایکمدا بڕۆم بۆ هەر جێگەیەک، کە ئەو بیەوێت و لەگەڵیدا بم هەتا ئەو کاتەی پێم دەزانرا و دەستبەسەر دەکرام. لە ڕاستیدا، بەشێک لە من نەیدەویست ئەمە کۆتاییی پێ بێت. کاتێک خۆشەویستێکت، کە دەمێکە لەدەستت داوە، دێتەوە بەردەمت، ئەوەی نکووڵی لە دۆخەکە دەکات، مێشکتە، نەک دڵت.

یەکەم ژن کە ئەو ڕۆژە دایکم سەردانی دەکرد، ژنێک بوو لە خانوویەکی خشتی بچکۆلانەی ناوەڕاستی *شەقامی لیها*ی دەژیا، کە دوو کۆڵان ئەودیو ماڵی خۆمان بوو. کەپرێکی ئاسن بەسەر هەیوانی ماڵی ژنەکەوە بوو، ئینجانەیەکی لاکێشەییی پڕ لە چەویش لە هەیوانەکە بوو. ئێستا ئیتر هەوای بەیانی کزەیەکی زۆری هەبوو، ڕووناکیی خۆریش سەیر دەر دەکەوت، بە شێوەیەک، سنووری شت و دیمەنەکانی زۆر بەزەقی دەر دەخست - وەک ئەوەی بە مەرەکەب کێشرابن. تا ئێستا کەسم نەدیبوو، بەڵام جارێ



Scanned by CamScanner

هەر بەیانی بوو، زۆربەی خەڵکیش لە ئیش بوون.

دایکم پێی گوتم، "لە دەرگا بدە."

لە دەرگام دا.

"گوێی گرانە، قاییمتر لێی بدە."

کێشام بە دەرگاکەدا.

"جارێکی تر لێی بدەرەوە."

ئەم جارەیان خەریک بوو دەرگاکە دەر بهێنم.

دایکم گوتی، "ئێجگار واشم نەگوت."

دواجار، دەرگاکە کرایەوە. ژنێکی بەتەمەن، بە ڕۆبێک و دارشەقێکی چوارقاچەوە دەرکەوت و خەندەیەکی شێواوی خستە سەر لێوەکانی.

دایکم بە دەنگێکی پڕئاوازەوە بە ژنەکەی گوت، "بەیانیت باش، ڕۆز. کوڕێکی گەنجم لەگەڵ خۆم هێناوە."

ڕۆز گوتی، "ئۆوو!"

دەنگی هێندە بەرز بوو، لە هیی باڵندەیەک دەچوو. "بەڵێ، دەزانم."

"چارلی کوڕمت لەبیرە؟"

"ئۆوو! بەڵێ، بەڵێ، بیرمە."

ڕۆز چووە دواوە و گوتی، "فەرموون، فەرموون."

ماڵەکەی ڕۆز ڕێکوپێک و بچووک بوو، لەوەش دەچوو لەساڵی ١٩٧٠دا چەقیبێت و بەرەو سەرووتر نەهاتبێت. ڕەنگی فەرشەکە شینی چوویتی بوو، قەنەفەکانیش بە پلاستیکی ئاوی ڕووپۆش کرابوون. دوای ڕۆز کەوتین بۆ ئەو ژوورەی جلشۆرەکەی لێ بوو. لەبەر ئەوەی لەپشت ڕۆز و دارشەقەکەیەوە دەڕۆیشتین، هەنگاوەکانمان زۆر کورت و

خاو بوون.

دایکم پرسیی، "ڕۆز، ڕۆژەکەت خۆشە؟"

ڕۆز گوتی، "ئۆوو، بەڵێ، بە بینینی ئێوە."

"چارلیی کوڕمت بیر ماوە؟"

"ئۆووو، بەڵێ، کوڕێکی قۆزە."

لە کاتێکدا پشتی لێم بوو، ئەمەی گوت.

"ئەی ڕۆز، منداڵەکان چۆنن؟"

"گوتت چی؟"

"منداڵەکانت؟"

ڕۆز دەستی ڕاوەشاند، "ئۆووو، هەفتەی جارێک سەردانم دەکەن... وەکوو ئەرکێک و تەواو."

لەو کاتەدا، نەمدەزانی ڕۆز کێ یان چی بوو. تارمایی بوو؟ ڕاستەقینە بوو؟ ماڵەکەی زۆر لە ڕاستەقینە دەچوو. گەرمکەرەوەکە هەڵکرابوو، بۆنی تۆستی برژاوی نانی بەیانی، هێشتا لە ماڵەکەدا دەهات. چووینە لای جلشۆرەکە، لەوێ، لای سینکێکەوە، کورسییەک دانرابوو. ڕادیۆیەکیش هەڵکرابوو و گۆرانیی تیپێکی مۆسیقی ناسراوی بە دەنگی بەرز لەسەر بوو.

ڕۆز، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، پێی گوتم، "ئا کوڕی باش، ئەوە ناکوژێنیتەوە؟ ڕادیۆکە دەڵێم. هەندێک جار زیادلەپێویست بەرزی دەکەمەوە."

دوگمەکەم دۆزییەوە و کوژاندمەوە.

ڕۆز گوتی، "شتێکی ناخۆش بووە، نەتبیستووە؟ ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگە سەرەکییەکە ڕووی داوە. لە هەواڵەکاندا باسی کرد."

لە جێی خۆم وشک بووم.

ئۆتومبێلێک خۆی داوە بە لۆرییەکدا و خۆی کێشاوە بە تەختەی ڕیکلامێکدا و خستوویەتی. بەڕاستی ڕووداوێکی ناخۆشە."

چاوم گێڕا بۆ دەموچاوی دایکم، چاوەڕێم دەکرد ئاوڕ بداتەوە و داوای ڕوونکردنەوەم لێ بکات و بڵێت، چارلی، دانی پێدا بنێ، چیت کردووە.

دایکم، هەر بەدەم دەرهێنانی کەرەستەکان لە جانتاکەی، گوتی، "وایە، ڕۆز، هەواڵەکە ناخۆشە."

ڕۆز گوتی، "ئۆووو، بەڵێ، هەر زۆر."

باشە ئێستا ئەمانە دەیانزانی؟ نەیاندەزانی؟ لەپڕ ساردیی ترسێک بە گیانمدا هات، هەر وەک ئەوەی یەکێک خەریک بێت لە پەنجەرەکان بدات و داوا بکات بچمە دەرەوە.

لەجیاتیی ئەوە، ڕۆز دارشەقەکەی و ئینجا ئەژنۆکانی و شانە لاوازەکانی بە ئاراستەی مندا وەر چەرخاند، "شتێکی جوانە کە ئاوا ڕۆژێک لەگەڵ دایکتدا بەسەر دەبەی. دەبێ منداڵ زیاتر ئەم کارە بکەن."

ڕۆز دەستێکی لەرزیوی خستە سەر پشتی ئەو کورسییەی لای سینکەکەوە بوو، ئینجا گوتی، "ئێ، ئینجا، پۆزی، ئادەی بزانم چۆن جوانم دەکەی!"

ڕەنگە بپرسیت دایکم چۆن دەستی دایە کاری ئارایشتکردنی ژنان. وەک پێشتر باسم کرد، ئەو خۆی پەرستار بوو، زۆریشی حەز لە پەرستاری بوو. ئارامگرییەکەی وەک بیرێکی قووڵ وا بوو، بۆیە دەیتوانی بەبایەخەوە باندج



Scanned by CamScanner

بپێچێت، خوێن لە نەخۆش وەر بگرێت و بە دڵنیاکردنەوەیەکی پڕ لە هیواوە وەڵامی پرسیارە بێکۆتاییە پڕمەراقەکانی نەخۆشەکان بداتەوە. نەخۆشە پیاوەکان پێیان خۆش بوو کەسێکی گەنج و جوانیان بەدیارەوە بێت، نەخۆشە ژنەکانیش سوپاسگوزار بوون کە قژی بۆ شانە دەکردن و یارمەتیی دەدان سووراو بکەن. باوەڕ ناکەم ئەو کاتە ڕێساکەیان وا بووبێت، بەڵام دایکم ئارایشتی بۆ زۆرێک لە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی هەرێمەکە کردووە. دایکم لەو باوەڕەدا بوو، ئەمە وا دەکات تەندروستییان باشتر ببێت. دواجار، ئامانج لە مانەوەی نەخۆشیش لە نەخۆشخانەدا هەر ئەمە نییە؟ دایکم دەیگوت، "ئەی خۆ بۆ ئەوە ناچیتە نەخۆشخانە، تا لەوێ بۆگەن بکەی."

هەندێک جار، لەسەر مێزی نانخواردن نیگایەکی بۆ دوور دەکرد و باسی *خاتوو هالڤرسنە داماو* و ئاوساویی سییەکانی بۆ دەکردین، یان باسی *ڕۆی ئێندیکۆتە داماو* و نەخۆشیی شەکرەکەی دەکرد. جارجار ئیدی باسی نەخۆشێکی نەدەکرد و خوشکەکەشم لێی دەپرسی، "ئەمڕۆ *خاتوو گۆلینسکە پیر* چیی کرد؟" دایکیشم وەڵامی دەدایەوە، "گیانەکەم، ڕۆیشتەوەماڵەوە." باوکیشم برۆکانی بەرز دەکردەوە و سەیری دەکرد، پاشان دەستی دەکردەوە بە جووینی خۆراکەکەی. کە گەورەتر بووم، ئینجا درکم پێ کرد ماڵەوە بە واتای مردووە دەهات. بە هەرحاڵ، لەو کاتانەدا باوکم بابەتەکەی دەگۆڕی.

لە هەرێمەکەماندا، تەنها یەک نەخۆشخانە هەبوو،



Scanned by CamScanner

کاتێکیش باوکم لە ژیانماندا نەما، دایکم، تا دەیتوانی، زیاتر ئیشی دەکرد، ئەمەش واتا نەیدەتوانی دوای قوتابخانە بچێت بەشوێن خوشکەکەمدا. بۆیە زۆربەی ڕۆژ من دەچووم بەشوێن ڕۆبێرتادا و لەگەڵیدا بەپێ دەهاتینەوە بۆ ماڵەوە، پاشان سواری پاسکیلەکە دەبووم و دەچوومەوە بۆ مەشقی یاریی بەیسبۆڵ.

ڕۆبێرتا دەیپرسی، "تۆ بڵێی ئەمڕۆ باوکم لە ماڵەوە بێ؟"

منیش دەمگوت، "نا، گەمژە. چی وا دەکا ئەمڕۆ لەوێ بێ؟"

ئەویش دەیگوت، "چونکە چیمەنەکە بەرز بۆتەوە و دەبێ بیبڕێ،" یان، "چونکە گەڵای زۆر وەریون و دەبێ کۆیان بکاتەوە،" یان، "چونکە ئەمڕۆ پێنجشەمەیە و دایکم پێنجشەممان پەراسووی بەرخ لێدەنێ."

منیش دەمگوت، "باوەڕ ناکەم ئەوە هێندە بەهانەیەکی بەهێز بێ بۆ هاتنەوەی باوکم."

ڕۆبێرتا بۆ ماوەیەک چاوەڕوانی دەکرد، ئینجا ئەم پرسیارەی دەکرد، کە چاوەڕوانکراو بوو، "ئەی باشە چیک، چۆن بوو ڕۆیشت؟"

"نازانم، ڕۆیشت و تەواو، باش؟"

ڕۆبێرتا لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند و دەیگوت، "ئێ ئەوەش بەهانەیەکی هێندە بەهێز نییە بۆ ڕۆیشتن."

پاشنیوەڕۆیەکیان، کاتێک من دوانزە ساڵ بووم و ڕۆبێرتا حەوت ساڵان دەبوو، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەوە دەهاتینە دەرەوە و گوێمان لە هۆڕینێک بوو.

ڕۆبێرتا گوتی، "ئەوە دایەیە،" ئینجا بەڕاکردن بەرەو لای



Scanned by CamScanner

چوو.

دایکم لە ئوتومبێلەکە دانەبەزی - ئەمەش شتێکی سەیر بوو. دایکم هۆڕینلێدانی لەلا جوان نەبوو. چەندین ساڵ دوای ئەوە، دایکم ڕۆبێرتای لەوە ئاگار دەکردەوە، کە هەر کوڕێک هات بە شوێنیدا بۆ ماڵەوە و لەجیاتیی ئەوەی دابەزێت و لە دەرگا بدات، هۆڕینی لێدا، ئەوە شایانی ئەوە نییە لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە. بەڵام ئەم جارەیان، دایکم خۆی لەناو ئوتومبێلەکەدا مایەوە و نەهاتە دەرەوە، بۆیە منیش بەدوای خوشکەکەمدا ڕۆیشتم، لە شەقامەکە پەڕینەوە و سوار ئوتومبێلەکە بووین.

دایکم باش دیار نەبوو. ژێر پێڵووەکانی خوارەوەی چاوی ڕەش بووبوون، بەردەوامیش قوڕگی پاک دەکردەوە. جلوبەرگی پەرستارییە سپییەکانیشی لەبەردا نەمابوو.

پرسیم، "بۆ لێرەی؟" ئەو ڕۆژگارە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دایکمدا دەکرد.

گوتی، "ماچێک بدە بە دایە."

سەرم لە کورسییەکەمەوە هێنا و ماچی قژی کردم.

ڕۆبێرتا پرسیی، "زوو لە ئیش ناردیانیتەوە؟"

"بەڵێ گیانەکەم، شتێکی لەو جۆرە بوو."

دایکم مشەمشێکی کرد. لە ئاوێنەکەی پێشەوەدا سەیری خۆی کرد و ڕەشاییەکەی ژێر چاوی سڕی، "حەزتان لە ئایسکرێمە؟"

خوشکەکەم گوتی، "بەڵێ، بەڵێ!"

منیش گوتم، "من دەبێ بچم بۆ ڕاهێنان."

"ئۆو! ئەی بۆ ئەمڕۆ خۆت نادزیتەوە؟ باش؟"



Scanned by CamScanner

ناڕەزاییم دەر بڕی، "نا، نابێ خۆت لە ڕاهێنان بدزیتەوە، هەر دەبێ بڕۆم."

"ئەمە بە قسەی کێ؟"

"بە قسەی ڕاهێنەرەکان و بە قسەی هەموو کەس."

ڕۆبێرتا گوتی، "دەمەوێ بڕۆم ئایسکرێم بخۆم! ئایسکرێمی پسکیت!"

دایکم گوتی، "بەخێرایی ئایسکرێمێک دەخۆین، باشە؟"

"ئۆف خوایە گیان! نەخێر، باش نییە! تێگەیشتی؟"

سەرم بەرز کردەوە و ڕێک سەیری ناو چاوی دایکمم کرد. ئەوەی بینیم، شتێک بوو، باوەڕ ناکەم هەرگیز پێشتر بینیبێتم: دایکم زۆر سەرلێشێواو دیار بوو.

دواتر زانیم ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانە دەر کرابوو، ئەویش بە هۆکاری ئەوەی هەندێک لە ستافەکە پێیان وا بووبوو لەبەر ئەوەی دایکم سەڵت بوو، سەری لە پزیشکە پیاوەکان تێک دەدا. دواتر زانیم ڕووداوێک لەگەڵ یەکێک لە ئەندامە پلەبەرزەکانی ستافەکەدا ڕووی داوە و دایکم، لەسەر ئەوەی هەڵسوکەوتی نەشیاوی لەگەڵدا کراوە، شکاتی کردووە. لە پاداشتی ئەوەدا کە بەرگریی لە مافی خۆی کردبوو، پێشنیاریان بۆ کردبوو کە "ئیدی شوێنەکە بەکەڵکی ئەو نایەت."

ئینجا دەزانیت شتە سەیرەکە چییە؟ بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەر ئەو ساتەی سەیری چاوەکانی دایکمم کرد، هەموو ئەمانەم درک پێ کرد. بێگومان وردەکارییەکان ناڵێم، بەڵام سەرلێشێواوی سەرلێشێواوییە و من دەمناسییەوە، چونکە خۆشم ئەوە لەسەر دەموچاوم بوو. ڕقم لە دایکم



Scanned by CamScanner

بوو، کە ئاوا ئەو دەربڕینە لەسەر دەموچاوی بوو. ڕقم لێی بوو کە وەک من بێدەسەلات بوو.

لە ئۆتومبێلەکە دابەزیم و گوتم، "ئایسکرێمم ناوێ. دەچم بۆ ڕاهێنان." لە کاتێکدا بە شەقامەکەدا دەپەڕیمەوە، خوشکەکەم لە پەنجەرەکەوە هاواری کرد، "دەتەوێ ئایسکرێمبەپسکیتێکت بۆ بێنینەوە؟" منیش لە دڵی خۆمدا گوتم، بە خوا تۆش گەمژەیت، ڕۆبێرتا، ئاخر ئایسکرێمبەپسکیت زوو دەتوێتەوە.

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

جگەرەکانمی دۆزیوەتـەوە. لـە چەکمەجـەی گۆرەوییەکانمـدان. تەمەنم چوارده سـاڵە.

هاوار دەکەم، "ژوور ژووری خۆمە!"

"چارلـی! پێشـتر باسـی ئەمەمـان کـردووە! پێـم گوتـی جگـەرە مەکێشـە! نازانـی چەنـد خراپـە! تـۆ تێک چـووی شـتی وا دەخـۆی؟"

"تۆش دووڕووی."

دایکـم دەوەسـتێت. ملـی گـرژ دەبێـت، "جارێکـی تـر ئـەو وشـەیە بـەکار نەهێنـی!"

"تۆ خۆت جگەرە دەکێشی! تۆ دووڕووی!"

"ئەو وشەیە بەکار نەهێنیتەوە، ها!"

"بۆ بەکاری نەهێنـم، دایـە؟ ئـەی تـۆ هەمیشـە ناتـەوێ وشـە گـەورەکان بخەمـە ڕسـتەوە؟ ئەمـە ڕسـتەیەکە: تـۆ جگـەرە دەکێشـی، بـەڵام مـن بـۆم نییـە. دایکـم دووڕووە!"

لـە کاتێکـدا بـە دەنگـی بـەرز ئەمـە دەڵێـم، لـە جێـی خـۆم دەجووڵێـم و جووڵەکـە وا دەر دەکەوێت، هێـز و بڕوابەخۆبوونـم پێ ببەخشـێت - وەک ئـەوەی دایکـم نەتوانێت لێم بـدات. ئەمـە دوای ئەوەیـە، ئیشـێکی لـە ئارایيشـتگەیەکی ژنـان دۆزیوەتـەوە



Scanned by CamScanner

و لەبری جلوبەرگی پەرستارییە سپییەکانی، جلی مۆدە لەبەر دەکات – وەک ئەو سێچارەک و بلووزە پیرۆزەیییەی ئێستا لەبەریدایە. ئەم جلانە لەشولاری دەر دەخەن و زۆرم ڕق لێیانە.

دایکم جگەرەکان دەگرێت و هاوار دەکات، "ئەمانە دەدەی بە من، لە ماڵیش ناچیتە دەرەوە!"

نیگایەکی تووڕەی تێ دەگرم و دەڵێم، "لام گرنگ نییە. ئینجا تۆ بۆ دەبێ بەم شێوەیە خۆت بگۆڕی؟ قێزم لێت دێتەوە!"

"چیت لێم دێتەوە؟" ئێستا ئیتر دایکم هەڵی کوتاوەتە سەرم و بە زللە کەوتووەتەسەر دەموچاوم، "چیت لێم دێتەوە؟" – زللەیەک – "قێزت دێتەوە؟" – زللەیەکی تر – "قێزت دێتەوە؟" – زللەیەکی تریش – "ئاوات..." – دیسان زللەیەک – "...گوت؟" – دوو زللەی تر – "ئاوا سەیری من دەکەی؟"

هاوار دەکەم، "نا! نا! بەسە وا مەکە!"

بە دەستم، سەرم دادەپۆشم، خۆم نزم دەکەمەوە و دەڕۆم. بە پلیکانەکاندا دەچمە خوارەوە، پاشان بۆ گەراجەکە و لەوێوە بۆ دەرەوە. تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی تاریک دادێت، هەر لە دەرەوە دەبم. کە دواجار دەگەڕێمەوە ماڵەوە، دەرگای ژوورەکەی دایکم داخراوە و گوێم لە دایکمە، پێم وا بێت دەگری. دەچم بۆ ژوورەکەم. جگەرەکان هێشتا لەوێن. دانەیەک دادەگیرسێنم و منیش دەست دەکەم بە گریان.

# منداڵی شەرمەزار

ڕۆز سەری بۆ ناو سینەکە بردبووە دواوە، دایکیشم لە سۆندەیەکەوە، کە بە بەلووعەکەوە کرابوو، ئاوی بە قژیدا دەکرد. دیار بوو ئەمە ڕۆتینێکی تایبەتیی خۆیان بوو. سەرین و خاولییان خستبووە سەر یەک، تا سەری ڕۆز بەباشی بوەستێت، دایکیشم بەو شێوەیە دەیتوانی بە دەستەکەی تری دەست بە قژە تەڕەکەی ڕۆزدا بهێنێت.

دایکم گوتی، "گیانەکەم، گەرمییەکەی باشە؟"

"ئۆوو، بەڵێ، گیان، باشە."

ڕۆز چاوەکانی داخست، ئینجا گوتی، "چارلی، دەزانی لە گەنجیمەوە هەر دایکت قژم بۆ جوان دەکا؟"

دایکم گوتی، "ڕۆز، ئێستاش دڵت هەر گەنجە."

"هەر ئەوێم گەنج ماوە."

هەردووکیان پێکەنین.

"کە دەچووم بۆ ئارایشتگەکە، هەر داوای پۆزیم دەکرد. ئەگەر پۆزیی لێ نەبووایە، دەڕۆیشتم و ڕۆژی دواتر دەچوومەوە. پێیان دەگوتم، ئەی نابێ کەسێکی تر بۆت ببڕێ؟ منیش دەمگوت، لە پۆزی زیاتر، کەس دەستم لێ نادا."



Scanned by CamScanner

دایکم گوتی، "ڕۆز گیان، ئەوە باشیی خۆتە، بەڵام کچەکانی تریش باش بوون."

"ئێ دە تۆ وس بە، با تۆزێک خۆمت پێوە با بدەم. چارلی، دایکت هەمیشە کاتی بۆ من تەرخان دەکرد. هەر کە باری تەندروستیم لەوە خراپتر بوو بچم بۆ ئارایشتگە، خۆی هەموو هەفتەیەک دەهات بۆ لام."

ڕۆز بەنەرمی، بە پەنجە لەرزۆکەکانی، کێشای بە قۆڵی دایکمدا و گوتی، "سوپاس، گیانەکەم، بۆ هەموو ئەو شتانە."

"ڕۆز گیان، پێویست بە سوپاس ناکا."

"خۆشت زۆر جوان بووی."

بینیم دایکم زەردەخەنەیەکی کرد. چۆن دەکرا شانازی بە شتنی سەری یەکێک لە سینکێکدا بکات؟

دایکم گوتی، "ڕۆز، باسی جوانیت کرد، ئەگەر کچەکەی چارلی دەبینی، بەو منداڵییە، دڵی هەزارانی شکاندووە."

"بەڕاستتە؟ ناوی چییە؟"

"ماریا، چارلی وا نییە، دڵی هەزارانی نەشکاندووە؟"

لەکوێ دەمتوانی وەڵامی شتێکی وا بدەمەوە. دوایین جار کە دایکم و ماریا یەکتریان بینیبوو، هەشت ساڵ لەوەوبەر بوو، لەو ڕۆژەدا کە دایکم مرد. ئەوکات ماریا هێشتا هەرزەکار بوو. چۆن دەکرا پێی بڵێم لەدوای ئەوەوە چی ڕووی دابوو؟ پێم بگوتایە لە ژیانی کچەکەمدا نەمابووم و کچەکەم ناوی خانەوادەیەکی تری وەر گرتبوو؟ پێم بگوتایە ئابڕووم وا چووبوو، کە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی بانگ نەکرابووم؟ ماریا ئەوسا خۆشی دەویستم، بەڕاستی خۆشی دەویستم. کاتێک لە ئیش دەگەڕامەوە، بەرەو ڕووم



Scanned by CamScanner

ڕای دەکرد، دەستەکانی بەرز دەکردەوە و هاواری دەکرد، "بابە، هەڵم بگرە!"

ئەیٚ چی ڕووی دا؟

دواجار لەژێر لێوەوە گوتم، "من بۆ ماریا مایەی شەرمەزاریم."

دایکم گوتی، "قسەی بێمانا مەکە."

دایکم سەری بەرز کردەوە و سەیری کردم، ئینجا شامپۆی لەنێوان لەپی دەستەکانیدا بڵاو کردەوە. منیش سەرم دانەواند. خراپ پێویستیم بە خواردنەوەیەک بوو. دەمتوانی هەست بە چاوەکانی دایکم بکەم، گوێشم لە پەنجەکانی بوو، کە بەسەر بێخی سەری ڕۆژدا دەهاتن و دەچوون. لەناو هەموو ئەو شتانەدا کە شەرمەزاری لای دایکمیان کردبووم، ئەوەی کە باوکێکی بێکەڵکم لێ دەر چووبوو، لە هەموویان خراپتر شەرمەزاری دەکردم.

لەناکاو دایکم گوتی، "ڕۆز، دەزانی چی؟ چارلی هەرگیز نەیهێشتووە سەری بۆ چاک بکەم. باوەڕ دەکەی؟ سوور بوو لەسەر ئەوەی بچێ بۆ سەرتاشخانە."

"بۆچی، گیان؟"

"ئێ خۆت دەزانی. کە دەگەنە تەمەنێک، ئیتر پێت دەڵێن، دایە لا بچۆ، دایە لا بچۆ."

ڕۆز گوتی، "ئیتر دایک و باوک مایەی شەرمەزارین بۆ منداڵەکانیان."

دایکم قسەکەی ئەوی دووبارە کردەوە، "دایک و باوک مایەی شەرمەزارین بۆ منداڵەکانیان."

ئەو قسەیە ڕاست بوو، بەهەرزەکاری دایکم لە خۆم



Scanned by CamScanner

دوور دەخستەوە. ڕازی نەدەبووم لە سینەما لەتەنیشتییەوە دابنیشم، کە ماچی دەکردم، خۆم گرژ دەکرد و دەمویست لێی دەرباز ببم. هەستم بە ناڕەحەتی دەکرد بەرامبەر لەشولاری مێینەی و پەست بووم لەوەی ئەو تاکە ژنی تەلاقدراو بوو لەو ناوچەیەدا. دەمویست وەک دایکەکانی تر مامەڵە بکات، عەزیی ماڵەوە لەبەر بکات و بابەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ببڕێت و بیانلکێنێت بە دەفتەرێکەوە و کێکی براونی دروست بکات.

"هەندێک جار منداڵەکانت شتی وا خراپت پێ دەڵێن، لە خۆت دەپرسی، ئەرێ ئەمە منداڵی منە؟ وا نییە، ڕۆز؟"

ڕۆز پێکەنی.

"بەڵام زۆربەی کات تەنیا ئەوەیە شتێک ئازاریان دەدا و دەبێ چارەسەری بکەن."

دایکم نیگایەکی تێ گرتم و گوتی، "بیرتە، چارلی. هەندێک جار، منداڵان خۆیان چەندە ئازار دەچێژن، دەیانەوێ تۆش ئەوەندە ئازار بچێژی."

خۆیان چەندە ئازار دەچێژن، دەیانەوێ تۆش ئەوەندە ئازار بچێژی؟ ئەمە ئەوە بوو کە من کردبووم؟ دەمویست لە دەموچاوی دایکمدا ئەو ڕەتکردنەوە و بایەخنەدانە ببینم، کە لەلایەن باوکمەوە هەستم پێ دەکرد؟ ئەی کچەکەشم هەمان شتی بەرامبەر بە من کردبوو؟

بەچپە گوتم، "دایە، هیچ مەبەستێکم لەپشت ئەوەوە نەبوو."

"لەپشت چییەوە؟"

"شەرمەزاربوونەکانم لە تۆ، یان جلەکانت یان...



Scanned by CamScanner

جیابوونەوەکەت."
دایکم شامپۆکەی دەستی شت، ئینجا ئاوەکەی خستە سەر بێخەسەری ڕۆز.
"منداڵێک کە دایکی مایەی شەرمەزاری بێ بۆی، منداڵێکە، جارێ زۆر لە دنیا تێنەگەیشتووە."

لە کتێبخانەکە کاتژمێرێکی لێ بوو، لەو جۆرەی باڵندەیەکی لێ دێتە دەرەوە. زەنگی نزمی ئەو کاتژمێرە و دەنگێکی میکانیکیی بێدەنگییەکەی تێک دا. دایکم بە شانە و مەقەستێک سەرتاڵەکانی قژی ڕۆزی دەبڕی.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا.

ڕۆز گوتی، "چارلی گیان، دەتوانی وەڵامی ئەو تەلەفۆنەم بۆ بدەیتەوە؟"

چووم بۆ ژوورەکەی تر و دوای دەنگی تەلەفۆنەکە کەوتم، تا ئامێرێکی تەلەفۆنم بینی بە دیوارێکەوە، لە دەرەوەی چێشتخانەکە هەڵواسرابوو.

تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و گوتم، "بەڵێ؟"

ئیتر هەموو شتێک گۆڕا.

"چارلز بینێتۆ؟"

پیاوێک بوو، هاواری دەکرد.

"چارلز بینێتۆ! گوێت لێمە، چارلز؟"

لە جێی خۆم وشک بووم.

"چارلز؟ دەزانم گوێت لێمە! چارلز! ڕووداوێک ڕووی داوە! وەڵاممان بدەرەوە!"

بە دەستی لەرزیوەوە تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

سێ ساڵ دوای ڕۆیشتنی باوکمە. لە نیوەشەودا، لە تەپەی پێی خوشکەکەم، کە بە ڕاڕەوی نێوان ژوورەکانماندا ڕادەکات، خەبەرم دەبێتەوە. ڕۆبێرتا هەمیشە فێرە بۆ ژوورەکەی دایکم ڕادەکات. دەموچاوم دەخەمە ناو سەرینەکەمەوە و خەوم لێ دەکەوێتەوە.

"چارلی!"

لەناکاو، دایکم لە ژوورەکەمدا دەبینم، بە چرپەیەکی کەمێک بەرز دەڵێت، "چارلی! کوا داری بەیسبۆڵەکەت؟"

بۆڵەیەکم لێوە دێت و بە ئانیشکم خۆم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم، "ها؟"

خوشکەکەم لەولاوە دەڵێت، "شششش!"

دایکم دەڵێت، "داری بەیسبۆڵ."

"ئێ بۆچیتە؟"

خوشکەکەم دەڵێت، "شششش،"

دایکم دەڵێت، "ڕۆبێرتا گوێی لە شتێک بووە."

"دز هاتووەتە سەرمان؟"

خوشکەکەم هەر دەڵێت، "شششش!"

دڵم پەلەپەل دەکات. من و ڕۆبێرتا بەو تەمەنەوە



Scanned by CamScanner

بیستبووومان *پشیلەدز* چییە، بەڵام وا تێگەیشتبووین کە گوایە پشیلە دەدزن - بەڵام لە ڕاستیدا پشیلەدز ئەو دزانە بوون، کە بۆ قاتی سەرەوەی ماڵان هەڵدەگەڕان. من و خوشکەکەم باسی ئەو دزانەشمان بیستبوو، کە دەچوونە سەر ماڵێک و هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان دەبەستەوە. من یەکسەر بیرم لە شتێکی زۆر خراپتر دەکەمەوە، کەسێک کە بەدزییەوە هاتووەتە ماڵەکەمانەوە و تەنیا ئامانجی ئەوەیە هەموومان بکوژێت.

"چارلی؟ دارەکە؟"

پەنجەم ڕادەکێشم بۆ کەنتۆرەکەم. سینگم بەرز و نزم دەبێتەوە. دایکم داری بەیسبۆڵەکەم، کە ڕەشە و جۆری لویسڤیڵ سلڤەرە، دەدۆزێتەوە. خوشکەکەشم دەستی دایکم بەر دەدات و باز دەداتە ناو جێگەکەی منەوە. چنگم لە دۆشەکەکەم گیر دەکەم، دڵنیا نیم دەبێت چی بکەم.

دایکم بەنەرمی دەرگاکە دەکاتەوە و دەچرپێنێت، "لێرە بن!"

دەمەوێت بە دایکم بڵێم دارەکەی بەهەڵە گرتووە، بەڵام فریای ناکەوم و دەڕوات.

خوشکەکەم لەتەنیشتمەوە هەڵدەلەرزێت. شەرم دەکەم لەوەی لەتەنیشتیەوە خۆم خڕ کردووەتەوە، بۆیە هەرچەندە خوشکەکەم بە جۆرێک بیجامەکەم ڕادەکێشێت، خەریکە دەیدڕێنێت، من لە جێگەکە دێمە دەرەوە و لەناو دەرگاکەدا دەوەستم.

لە ڕاڕەوەکەدا گوێم لە هەموو جیڕەیەکی ماڵەکەیە و لەگەڵ هەریەکێکیاندا، دزێکم بە چەقۆیەکەوە دێتە بەرچاو.

گوێم لە دەنگێکە، کە لە تەپەیەکی کپ دەچێت. گوێم لە دەنگی پێیە. پیاوێکی زلەی دەمووچاوسوورهەڵگەڕاوم دێتە بەرچاو، کە بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوێت و بۆ من و خوشکەکەم دێت. ئینجا گوێم لە دەنگێکی ڕاستەقینە دەبێت، دەنگی شکانی شتێک. پاشان گوێم لە... دەنگی خەڵک دەبێت؟ ئەوە دەنگی خەڵکە؟ بەڵێ. نەخێر. بوەستە، ئەوە دەنگی دایکمە، وایە؟ دەمەوێت ڕابکەمە خوارەوە. دەمەوێت ڕابکەمەوە ناو جێگەکەم. گوێم لە دەنگێکی گڕترە – ئەوە دەنگی کەسێکی ترە؟ دەنگی پیاوێکە؟

تفێک قووت دەدەم.

چەند ساتێک دوای ئەوە، گوێم لە دەرگایەکە دادەخرێت - بەقاییمی دادەخرێت - پاشان گوێم لە ترپەی پێیە بەرەو لای من دێت.

دەنگی دایکم پێش خۆی دەگاتە لام و دەڵێت، "هەموو شتێک باشە، خەمتان نەبێ، هیچ نییە." ئیتر بەچرپە قسە ناکات، بەخێرایی دێتە ژوورەکەوە و لە کاتێکدا بە بەردەممدا تێدەپەڕێت بۆ لای خوشکەکەم، دەستێک بە قژمدا دەهێنێت. داری بەیسبۆڵەکە فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە و زرینگەیەکی لێوە دێت. خوشکەکەم دەگری، دایکیشم پێی دەڵێت، "هەموو شتێک باشە، هیچ نییە."

پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەمەوە و کەمێک خۆم نزم دەکەمەوە. دایکم باوەش بە خوشکەکەمدا دەکات و هەناسەیەک دەداتەوە، هەناسەدانەوەکانی زۆرتر دەخایەنن لە هیی هەرکەسێکی تر، کە بینیومە.

دەپرسم، "کێ بوو؟"

دایکم دەڵێت، "هیچ، کەس نەبوو،" بەڵام دەزانم درۆ دەکات. من دەزانم کێ بوو.

دەستێکیم بۆ ڕادەکێشێت و دەڵێت، "وەرە چارلی." بەهێواشی بەرەو لای دەچم و دەستەکانم لەملا و ئەولای خۆمەوە بەر داوەتەوە. دایکم ڕام دەکێشێت بۆ لای خۆی، بەڵام بەرگری دەکەم. زۆر لێی پەستم. هەتا ئەو ڕۆژەش کە بۆ هەتاهەتایە ئەو ماڵە بەجێ دەهێڵم، هەر لێی پەستم. دەزانم کێ بوو. پەستم لێی کە نەیهێشت باوکم بێتە ژوورەوە بۆ لامان.

کاتێک خۆم کردەوە بە ژوورەکەدا، دایکم دەیگوت، "خەمت نەبێ، ڕۆز، نیوسەعاتی تر جوان دەبێ."

ڕۆز لێی پرسیم، "گیان، تەلەفۆنەکە کێ بوو؟"

بەزەحمەت توانیم سەرم ڕابوەشێنم. پەنجەکانم دەلەرزین.

دایکم پرسیی، "چارلی؟ باشی؟"

"کەس نە..." تفێکم قووت دا و بەردەوام بووم، "کەس قسەی نەکرد."

ڕۆز گوتی، "ڕەنگە کارمەندێکی فرۆشتن بووبێت. کاتێک کە دەزانن پیاوە، ئیتر ئەوانیش دەترسن و هیچ نالێن. حەزیان بە ژنی پیری وەک منە."

دانیشتم و لەناکاو هەستم بە شەکەتی کرد، ئەوەندە هیلاک بووم، سەرم بۆ بەرز نەدەکرایەوە. باشە ئەوە چی بوو ڕووی دا؟ ئەوە دەنگی کێ بوو لە تەلەفۆنەکەدا؟ چۆن زانیویانە من لێرەم و نەشهاتوون بمبەن؟ هەتا زیاتر هەوڵم بدایە بیر لە شتەکە بکەمەوە، سەرم زیاتر گێژی دەخوارد.

دایکم پرسیی، "چارلی، هیلاکیت؟"

"تەنها... تۆ یەک تۆز لێم بۆستە."

چاوەکانم داخران.

گوێم لە دەنگێک بوو گوتی، "بخەوە،" بەڵام بابیی ئەوەندە هۆشم بەسەر خۆمەوە نەبوو، تا بتوانم جیای بکەمەوە دایکم بوو یان ڕۆز.



Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

تەمەنم پانزە ساڵە و بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا پێویستم بەوەیە ڕیشم بتاشم. تاڵەمووی بڵاو بە چەناگەمەوەوە و تاڵەسمێڵی باریک و بژ بە بەرسمێڵمەوەن. شەوێکیان، دوای ئەوەی ڕۆبێرتا دەخەوێت، دایکم بانگم دەکات بۆ گەرماوەکە. گوێزانێکی جیلێت و دوو دەمەگوێزانی ستیل و مەعجوونێکی ڕیشتاشینی جۆری *بورما شەیڤ* کڕیوە.

"دەزانی چۆن ڕیشت بتاشی؟"

منیش دەڵێم، "بێگومان، بێگومان." لە ڕاستیدا هیچیشی لێ نازانم.

دایکم پێم دەڵێت، "دەی، بتبینم."

مەعجوونەکە دەگوشم و هەویرەکەی دەدەم لە دەموچاوم.

دایکم دەڵێت، "جوان لێی هەڵبسوو."

مەعجوونەکە لە دەموچاوم هەڵدەسووم، تا ڕوومەت و چەناگەم بە مەعجوون دادەپۆشرێن، ئینجا گوێزانەکە هەڵدەگرم.

دایکم دەڵێت، "ئاگات لە خۆت بێ، بە یەک ئاڕاستەدا بیبە، نەک بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوەش."

بەبێزارییەوە پێی دەڵێم، "دەزانم." نارەحەتم لەوەی دەبێت



Scanned by CamScanner

ئەم ئیشە لە بەردەم دایکمدا بکەم. دەبوو لە بەردەم باوکمدا بووایە. من و دایکم، هەردووکمان ئەمە دەزانین، بەلام هیچمان نایڵێین.

بەقسەی دایکم دەکەم. گوێزانەکە بە ئاراستەیەکدا دەبەم و دەبینم کریمەکە لێ دەبێتەوە و خەتێکی پان دروست دەکات. کە گوێزانەکە بە چەناگەمدا دێنم، دەچەقێتە گۆشتەکەم و هەست دەکەم دەیبڕێ.

"ئۆی، چارلی، ئازارت نەبوو؟"

دایکم دەست بۆ دەموچاوم دەهێنێت، بەڵام خێرا دەست دەکێشێتەوە، وەک ئەوەی بزانێت نابێت شتی وا بکات.

پێی دەڵێم، "ئەوەندە خەمت نەبێ." سوورم لەسەر ئەوەی بەردەوام ببم.

دایکم سەیرم دەکات، منیش بەردەوام دەبم. گوێزانەکە بەدەوری شەویلگە و بە ملمدا دێنم. کە تەواو دەبم، دایکم دەستی دەخاتە سەر ڕوومەتی و پێدەکەنێت، ئینجا بە شێوەزاری بەریتانی دەڵێت، "بۆ خاتری جۆرج، خۆ تەواو بووی!"

ئەو قسەیە دڵم خۆش دەکات.

دایکم پێم دەڵێت، "دەی ئێستا دەموچاوت بشۆ."

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

جەژنی هالۆوینە. شانزە ساڵم و ئیتر لەوە گەورەترم بەسەر ماڵاندا بگەڕێم و نوقوڵ و شیرینی کۆ بکەمەوە، بەڵام خوشکەکەم دەیەوێت، دوای نانی ئێوارە، لەگەڵ خۆم بیبەمە دەرەوە – پێی وایە ئەگەر بەتاریکی بچێتە دەرەوە، نوقوڵی باشتر کۆ دەکەیتەوە – منیش بەدوودڵی ڕازی دەبم، بەڵام بەو مەرجەی کچەکەی هاوڕێم، جۆنی، لەگەڵماندا بێت. جۆنی خوێندکاری پۆلی یانزەیە و لەو هاندەرە کچانەی تیپەکەمانە، کە لە کاتی یارییەکاندا بە سەما و دروشمی تایبەت هانی تیپەکەمان دەدەن، منیش لە ئێستادا ئیتر ئەستێرەی تیپی بەسیبۆڵی قوتابخانە ئامادەییەکەمانم.

خوشکەکەم دەڵێت، "با زۆر دوور بڕۆین و هەموو نوقوڵە تازەکان کۆ بکەینەوە."

دەرەوە ساردە و لەگەڵ ڕۆیشتماندا لەم ماڵەوە بۆ ئەو ماڵ، دەستمان دەکەینە گیرفانمانەوە. ڕۆبێرتا نوقوڵەکانی دەکاتە زەرفێکی کاغەزی قاوەییەوە. من چاکەتی تیپی بەیسبۆڵەکەمانم لەبەردایە و جۆنییش بلووزی تیپی کچانی هاندەری لەبەردایە.

دەرگایەک دەکرێتەوە و ڕۆبێرتا دەزیقێنێت، "نوقوڵم

دەدەیتێ یان بتترسێنم؟"

ژنێک دەرگاکە دەکاتەوە دەڵێت، "ئەی گیانەکەم، تۆ چیت؟" لام وا بێت لە تەمەنی دایکمدایە، بەلام ئەم قژی سوورە و عەزییەکی ماڵەوەی لەبەردایە و زۆر بەناشرینی برۆکانی بەقەڵەم کێشاوە.

ڕۆبێرتا دەڵێت، "من چەتەی دەریام، گرڕڕ."

ژنەکە زەردەخەنەیەک دەکات و وەک ئەوەی پارەیەکی ئاسنینی خستبێتە دەغیلەیەکەوە، نەستەلەیەک فڕێ دەداتە ناو زەرفەکەی ڕۆبێرتاوە، دەنگی کەوتنی نەستەلەکە دەڵێت، پینک.

منیش دەڵێم، "من برای ئەوم."

جۆنی دەڵێت، "منیش... لەگەڵ ئەوانم."

"ئەی دایک و باوکتان کێن؟"

ژنەکە خەریکە نەستەلەیەکی تر فڕێ بداتە زەرفی خوشکەکەمەوە.

ڕۆبێرتا دەڵێت، "کچی خاتوو بینێتۆم."

ژنەکە دەوەستێت و نەستەلەکە دەخاتەوە شوێنی خۆی، ئینجا دەڵێت، "مەبەستت پۆزی خانە؟"

کەسمان نازانین چی بڵێین. دەربڕینەکەی سەر دەموچاوی ژنەکە گۆڕاوە و برۆ بەقەڵەمکێشراوەکانی هێناوەتەوە یەک.

ژنەکە بەردەوام دەبێت، "گیانەکەم، ئێستا گوێ لە من بگرە. بە دایکت بڵێ مێردەکەم پێویستی بەو نمایشی جلوبەرگەی ئەو نییە، کە هەموو ڕۆژێک لە بەردەمی دوکانەکەی مێردەکەمدا دەیکات. پێی بڵێ هیچ شتێکی گەورەی بە خەیاڵدا نەیەت، گوێت لێمە؟ هیچ شتێکی گەورە!"



Scanned by CamScanner

جۆنی سەیرم دەکات. پشتەملم گەرم بووە و دەکولێت.

ڕۆبێرتا چاوی خستووەتە سەر نەستەلەکە و دەپرسێت، "دەتوانم ئەو دانەیەش بەرم؟"

ژنەکە نەستەلەکە زیاتر دەنووسێنێت بە سینگی خۆیەوە، منیش ڕۆبێرتا ڕادەکێشم و لەژێر لێوەوە دەڵێم، "دەی ڕۆبێرتا، وەرە."

ژنەکە دەڵێت، "وا دیارە ئێوە لە خوێنتاندایە، دەتانەوێ دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرن. ئەوەی پێم گوتن، بە دایکتان بڵێن! هیچ شتێکی گەورەی بە خەیاڵدا نەیەت، تێدەگەن؟"

ژنەکە وا دەڵێت و ئێمە دەمێکە گەیشتووینەتە ناوەڕاستی چیمەنی بەردەم ماڵەکەی.

# ڕۆژ ماڵئاوایی دەکات

ئەو کاتەی لە ماڵی ڕۆز هاتینە دەرەوە، خۆر لەوسا درەوشاوەتر بوو. ڕۆز تا بەرهەیوانەکە بەدوامانـدا هات و لەوێ مایەوە، قاچەکانی دارشەقەکە چوارچێوەئەلەمنیۆمەکەی دەرگاکەیان گرتبوو.

دایکم گوتی، "دەی، ڕۆز گیان، جارێ خواحافیز."

ڕۆز وەڵامی دایەوە، "سوپاس گیانەکەم، بەم زووانە یەکتر دەبینینەوە."

"بەدڵنیابییەوە."

دایکم ماچی ڕوومەتی ڕۆزی کرد. دەبێت دان بەوەدا بنێم، کە دایکم ئارایشتێکی زۆر جوانی بۆ کرد. قژی ڕۆز ڕێک و جوان کرابوو، هەروەها چەند ساڵ گەنجتر لەو کاتە دەر دەکەوت، کە تازە گەیشبووینە ماڵیان.

پێم گوت، "زۆر جوانی."

"سوپاس، چارلی، بۆنەیەکی تایبەتم هەیە.

ڕۆز دەستەکانی لەسەر دارشەقە چوارقاچەکەی ڕێک کردەوە.

"بۆنەکە چییە؟"

"مێردەکەم دەبینم."



Scanned by CamScanner

نەمویست بپرسم لەکوێ، خۆت دەزانیت، نەوەک لە خانەی بەساڵاچووان یان لە نەخۆشخانە بێت، بۆیە بەپەلە گوتم، "بەڕاستت؟ شتێکی خۆشە."

ئەویش بەنەرمی گوتی، "ڕاستە."

دایکم دەزوییەکی دەرچووی لە قاپووتەکەی ڕاکێشا، ئینجا سەیری منی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد. ڕۆژ گەڕایە دواوە، تا دەرگاکە دابخرێتەوە.

بەهێواشی بە پلیکانەکاندا هاتینە خوارەوە، دایکم قۆڵی گرتبووم. کاتێک گەیشتینە سەر شۆستەکە، دایکم ئاماژەی بۆ لای چەپ کرد و پێچمان کردەوە. ئێستا ئیتر خۆر تا ڕادەیەک، ڕێک بەسەر سەرمانەوە بوو.

دایکم گوتی، "چارلی، دەڵێی چی؟ نانی نیوەڕۆ نەخۆین؟"

خەریک بوو بدەمە قاقای پێکەنین.

دایکم گوتی، "چییە؟"

"هیچ. بێگومان. با بیخۆین." ئەمەش هەر هێندەی شتەکانی تر مانادار بوو.

"ئێستا باشتری – دوای ئەو سەرخەوە بچووکە؟"

شانم هەڵتەکاند، "وا هەست دەکەم."

دایکم بەسۆزەوە، بەنەرمی دەستێکی بە دەستمدا کێشا.

"خەریکە دەمرێ، دەزانی؟"

"کێ؟ ڕۆز؟"

"ئا."

"تێناگەم. خۆ زۆر باش دیار بوو."

دایکم سەیری خۆرەکەی کرد و چاوی کز کرد.

"ئەمشەو دەمرێ."



Scanned by CamScanner

"ئەمشەو؟"

"بەڵێ."

"بەڵام خۆ گوتی دەچێ مێردەکەی ببینێ."

"دەیبینێ."

وەستام.

گوتم، "دایە، تۆ چۆن ئەمە دەزانی؟"

دایکم زەردەخەنەیەکی کرد.

"چونکە من یارمەتیی دەدەم خۆی ئامادە بکا."



Scanned by CamScanner

# ٣

# نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

# چیك و زانكۆ

دەتوانم بڵێم، ئەو ڕۆژەی چوومە زانکۆ، یەکێک بوو لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی دایکم. هیچ نەبێت، بەو شێوەیە دەستی پێ کرد. زانکۆکە، بەخشیشێکی خوێندنی پێ دام و ئامادە بوو نیوەی پارەی خوێندنە ئەکادیمییەکەیشم بۆ بدات، بەو مەرجەی لە تیپی بەیسبۆڵی زانکۆکەدا یاری بکەم - هەرچەندە دایکم لای هاوڕێکانی تەنها دەیگوت بەخشیشی خوێندنی بۆ دەر چووە و باسی بەیسبۆڵەکەی نەدەکرد. خۆشەویستیی دایکم بۆ بەخشیشی خوێندن ئەوەی بیر بردبووەوە، کە لە ڕاستیدا من بۆ بەیسبۆڵ وەر گیرابووم، نەک بۆ کتێب و خوێندن.

ئەو بەیانییەم لەبیرە، کە پێکەوە بە ئوتومبێل ڕۆیشتین تا دەست بکەم بە یەکەم ساڵی خوێندنم لە زانکۆ. دایکم لەپێش خۆرهەڵاتنەوە بەخەبەر بووبوو. کاتێک بە پلیکانەکاندا بەگێژەگێژ هاتمە خوارەوە، نانێکی بەیانیی تەواوم بۆ ئامادە کرابوو: پان کێک، گۆشتی بەراز، هێلکە - خۆراکەکە ئەوەندە زۆر بوو، بە شەش کەس تەواو نەدەکرا. ڕۆبێرتاش ویستبووی لەگەڵماندا بێت بۆ زانکۆ، بەڵام من پێم گوتبوو شتی وا نابێت - ئەوەی مەبەستم بووبوو، ئەوە بوو خۆی



Scanned by CamScanner

شتەکە بەشی خۆی ناخۆش بوو، کە دەبوو لەگەڵ دایکمدا بڕۆم - بۆیە ڕۆبێرتا بە قاپێک تۆستی فەرەنسی، کە مرەبای بەسەردا کردبوو، دڵی خۆی دەدایەوە. ڕۆبێرتامان گەیاندە ماڵەدراوسێیەک، ئینجا گەشتە چوارکاتژمێرییەکەی من و دایکم دەستی پێ کرد.

لەبەر ئەوەی بۆ دایکم ئەمە بۆنەیەکی گەورە بوو، یەکێک لە جلوبەرگە تایبەتەکانی لەبەر کردبوو - چاکەت و پانتۆڵێکی مۆر و ڕەفتەیەکی مل و پێڵاوی بنبەرز و چاویلکەی بەر خۆر، سووریش بوو لەسەر ئەوەی منیش کراسێکی سپی لەبەر بکەم و بۆینباخێک ببەستم. پێی دەگوتم، "تۆ دەچیت بۆ زانکۆ، خۆ ناچی بۆ ڕاوەماسی." بەو شێوەیە لە پێپەر ڤیل بیچ بەشی خۆی زەق دەر دەکەوتین، ئینجا وەرە بیر بکەرەوە، ئەمە زانکۆی ناوەڕاستی شەستەکان بوو، تا نەگونجاوتر خۆت بگۆڕییایە، باشتر خۆت گۆڕیبوو. بۆیە کە دواجار گەیشتینە کامپی زانکۆکە و لە ئۆتومبێلە فۆردەکەمان دابەزین، چواردەورمان هەمووی کچی گەنجی سەندەڵەپێ، کە تەنوورەی مۆدێلقەرەجانەیان لەبەر بوو، کوڕەکانیش بە کراسی بێقۆڵ و شۆرتەوە بوون، هەمووشیان قژیان درێژ بوو و دابوویانەوە بەسەر گوێچکەیاندا. ئێمەش بەو شێوەیە بووین، بە بۆینباخ و چاکەت و پانتۆڵی مۆرەوە، منیش بۆ جارێکی تر هەستم کرد دایکم تیشکێکی بێمانای خستۆتە سەرم.

دایکم دەیویست بزانێت کتێبخانەکە لەکوێیە. کەسێکی دۆزییەوە، شوێنەکەیمان پێ بڵێت. لە کاتێکدا بەناو نهۆمی یەکەمی کتێبخانەکەدا دەڕۆیشتین، دایکم بەسەرسامییەوە



Scanned by CamScanner

گوتی، "چارلی، سەیری ئەو هەموو کتێبە! ئەگەر هەرچوار ساڵەکەش لێرە بەسەر بەری، بابیی ئەوەندە کتێب ناخوێنیتەوە پێوەی دیار بێ."

بۆ هەر بەشێکی کتێبخانەکە بڕۆیشتیانەیە، دایکم دەستی ڕادەکێشا و دەیگوت، "سەیری ئەو کورسی و مێزە بکە - دەتوانی لەوێ سەعی بکەی." یان، "سەیری ئەو مێزی کافتریایە، دەتوانی لەوێ نان بخۆی." بۆیە بەرگەیم گرتبوو، چونکە دەمزانی بەو زووانە دەڕوات، بەڵام کاتێک بە چیمەنەکەدا دەڕۆیشتین، چاوم چووە سەر کچێکی جوان، کە بنێشتی دەجوو، سووراوێکی سپیی کردبوو و پەرچەمەکەشی هێنابووە سەر ناوچەوانی. سەیری چاوی کچەکەم کرد و ئەویش سەیری کردمەوە. ماسولکەکانی قۆڵم دەر پەڕاند. لەو کاتەدا بیرم دەکردەوە، کێ ناڵێت ئەمە یەکەم خۆشەویستی ناو زانکۆم نابێت؟ کەچی ڕێک لەو کاتەدا دایکم گوتی، "کەلوپەلی ڕیشتاشین و شامپۆ و بۆنبڕ و شانە و شتەکانت پێچاوەتەوە؟"

چۆن وەڵامی ئەوە دەدەیتەوە؟ *بەڵێ؟ نەخێر؟ بۆ خاتری خوا، دایە!* هەمووی هەر خراپە. کچەکە بەلاماندا تێپەڕی و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دڵەوە پێمان پێکەنی، یان هەر من وا هاتە بەرچاوم. بە هەرحاڵ، ئێمە لە دونیای ئەودا نەبووین. سەیرم کرد بەلەنجەولار بۆ لای دوو کوڕی تر ڕۆیشت، کە لەژێر دارێکدا پان بووبوونەوە. ماچی لێوی یەکێکیانی کرد و لەتەنیشتیانەوە دانیشت، منیش لێرەوە لەگەڵ دایکم بووم و پرسیاری کەلوپەلی ڕیشتاشین و خۆشتن و شتی وای لێ دەکردم.

کاتژمێرێک دوای ئەوە، جانتاکەمم بە پلیکانەکانی ئەو بەشە ناوخۆیییەی ژوورەکەمی لێ بوو، سەر دەخست. دایکم هەردوو داری بەیسبۆڵە "بەختهێن"ەکەمی هەڵگرتبوو، کە پێیانەوە پاڵەوانێتیی هەرێمی پێپەر ڤیلم بردبووەوە.

دەستم بۆ دایکم درێژ کرد و گوتم، "بێنە، من دارەکان دەبەم."

"منیش لەگەڵت دێمە سەرەوە."

"نا، پێویست ناکا."

"دەمەوێ ژوورەکەت ببینم."

"دایە!"

"چی؟"

"بەسە!"

"چی؟"

"خۆت باش دەزانی. وا مەکە."

هیچ شتێکی ترم بە خەیاڵدا نەهات، کە هەستی بریندار نەکات، بۆیە دەستم زیاتر درێژ کرد. نیگەرانی بە دەموچاوی دایکمەوە دەر کەوت. ئێستا ئیدی شەش ئینج لەو درێژتر بووم. دارەکانی دایە دەستم، منیش خستمنە سەر جانتاکەم.

دایکم گوتی، "چارلی،" ئێستا ئیتر دەنگی نەرمتر و جیاواز بوو. "ماچێک بدە بە دایکت."

جانتاکەم دانا و زرمەیەکی بچووکی لێوە هات. خۆم بەسەر دایکمدا نوشتاندەوە و لەو کاتەدا دوو خوێندکاری بەتەمەن لە من گەورەتر بەخێرایی بە پلیکانەکاندا دەهاتنە خوارەوە. بە دەنگی بەرز پێدەکەنین. خۆڕسکانە یەکسەر لە دایکم دوور کەوتمەوە.



Scanned by CamScanner

لە کاتێکدا دوو کوڕەکە بەملا و بەولاماندا ڕێی خۆیان دەکردەوە، یەکێکیان گوتی، "بە یارمەتیتان."

هەر کە ڕۆیشتن، یەکسەر خۆم نووشتاندەوە، بەو مەبەستەی دایکم ماچێکی خێرای ڕوومەتم بکات، بەڵام ئەو قۆڵەکانی ئاڵاندە ملم و لە خۆی نزیک کردمەوە. بۆنی عەترەکەی و سپراکەی قژی و کرێمی دەموچاوەکەی و هەموو ئەو گیراوە و تێکەڵە جۆراوجۆرانەیم کرد، کە بۆ ئەو ڕۆژە تایبەتە لە خۆی دابوون.

لێی دوور کەوتمەوە و جانتاکەم هەڵگرت، ئینجا بە پلیکانەکاندا سەر کەوتم و دایکم لەسەر پلیکانەکانی بەشێکی ناوخۆیی بەجێ هێشت، کە نزیکترین شوێنی زانکۆ بوو دایکم پێی بگات.

Scanned by CamScanner

# ناوەڕاستی ڕۆژەکە

"ئێ، کاسرین چۆنە؟"

وەک دایکم پێشتر پێشنیاری کردبوو، گەڕابووینەوە و لە چێشتخانەکەی ماڵەوە دانیشتبووین، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد. لەو ڕۆژەوەی بەتەنیا مابوومەوە، زۆربەی ژەمەکانم لەسەر مێزی بارەکان و دوکانی خواردەمەنییە خێراکان دەخوارد، بەڵام دایکم هەمیشە نانخواردنی دەرەوەی ڕەت دەکردەوە و دەیگوت، "چ پێویست دەکا پارە بدەی بە خۆراکێکی خراپ؟" دوای ئەوەی باوکم ڕۆیشت، ئیتر شتەکە جێی چەند و چۆن نەبوو. بۆیە لە ماڵەوە نانمان دەخوارد، چونکە ئیدی پارەی ئەوەمان نەبوو لە دەرەوە نان بخۆین.

دایکم قسەکەی دووبارە کردەوە، "چارلی، گیانەکەم، کاسرین چۆنە؟"

"باشە."

درۆم دەکرد، چونکە بە هیچ شێوەیەک نەمدەزانی کاسرین چۆن بوو.

"ئەی ئەمەی کە ماریا لێت شەرمەزارە، ڕای کاسرین چییە بەرامبەر ئەم بابەتە؟"

دایکم قاپێکی هێنا، کە لەفەیەکی لەسەر بوو. لەفەکە



Scanned by CamScanner

سەموونێکی پەرشەی چوارگۆشە بوو، گۆشتی گای برژاو و تەماتە و خەردەلی تێدا بوو. دایکم لەفەکەی لە سووچ بۆ سووچ لەت کرد. بیرم نایەت دوایین جار کەی بوو، بینیبێتم لەفەیەکم بەو شێوەیە بۆ لەت کرابێت.

گوتم، "دایە، ئەوەی ڕاستی بێ... من و کاسرین لەیەک جیا بووینەتەوە."

دایکم لە بڕینی سەموونەکە تەواو بوو. لەوە دەچوو بیر لە شتێک بکاتەوە.

"گوێت لێ بوو چیم گوت؟"

بە دەنگێکی کز وەڵامی دایەوە، "ئمم،" ئینجا بەبێ ئەوەی سەر هەڵببڕێت، گوتی، "بەڵێ، چارلی، گوێم لێت بوو."

"خەتای ئەو نەبوو. خەتای من بوو. من دەمێکە حاڵم باش نییە، دەزانی؟ لەبەر ئەوە بوو..."

باشە ئەوە دەمزانی خەریکە دەڵێم چی؟ لەبەر ئەوە بوو هەوڵم دا خۆم بکوژم؟

دایکم قاپەکەی خستە بەردەمم.

"دایە..."

دەنگم دەلەرزی.

"ئێمە تۆمان ناشت. تۆ دەمێکە نەماوی."

چاوم بڕیبووە لەفەکە و بەچرپە گوتم، "ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە."

دایکم دەستی هێنا و ڕوومەتمی خستە دەستیەوە. دەموچاوی گرژ کرد، وەک ئەوەی ئازارێک بە گیانیدا بڕوات، ئینجا گوتی، "دەکرێ شتەکان بهێنرێنەوە جێی خۆیان."

# کاتێك خێوەکان دەگەڕێنەوە

ئەوسا خەونم بەوەوە دەدی، باوکم بدۆزمەوە. خەونم بەوەوە دەدی، هاتبێتە شارۆچکەکەی تەنیشتمان، منیش ڕۆژێک بە سواری پاسکیلەکەم بڕۆم بۆ ماڵەکەی و لە دەرگاکەی بدەم، ئەویش پێم بڵێت کە هەموو شتەکە هەڵەیەکی گەورە بووە و هەردووکمان بە پاسکیلەکەم بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. من لە پێشەوە و باوکم لە دواوە بەخێرایی پایدەر لێبدات، دایکیشم بەڕاکردن لە ماڵەکە بێتە دەرەوە و لە خۆشیدا دەست بکات بە گریان.

چەند سەرسامکەرن ئەو خەون و خەیاڵانەی مێشکت دروستیان دەکات. ڕاستییەکە ئەوە بوو، من نەمدەزانی باوکم لەکوێ دەژیا و هەرگیز ماڵەکەشیم نەدۆزییەوە. دوای قوتابخانە، بەلای دوکانی مەیفرۆشییەکەیدا تێدەپەڕیم، بەڵام ئەو هەرگیز لەوێ نەبوو. مارتیی هاوڕێی شوێنەکەی بۆ دەبرد بەڕێوە و پێی گوتم باوکم ئێستا لە دوکانەکەی کۆڵینز ود ئیشی دەکرد. شوێنەکە تەنها یەک کاتژمێر بە ئۆتومبێل لێمانەوە دوور بوو، بەڵام بۆ منداڵێک لە تەمەنی مندا، وەک ئەوە وا بوو شوێنەکە لەسەر مانگ بێت. دوای ماوەیەک، ئیتر بەلای دوکانەکەیدا نەدەڕۆیشتم و ئیدی خەیاڵی ئەوەشم



Scanned by CamScanner

نەدەکرد پێکەوە بە پاسکیل بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییم تەواو کرد، بەبێ ئەوەی باوکم هیچ پەیوەندییەکم پێوە بکات.

باوکم لە ژیانمدا بووبوو بە خێوێک.

بەڵام هێشتا هەر دەمبینی.

هەرکاتێک داری بەیسبۆڵەکەم ڕادەوەشاند، یان تۆپێکم هەڵدەدا، باوکم دەمبینی، هەر بۆیە نەمدەتوانی دەستبەرداری بەیسبۆڵ ببم، بۆیە بەدرێژاییی بەهار و هاوین، لە هەر تیپێک و هەر خولێکدا بووایە، یاریم دەکرد. باوکم دەهاتە پێشچاو لە گۆڕەپانەکەدا بێت و بە سەری پەنجە بکێشێت بە ئانیشکمدا و شێوازی گرتنی دارەکەم بۆ ڕاست بکاتەوە. کاتێکیش دوای لێدانی تۆپەکە ڕام دەکرد بۆ بنکەی یەکەم، دەمتوانی گوێم لە دەنگی بێت کە پێم دەڵێت، "خێرا، خێرا، خێرا!"

لە گۆڕەپانی بەیسبۆڵدا، کوڕ هەمیشە دەتوانێت باوکی ببینێت. لە مێشکمدا دەمزانی شتەکە پەیوەستە بە کاتەوە و دواجار هەر بەڕاستی دەر دەکەوێت.

بۆیە ساڵ لەدوای ساڵ بەرگی بەیسبۆڵی تازەم لەبەر دەکرد - گۆرەویی سوور، پانتۆڵی خۆڵەمێشی، بلووزی شین، کڵاوی زەرد - هەر پارچەیەکیش لەم جلانەم وەک ئەوە لەبەر دەکرد، خۆم بۆ سەردانێک بگۆڕم. هەرزەکاریم لەنێوان بۆنی ترشاوی کتێب - کە خولیای دایکم بوو - لەگەڵ بۆنی دەستکێشی چەرمی بەیسبۆڵ - کە خولیای باوکم بوو - دابەش بووبوو. لەشولارم شێوەی لەشی باوکمی وەر گرت، پان و شانئەستوور، بەڵام دوو ئینج لەو بەرزتر بووم.

لەگەڵ گەورەبوونمدا، بەیسبۆڵ وەک کەڵەکی ناو دەریایەکی سەرشێت وا بوو، کە بەدڵسۆزییەوە لەگەڵ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شەپۆلەکاندا، خۆمم پێوە هەڵواسیبوو.
دواجار بەیسبۆڵ گەیاندمیەوە بە باوکم، هەر وەک چۆن هەمیشە دەمزانی دەمگەیەنێتەوە پێی.

دەر کەوتەوە! دوای هەشت ساڵ دیارنەمان، باوکم لە یەکەم یاریی زانکۆم، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا، لەسەر کورسییەکانی ڕیزی پێشەوە، ڕێک لای چەپی بنکەی هەڵدانی تۆپەوە، دانیشتبوو بۆ ئەوەی باش سەرنجی شێوەی وەستانەکەم بدات.
هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە. پاشنیوەڕۆ بوو، بای دەهات و ئاسمان خۆڵەمێشییەکی تۆخ بوو، ئەگەری بارانبارینیش هەبوو. بەرەو بنکەی هەڵدانی تۆپ دەڕۆیشتم. زۆربەی کات سەیری تەماشاکەران ناکەم، بەڵام ئەم جارەیان هەر لەخۆمەوە سەیرم کردن و باوکم لەوێدا بینی. سەری لای لاجانگەکانیەوە سپی بووبوو، شانەکانیشی لاوازتر دەر دەکەوتن، ناوقەدیشی کەمێک ئەستوور بووبوو، وەک ئەوەی خۆی پشتگوێ خستبێت، بەڵام لەوانە دەر بچێت، وەک خۆی بوو. ئەگەر ئەو ساتە ناڕەحەتیش بووایە، دەری نەدەخست. بە هەرحاڵ، ئێستا دڵنیا نیم دەتوانم ناڕەحەتی لەسەر ڕوخساری باوکم بخوێنمەوە یان نا.
باوکم سەری بۆ لەقاندم. وەک ئەوە وا بوو هەموو شتێک لە جێی خۆی بوەستێت. هەشت ساڵ، هەشت ساڵی تەواو. هەستم کرد لێوەکانم دەلەرزن. بیرمە دەنگێک لە سەرمدا



Scanned by CamScanner

بوو، پێی دەگوتم نەکەی، چیک. نەکەی بگریت، خوێڕی، نەکەی!

سەیری بەرپێی خۆمم کرد. زۆرم لە پێیەکانم کرد بجووڵێن. بەدرێژایی ڕێگاکە تا لای بنکەی تۆپهەڵدانەکە، چاوم لەسەر پێی خۆم لا نەبرد.

یەکەم تۆپم بەسەر سنووری لای چەپی گۆڕەپانەکەدا ڕۆیشت و فاوڵم کرد.

# سێلما خان

دایکم گوتی، سەردانی دووەمی لەو بەشەی شارۆچکەکە بوو، کە ئێمە پێمان دەگوت *زە فلاتس*. خەڵکەکەی زیاتر خەڵکی هەژار بوون و خانووەکانیان پاڵیان بەیەکەوە دابوو. دەمزانی دەبێت بە ئۆتومبێل بڕۆین بۆ لای ئەو کەسە، بەڵام پێش ئەوەی لە دایکم بپرسم و دڵنیای بکەمەوە، زەنگی دەرگاکە لێی دا.

دایکم، کە خەریک بوو قاپێکی دەخستە ناو حەوزی سینکەکەوە، گوتی، "چارلی، ئەو دەرگایە بکەرەوە، باشە؟"

دوودڵ وەستام. نەمدەویست هیچ دەرگایەک بکەمەوە، یان هیچ تەلەفۆنێک هەڵبگرم، بەڵام کاتێک دایکم دووبارە بانگی کردمەوە و گوتی، "چارلی؟ ئەو دەرگایە بکەرەوە،" ناچار هەستامە سەر پێ و بەخاوی بەرەوە دەرگاکە ڕۆیشتم.

بە خۆمم گوت، هەموو شتێک باشە، بەڵام ئەو ساتەی دەستم گەیشتە دەسکی دەرگاکە، هەستم بە تەقینەوەیەک کرد، کە کوێری کردم، شەپۆلێک ڕووناکی و دەنگی پیاوێک بەرەو ڕووم هاتن، هەمان ئەو دەنگەی سەر تەلەفۆنەکەی ماڵی ڕۆز بوو، بەڵام ئەم جارە بەزریکە دەیگوت، "چارلز بینێتۆ! گوێ بگرە! من ئەفسەری پۆلیسم."



Scanned by CamScanner

دەنگەکە وەک زریانێک وا بوو. هێندە نزیک بوو، دەمتوانی دەستی لێ بدەم.

"چارلز، گوێت لێمە؟ من ئەفسەری پۆلیسم!"

بەپەشۆکاوی هەنگاوێکم بۆ دواوە نا و دەستم گرت بە دەموچاومەوە. ڕووناکییەکە دیار نەما. ڕەشەباکە وەستایەوە. تەنها گوێم لە هەناسەدانە قورسەکەی خۆم بوو. خێرا چاوم بۆ دایکم گێڕا، بەڵام ئەو هێشتا لای سینکەکە بوو، ئەوەی پێیدا تێدەپەڕیم، هەرچییەک بووبێت، تەنها لە مێشکی خۆمدا ڕووی دەدا.

چەند چرکەیەک وەستام و سێ هەناسەی قووڵم هەڵمژی، ئینجا بەهێواشی دەسکی دەرگاکەم با دا، چاوەکانم نزم کردبوونەوە، چاوەڕوان بووم ئەو ئەفسەری پۆلیسە ببینم، کە هاواری بەسەرمدا دەکرد. هەر لەخۆمەوە بە کوڕێکی گەنج دەهاتە بەرچاوم، بەڵام کە چاوم هەڵبڕی، ژنێکی ڕەشپێستی بەتەمەنم دی، کە چاویلکەیەکی بە زنجیرێکەوە لەملدا بوو، قژی نارێک بوو، جگەرەیەکی داگیرساویش بە دەمیەوە بوو.

ژنەکە گوتی، "ئەمە تۆی، چیکادوو؟ سەیر بکە چەندە گەورە بووە!"

بەو ژنەمان دەگوت سێلما خان. سێلما خان ماڵەکەمانی بۆ پاک دەکردینەوە. ژنێکی باریکەلە و ناوشانباریک بوو، زەردەخەنەیەکی گەورە لەسەر لێوی بوو، زووش تووڕە دەبوو. سێلما خان قژی بۆیەیەکی پرتەقاڵیی سوورباو دەکرد و بەردەوام جگەرەی مارکەی *لەکی سترایکزی* دەکێشا، وەک

پیاویش جگەرەکانی لە گیرفانی پێشەوەی قەمیسەکەیدا هەڵدەگرت. سیلما خان لە ئالاباما هاتبووە دونیاوە و گەورە کرابوو، دواتریش، هەرچۆنێک بێت، کەوتبووە پێپەر ڤیل بیچ. لە پەنجاکاندا، کەم تا زۆر، هەموو ماڵێک لەو بەشەی شارۆچکەکەی ئێمە، یەکێکی وەکوو سیلما خانی ڕادەگرت. بەو ژنانە دەگوترا *کارگوزار*، یان کاتێک خەڵک بەڕاستگۆیی ناوی دەبردن، پێی دەگوتن *کارەکەر*. هەموو بەیانیی شەممەیەک، باوکم لەلای وێستگەی پاسی نزیک *کافتریای هۆرن ئەند هاردارت*، سیلما خانی هەڵدەگرت و پێش ئەوەی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، پارەکەی دەدایە. باوکم پارەکاغەزە لوولکراوەکانی بەنزمی لەلای کەمەری سیلما خانەوە دەگرت، وەک ئەوەی کەسیان بۆیان نەبێت سەیری پارەکە بکەن. ئیتر لە کاتێکدا کە ئێمە لەدەرەوە خەریکی بەیسبۆڵ بووین، ئەو بەدرێژایی ڕۆژەکە ماڵی پاک دەکردەوە. تا دەگەیشتینەوە ماڵەوە، ژوورەکەمی ساف کردبوو، ئیتر پێم خۆش بووایە یان نا.

لەبیرمە دایکم هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد، کە بەو ژنە بڵێین سیلما خان، لەبیریشمە بۆمان نەبوو بچینە هەر ژوورێکەوە، کە ئەو تازە گەسکی دابێت. لەیادمە هەندێک جار سیلما خان لە حەوشەی پشتەوە تۆپتۆپێنی لەگەڵدا دەکردم و هێندەی من دەیتوانی بەتوندی تۆپەکە هەڵبدات.

ئەو کەسەی، بەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو، نازناوی لێ نام، سیلما خان بوو. باوکم هەوڵی دەدا پێم بڵێت چەک - دایکم ڕقی لەو ناوە بوو، دەیگوت، "چەک؟ لە ناوی

گاوان دەچێت!" لەبەر ئەوەی منیش هەمیشە لە حەوشەکەوە بۆ ناو ماڵەکە هاوارم دەکرد، "داااایە!" یان، "ڕۆبێرتاااا!!!" ڕۆژێکیان سێلما خان بەبێزاری سەری هەڵبڕی و گوتی، "ئەوە چییە کوڕە، دەڵێی کەڵەشێری. چەکقوو قوو قوووو!" خوشکەکەشم، کە ئەو کاتە هێشتا نەچووبووە قوتابخانە، گوتی، "چیکقوو قوو قووووو!" ئیتر نازانم چۆن "چیک"کەی ئەو وشەیە مایەوە و پێمەوە لکا. پێم وا بێت باوکم لەسەر ئەوە زۆر کەیفی بە سێلما خان نەدەهات.

سێلما خان زەردەخەنە گەورەکەی خستە سەر لێوی و بە دایکمی گوت، "پۆزی، دڵم لات بوو."

دایکم گوتی، "بەڕاست! سوپاس."

"شایانی نییە."

سێلما خان ڕووی کردە من.

"چیکقوو، ئیتر ناتوانم تۆپت بۆ هەڵبدەم."

پێکەنی و بەردەوام بوو، "لەوە پیرترم، شتی وا بکەم."

لەناو ئوتومبێلەکەی سێلما خاندا تێگەیشتم، کە بە ئوتومبێل دەڕۆیشتین بۆ زە فلاتس. لام سەیر بوو دایکم ئیشی ئارایشت و قژچاکردن بۆ سێلما خان دەکات، بەڵام بە هەرحاڵ، زانیاریی زۆر کەمم لەسەر دەساڵی کۆتاییی تەمەنی دایکم هەبوو. ئەوکات من زیاد لەپێویست سەرقاڵی کێشەکانی ژیانی خۆم بووم.

لە کاتێکدا لە ئوتومبێلەکەدا ڕێمان دەکرد، بۆ یەکەم جار لە پەنجەرەکەوە خەڵکی ترم بینی. پیاوێکی بەتەمەنی ڕیشماشوبرنجیی زەردهەڵگەڕاوم بینی، خەرماشەیەکی بە دەستەوە بوو، دەیبرد بۆ گەراجەکەی. دایکم دەستی بۆ

ڕاوەشـاند، ئەویش دەسـتی بۆ ڕاوەشـاندەوە. ژنێکی تـر دیار بوو، کە ڕەنگی قژی لە ڕەنگی ئایسکرێمی ڤانێلای فەڕەنسی دەچوو. بـە عەزییەکی ماڵـەوە، لـە هەیوانەکـەی ماڵی خۆیـان، دانیشتبوو. دایکم سـڵاوێکی لەویش کرد، ئەویش سڵاوی لێ کـردەوە.

ئوتومبێلەکە ماوەیـەک ڕۆیشـت و دواتر شـەقامەکان باریکتر و خراپتر بوون. چوینـە سـەر ڕێگەیەکی چەوڕێژ و لـە بـەردەم خانوویەکـدا وەسـتاین، کـە وا دروسـت کرابـوو، دوو خێزانـی تێدا بژی. خانووەکە هەیوانێکی داپۆشـراوی هەبوو، کە ئەملا و ئەولاکـەی بـە تەختـەی دەرگای ژێرزەمین دروسـت کرابوون و بۆیاخـی هەیوانەکـەش، زۆر پێویسـتی بـە نوێکردنـەوە هەبوو. چەنـد ئوتومبێلێـک لـە گەراجەکـەی پێشـەوە پـارک کرابـوون، پاسـکیلێک لـە حەوشـەی پێشـەوە، لەسـەر لا کەوتبـوو. سـێلما خـان ئوتومبێلەکـەی ڕاگـرت و دەرگای ماڵەکـەی بـە کلیـل کـردەوە.

یەکسـەر چوویـنـە ماڵەکـەوە. ژووری خەوتنەکـە کومبـاری سـەوزی زەیتوونیـی لـێ ڕاخرابـوو. سیسـەمەکە کـۆن بـوو، سـەرەکەی بـە قوماشـێک و چـوار عەمـوودی تەختـە گیرابـوو. لەپڕ بینیـم سـێلما خانیش لەنـاو جێگەکـەدا پـاڵ کەوتبـوو و پاڵـی بـە دوو سـەرینەوە دابـوو.

لە دایکم پرسی، "ئەوە چی ڕووی دا؟"

دایکـم سـەری لەقانـد، وەک ئـەوەی بڵێـت، "جـارێ کاتـی نییـە." پاشـان دەسـتی کـرد بـە دەرهێنانـی کەلوپەلەکانـی لـە جانتاکـەی. لـە ژوورێکـی تـرەوە، زیقەزیقـی منـداڵان و دەنگـی کپـی تەلەڤزیۆنێـک و تەقەتەقـی قـاپ، کـە لەسـەر مێزێـک

بجوولێنرێن، دەهات.
سێلما خان بەچرپە گوتی، "هەموو وا دەزانن خەوتووم."
ئینجا سەیری ناو چاوی دایکمی کرد.
"پۆزی، ئێستا زۆر سوپاسگوزار دەبم ئەگەر دەست پێ بکەی، دەتوانی؟"
دایکم وەڵامی دایەوە، "بەسەر چاو."

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

بە دایکم ناڵێم کە باوکمم بینیوە. باوکم بۆ یاریی دواتریشم دێت، ئەم جارەش کە دێمە لای بنکەی تۆپهەڵدانەکەوە، سەرم بۆ دەلەقێنێت، منیش، زۆر بەکەمی، سەری بۆ دەلەقێنمەوە، بەڵام هەرچییەک بێت، سەرلەقاندنە. لەم یارییەدا، سێ جار لە بنکەی تۆپهەڵدانەکەوە تۆپ هەڵدەدەم و جارێک خاڵێک تۆمار دەکەم و دەتوانم بەدەوری هەرچوار بنکەکەدا ڕابکەم و بگەمەوە سەر پلێتی تۆپهەڵدانەکە، دوو جاریش دوای هەڵدانی تۆپەکە، دەتوانم بگەمە بنکەی دووەم.

دوو هەفتە بەم شێوەیە تێدەپەڕێنم: باوکم دادەنیشێت و سەیرم دەکات، منیش بە جۆرێک تۆپەکە هەڵدەدەم، دەڵێیت تۆپەکە دوو پێی پانە. دواجار، دوای یارییەکمان لە گۆڕەپانی تیپی بەرامبەردا - کە تیایدا من دوو خاڵی تر بە سووڕانەوە بەدەوری هەرچوار بنکەکەدا تۆمار دەکەم - باوکم لای پاسی تیپەکەمانەوە چاوەڕێم دەکات. قەمسەڵەیەکی شین و بلووزێکی ملداری سپیی لەبەردایە. تێبینیی تاڵە سپییەکانی لاجانگەکانی دەکەم. کاتێک دەمبینێت، چەناگەی بەرز دەکاتەوە، وەک بیەوێت دژی ئەو ڕاستییە بوەستێتەوە، کە من ئێستا لەو بالابەرزترم. ئەمە یەکەم وشەکانی باوکمن بۆ من:



Scanned by CamScanner

"لە ڕاهێنەرەکەت بپرسە، بزانە دەهێڵێ من بتکەیەنم؟"

لەم ساتەدا، دەتوانم هەرشتێک، کە بمەوێت، بیکەم: تفی لێ بکەم، پێی بڵێم لا بچۆ لە بەرچاوم. دەتوانم ئەو چۆن ئێمەی پشتگوێ خست، منیش ئاوا پشتگوێی بخەم، یان دەتوانم شتێک دەربارەی دایکم بڵێم.

لەجیاتیی ئەوانە، ئەوە دەکەم، کە پێی گوتووم. مۆڵەت وەر دەگرم و بە پاسی تیپەکە نەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. باوکم ڕێز لە دەسەڵاتی ڕاهێنەرەکەم دەگرێت، منیش ڕێز لە دەسەڵاتی باوکم دەگرم، ئیتر دونیا بەم شێوەیە مانابەخشە، کە هەموومان وەک پیاو ڕەفتار بکەین!



Scanned by CamScanner

سـێلما خـان دەڵێت، "نازانـم پـۆزی، شـتەکە پێویسـتی بە پەرجوویەکـە."

لـەو کاتـەدا، سـێلما خـان لـە ئاوێنەیەکـی دەسـتیدا سـەیری خـۆی دەکـرد. دایکـم قووتـووی بچـووک و سـندوقی بەنقێمڕازێنـدراوەی لـە جانتاکـەی دەر دەهێنـا.

دایکم گوتی، "کێشە نییە، ئەمە جانتای پەرجووەکانمە."

"بەڕاست؟ چارەسەری شێرپەنجەشت پێیە؟"

دایکـم بتڵێکـی بچووکـی بـەرز کـردەوە و گوتـی، "کرێمـی دەموچـاوم پێیـە."

سێلما خان پێکەنی.

"پۆزی، ئەمەت لا بێمانا نییە؟"

"چ شتێک، گیان؟"

"ئەوەی بەم تەمەنەوە دەمەوێ جوان دەر بکەوم؟"

"زۆریش ئاساییە."

"خۆی دەزانی چۆنە، کوڕ و کچەکانم لێرەن، منداڵەکانیشیان هێنـاون، ئەمەیە هۆکارەکە. حـەز دەکـەم لـە بەردەمیاندا جوان و تەندروسـت دەر بکـەوم، تێدەگـەی؟ نامـەوێ ببینن لـە شـاڵێکی کۆنـی قاپشـتن دەچـم و ئینجـا بـەوە بێتاقـەت ببـن."

دایکـم کرێـم لـە دەموچـاوی سـێلما خـان دەدا و لەپـی دەسـتی بـە شـێوەیەکی بازنەیـی بـە دەموچاویـدا دەهێنـا، ئینجا



Scanned by CamScanner

پێی گوت، "تۆ هەرگیز لە شالّی قاپشتن ناچی."
"دەی، پۆزی، پێم ڕا ببوێرە."
هەردووکیان دووبارە پێکەنین.
سێلما خان گوتی، "هەندێک جار بیری ئەو شەممانە دەکەم. کاتی خۆشمان بەسەر دەبرد، ها؟"
دایکم گوتی، "لەو ئیشەدا، هەر زۆر."
سێلما خانیش قسەکەی دایکمی دووبارە کردەوە، "لەو ئیشەدا، هەر زۆر."
لە کاتێکدا دەستەکانی دایکم ئیشیان لەسەر دەموچاوی سێلما خان دەکرد، سێلما خان چاوەکانی داخست و گوتی، "چیکڤوو، دایکت باشترین هاوکاری من بووە."
تەواو لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم، پرسیم، "تۆش لە ئارایشتگەکە ئیشت دەکرد؟"
دایکم زەردەخەنەیەکی کرد.
سێلما خان گوتی، "نە بابە، من کەی خەڵکم پێ جوان دەکرێ."
دایکم سەرقاپی کرێمەکەی نایەوە و دەستی دایە قووتوویەکی تر. سەرقاپی قووتووەکەی کردەوە و ئیسفەنجێکی بچووکی کرد بەو شتەدا، کە لەناویدا هەڵگیرابوو.
پرسیم، "چی؟ تێناگەم."
دایکم، وەک هونەرمەندێک کە خەریکە فڵچە دەخاتە سەر کانڤاسێک، ئیسفەنجەکەی بە دەستیەوە گرت، ئینجا گوتی، "چارلی، ئێمە پێکەوە ماڵانمان پاک دەکردەوە."
کە دایکم دەربڕینەکەی سەر دەموچاوی منی بینی، زۆر بەسادەیی پەنجەکانی ڕاوەشاند و گوتی، "ئەی لات وایە بە چی زانکۆم بە تۆ و خوشکەکەت تەواو کرد؟"



Scanned by CamScanner

لـە زانکۆ، کاتێـک گەیشـتمە پۆلـی دوو، دە پـاوەن ماسـولکەم بـۆ دروسـت بووبـوو، ئەمـەش لـە یاریـی بەیسـبۆڵدا، بـە لێدانەکانمـەوە دیـار بوو. تێکڕای قورسـاییی لێدانـم لـە تۆپ، لە ڕیزبەندیی پەنجا یەکەمـی وڵاتدا بـوو. بـە هـۆی هاندانـی زۆری باوکمـەوە، بەشداریم لـە هەندێک پاڵەوانێتیدا کـرد، کـە شـوێنی خۆنماییشـکردن بـوون لـە بـەردەم وردبینـە شـارەزاکانی تیپـە گەورەکان و وردبینەکانیـان، کـە کۆمەڵێک پیـاوی پیـر بـوون و بـە دەفتـەرە بچووکەکانـی دەسـتیان و جگەرەکانـی دەمیانـەوە لـە پێشـەوە دادەنیشـتن. ڕۆژێـک یەکێکیـان دوای یـاری هـات بـۆ لامـان.

لە باوکمی پرسی، "ئەمە کوڕی تۆیە؟"

باوکـم بەگومانـەوە سـەرێکی لەقانـد. پیاوەکـە سـەرڕووتاوە و لووتخـڕ بـوو، فانیلەکـەی ژێـرەوەی لـە بلـووزە تەنکەکەیـەوە دیـار بـوو.

گوتی، "من لەگەڵ *تیپی سەینت لویز کاردیناڵز*دام."

باوکم گوتی، "بەڕاست؟"

لە خۆشیدا شوێنم بە خۆم نەدەگرت.

"ڕەنگە وەک تۆپگرەوە، پێویستیمان بە کوڕەکەت بێ."

باوکم گوتی، "بەڕاستتە؟"

"ئەگەر پێی خۆش بێ، ئێمە چاومان لێی دەبێ."

پیاوەکە بە دەنگی بەرز مشەمشێکی کرد، بە دەنگەکەدا دیار بوو لووتی تەڕ بوو. دەسەسڕێکی دەر هێنا و لووتی سڕی.

باوکم گوتی، "دەزانی چی، پیتسبێرگ لەپێشترن، دەمێکە ئەوانیش چاویان لەسەریەتی."

پیاوەکە سەیری چەناگەی باوکمی کرد، کە لەگەڵ جووینی بنێشتەکەی ناو دەمیدا دەجوولایەوە، ئینجا گوتی، "بەڕاستتە؟"

بەدڵنیاییەوە، من ئاگام لە هیچکام لەمانە نەبوو، هەر کە پیاوەکەش ڕۆیشت، باوکم دایە بەر لێزمەی پرسیار. ئەمە کەی ڕووی دابوو؟ ئەو پیاوە بەڕاستی بوو؟ هەر بەڕاست پیتسبێرگ چاویان خستبووە سەرم؟

باوکم گوتی، "ئێ، ئینجا با واش بێ؟ چیک، ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێ، کە پێویستە ئێستا بیکەی. لەو شوێنی مەشقکردن لەسەر تۆپهەڵدانە، لەگەڵ ڕاهێنەرەکانتدا بمێنەرەوە و کە کاتی خۆی هات، ئامادە ببە. ئەوەی تری بۆ من دا بنێ."

بەگوێڕایەڵییەوە سەرم لەقاند. لە یەک کاتدا، هەزار شت بە مێشکمدا دەهاتن.

"ئەی خوێندنەکەم؟"

باوکم چەناگەی خوراند، "چی خوێندنەکەت؟"

وێنەی دەموچاوی دایکمم هاتەوە بەرچاوم، کە بە کتێبخانەکەدا دەیگەڕاندم. هەوڵم دا بیری لێ نەکەمەوە.

باوکم لەسەرخۆ گوتی، "سەینت لویز کااڕدیناڵز."

پێڵاوەکانی لە چیمەنەکە گیر کرد، ئینجا هەر بەڕاستی



Scanned by CamScanner

زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد. هێندە لە خۆم ڕازی بووم، مووچڕکە بە لەشمدا دەهات. لێی پرسیم، حەزم دەکرد بیرەیەک بخۆینەوە، منیش گوتم بەڵێ، ئیتر ڕۆیشتین و وەک پیاوانی تر پێکەوە بیرەیەکمان خواردەوە.

"باوکم بۆ یەکێک لە یارییەکانم هات."

لە تەلەفۆنە گشتییەکەی بەشە ناوخۆییەکەمەوە قسەم لەگەڵ دایکم دەکرد. ئێستا ماوەیەکی زۆر بەسەر یەکەم سەردانی باوکمدا تێپەڕیبوو، بەڵام ئەو هەموو کاتە غیرەت نەیگرتبووم بە دایکم بڵێم.

دواجار دایکم گوتی، "ئێ، ئێ."

بەپەلە گوتم، "بەتەنیا هاتبوو." لەبەر هۆکارێک لە هۆکارەکان، ئەو خاڵە گرنگ دیار بوو.

"بە خوشکەکەت گوتووە؟"

"نا."

ماوەیەکی درێژ، هەردووکمان بێدەنگ بووین.

"چارلی، مەهێڵە هیچ شتێک کار لە خوێندنەکەت بکا."

"دەزانم."

"چارلی، خوێندن هەموو شتێکە. لە ڕێی خوێندنەوە، دەتوانی خۆت دروست بکەیت."

بەردەوام چاوەڕێی قسەی تر بووم. چاوەڕێی چیرۆکێکی ناخۆش بووم لەسەر شتێکی زۆر خراپ. وەک هەموو ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان جیا بوونەتەوە، چاوەڕێی بەڵگەیەک بووم وام لێ بکات ئاراستەکەم بگۆڕم، گۆڕانکارییەک لە شتەکاندا بکەم، کە وام لێ بکات یەکێک لە دایک و باوکم

بەسەر ئەوی تریاندا هەڵببژێرم. بەڵام دایکم هەرگیز باسی هۆکاری ئەوەی نەدەکرد، کە بۆچی باوکم بەجێی هێشتبووین. هەرگیز نەدەبوو بەو داوەوە، کە من و ڕۆبێرتا بۆمان دادەنا و چاوەڕوانی ئەوە دەبووین ڕق و کینەی ئەومان بەرامبەر بە باوکم بۆ دەر بکەوێت. هەر خۆی دەخواردەوە، وشەکانی قووت دەدایەوە، خۆی لە گفتوگۆکان دەدزییەوە، ئەوەی لەنێوانیشیاندا ڕووی دابوو، هەرچییەک بووبێت، ئەوەشی دەخواردەوە و باسی نەدەکرد.

"ئاساییە باوکم و من یەکتر ببینین؟"

دایکم قسەکەی بۆ ڕاست کردمەوە، "من و باوکم."

بەبێزارییەوە گوتم، "من و باوکم! ئاساییە؟"

دایکم هەناسەیەکی دایەوە.

"چارلی، تۆ ئیدی منداڵ نیت."

ئەی بۆ وا هەستم دەکرد منداڵم؟

کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، زۆر شت هەن، ئەو کاتە نەمدەزانین. نەمدەزانی دایکم لە دڵەوە ئەو هەواڵەی لا چۆن بووبوو، نەمدەزانی هەواڵەکە تووڕەی کردبوو یان ترساندبووی. بەدڵنیاییەوە نەشمدەزانی، لە کاتێکدا من لەگەڵ باوکم دانیشتبووم و بیرەم دەخواردەوە، لەماڵەوە بەشێکی کرێی خوێندنەکەم بەوە دەدرا، کە دایکم لەگەڵ ژنێکدا، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ماڵی ئێمەی پاک کردبووەوە، ماڵی خەڵکی تری پاک دەکردەوە.

ئێستاش لەو ژووری خەوتنە، سەیری هەردووکیانم دەکرد، سیلما خان ڕێک پشتی دابوو بە سەرینەکانەوە،

دایکیشم ئیسفەنجی ئارایشت و قەڵەمی چاوەکانی لەسەر دەموچاوی دەهێنا و دەبرد.

پرسیم، "بۆ پێت نەگوتم؟"

دایکم گوتی، "چیت پێ بڵێم؟"

"کە لەبەر پارە... دەبوو...؟"

"زەوی بسڕمەوە و جل بشۆم؟"

دایکم پێکەنی و بەردەوام بوو، "نازانم. ڕەنگە ترسابم بەو شێوەیە بمبینی، کە ئێستا دەمبینی!"

دایکم هەناسەیەکی ساردی دایەوە و گوتی، "چارلی، تۆ هەمیشە لەخۆبایی بووی."

بەتووڕەییەوە گوتم، "وا نییە!"

دایکم برۆکانی بەرز کردەوە و گەڕایەوە سەر ئیشەکەی خۆی. لەژێر لێوەوە گوتی، "باشە، با قسەی تۆ بێ."

گوتم، "وا مەڵێ!"

"چی نەڵێم؟"

"با قسەی تۆ بێ، وا مەڵێ."

"چارلی، هیچم نەگوتووە."

"نەخێر، گوتووتە."

"باشە، هاوار مەکە."

"ئاخر لەخۆبایی نەبووم! تەنها لەبەر ئەوەی من..."

دەنگم لەرزەی تێ کەوت. ئەوە من خەریک بوو چیم دەکرد؟ نیوڕۆژ بوو لەگەڵ دایکە مردووەکەمدا بووم و دیسان دەمەدەمێم لەگەڵ دەکرد؟

سێلما خان گوتی، "چیکقوو، هیچ عەیبە نییە پێویستیت بەوە بێ ئیش بکەی، تا پارە پەیدا بکەی، بەڵام تاکە ئیش



Scanned by CamScanner

کە من دەمزانی، ئەو ئیشە بوو کە هەموو تەمەنم کردم.
دایکیشت پێی گوتم، ئێ، ئەی ئەو ئیشە چۆنە بەلاتەوە؟
منیش گوتم، پۆزی، دەتەوێ ببی بە کارەکەری خەڵک؟
ئەویش گوتی، کە تۆ خۆو لەوە بەگەورەتر نەزانی مالان
پاک بکەیتەوە، من بۆ خۆم لەوە بە گەورەتر بزانم؟ بیرتە،
پۆزی؟"
دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشا، "من نەمگوت خۆو"'
سێلما خان دایە قاقای پێکەنین، "ڕاست دەکەی، وات
نەگوت. لەوە دڵنیام. نەتگوت خۆو."
ئێستا ئیتر هەردووکیان دایابوویانە قاقای پێکەنین. دایکم
دەیویست ئیش لەسەر ژێرچاوی سێلما خان بکات.
دەیگوت "ڕێک بوەستە،" بەلام هەردووکیان پێکەنینیان
دەهات.

ڕۆبێرتا گوتی، "پێم وایە دەبێ دایکم شوو بکاتەوە."
ئەمە یەکێک بوو لەو جارانەی بەسەردانی لە زانکۆوە
هاتبوومەوە ماڵەوە.
"ئەوە تۆ دەزانی دەڵێی چی؟"
"هێشتا هەر جوانە، بەلام کەس بۆ هەتاهەتایە جوان
نامێنێتەوە. ئێستا وەک جاران باریک نییە."
"نایەوێ شوو بکاتەوە."
"تۆ چوزانی؟"
"ڕۆبێرتا، دایکم پێویستی بەوە نییە شوو بکاتەوە،
تێدەگەی؟"
"ئەگەر بەم زووانە یەکێک نەدۆزێتەوە، ئیتر کەس

نایەوێ."

"بەسە، تەواو."

"چارلی، دایکم ئێستا کۆرسێ لەبەر دەکا، خۆم بینیم."

"ئەوە کێشەی من نییە، ڕۆبێرتا! بۆ خاتری خوا، بەسە!"

"وا دەزانی لەبەر ئەوەی لە زانکۆی، ئیتر زۆر شتێکی گەورەی؟"

"بیبڕەوە."

"گوێت لەو گۆرانییە بووە کە دەڵێ، یەمی، یەمی، یەمی؟ زۆر بێمانایە. نازانم چۆن لێی دەدەن؟"

"دایکم لەگەڵ تۆدا باسی شووکردنەوەی کردووە؟"

"ڕەنگە."

"ڕۆبێرتا، بەڕاستمە، چی گوتووە؟"

"هیچ، باشە؟ بەڵام کەس نازانێ باوکم کەوتۆتە چ جەهەننەمێکەوە. نابێ دایکم هەمیشە بەتەنیا بێ."

گوتم، "جنێو مەدە."

"چارلی، چیم بوێت دەیڵێم، تۆ گەورەی من نیت."

ڕۆبێرتا تەمەنی پانزە ساڵ بوو، من بیست ساڵ بووم. ئەو هیچ هەواڵی باوکمی نەدەزانی. من باوکم دیبوو، قسەشم لەگەڵ کردبوو. ئەو دەیویست دایکم دڵخۆش بێت. من دەمویست وەک خۆی بمێنێتەوە. نۆ ساڵ بەسەر ئەو بەیانیی شەممەیەدا تێپەڕیبوو، کە دایکم دەنکەگەنمەشامییە برژاوەکانی لە لەپی دەستیدا ورد کرد. نۆ ساڵ بەسەر ئەوەدا، کە هەموو پێکەوە یەک خێزان بووین.

لە زانکۆ، کۆرسێکم لەسەر زمانی لاتینی وەر گرت، ڕۆژێکیان وشەی *جیابوونەوە* هاتە بەردەمم. هەمیشە

وام دەزانی لەو ڕەگەوە وەر گیرابوو، کە بە مانای لێکجیابوونەوەی دوو شت دێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە وشەی ڕیڤەرتەرەوە هاتووە، کە بە مانای لەڕێلادان دێت.
منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام. جیابوونەوە، لە ڕێ لات دەدات، لە هەموو ئەو شتانە دوورت دەخاتەوە، کە وات زانیوە ناسیوتن، لە هەموو ئەو شتانە دات دەبڕێت، کە وات زانیوە دەتەوێن، لە هەمان کاتیشدا، دەتهێنێتە ناو کۆمەڵێک شتی ترەوە، وەک گفتوگۆ لەسەر کورسیێکەی دایکت و ئەوەی دەبێت شوو بکاتەوە یان نا.



Scanned by CamScanner

# چیك بڕیاری خۆی دەدات

لـە ژیانـی زانکۆمـدا دوو ڕۆژ هـەن، کـە لێرەدا باسیان دەکەم بۆت، چونکە ئەو دوو ڕۆژە باشترین و خراپترین ڕۆژی ئەو سەردەمەی ژیانم بوون. باشەکەیان لە دووەم ساڵی زانکۆمدا بوو، لە ماوەی وەرزی یەکەمی خوێندنەکەمدا. هێشتا وەرزی بەیسبۆڵ دەستی پێ نەکردبووەوە، بۆیە کاتی ئەوەم هەبوو لەناو زانکۆدا کات بەسەر بەرم. شەوێکی پێنجشەممە، دوای تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ، یەکێک لە یانە برایەتییەکان[1] ئاهەنگێکی گەورەی ساز دابوو. شوێنەکە جەنجاڵ و تاریک بوو. مۆسیقاکە هێندە بەرز بوو، هەموو شتێکی دەلەراندەوە. گڵۆپە سەرووبنەوشەییەکان وایان لە پۆستەرەکانی سەر دیوارەکە و هەموو ئامادەبووانی ئاهەنگەکە دەکرد، وەک فۆسفۆر بدرەوشێنەوە. هەموومان بە دەنگی بەرز پێدەکەنین و لە پەرداخی پلاستیکدا بە خۆشیی یەکەوە بیرەمان هەڵدەدا.

---

١ لە زانکۆکانی ئەمەریکادا، یانەی کوڕانە *برایەتی* و یانەی کچانە *خوشکایەتی* هەن، کە لە ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندام پێک دێن و پێکەوە لە خانوویەکدا دەژین و کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی وەک ئایدۆلۆژیا و ستایلی ژیان و خولیا و ئارەزوو... هتد. پێکەوە دەیانبەستێتەوە. هەر یانەیەک کۆمەڵێک یاسا و مەرجی خۆی هەیە بۆ قبوڵکردنی ئەندامی تازە.



Scanned by CamScanner

لە خاڵێکی ئاهەنگەکەدا، کوڕێک، کە قژی دەتگوت کلکی ئەسپە، چووە سەر کورسییەک و دەمی لەگەڵ وشەکانی گۆرانییەکدا دەجووڵاند و بە خەیاڵ گیتاری لێدەدا - گۆرانییەکی تیپی زە جێفرسن ئێرپلەین بوو - دوای ئەوە، ئیتر شتەکە بوو بە پێشبڕکێ. من و هاوڕێکانم سندوقێکی شیرمان بینی پڕ بوو لە قەوانەکان، ئێمەش بە قەوانەکاندا دەگەڕاین بۆ ئەوەی گۆرانییەک بدۆزینەوە، بتوانیت ئاوا نمایشی لەگەڵدا بکەیت.

ئەوەی ڕاستی بێت، نازانم ئەو قەوانی گۆرانییانە هیی کێ بوون، بەڵام لەنێوانیاندا دانەیەکی چاوەڕواننەکراوم دۆزییەوە و بانگی هاوڕێکانم کرد، "ئا بوەستن! سەیرێکی ئەمە بکەن!" ئەلبوومەکەی بۆبی دارین بوو، کە دایکم هەمیشە بەمنداڵی بۆی لێدەداین. بۆبی دارین لەسەر بەرگی ئەلبوومەکە قاتێکی سپیی لەبەردا بوو، قژی بە شێوەیەک کورت و ڕێکوپێک بوو، کە بۆ ئەو سەردەمەی من، عەیبە بوو.

بە هاوڕێکانم گوت، "ئەمەیان دەناسم! هەموو وشەکانیم لەبەرە!"

یەکێکیان گوتی، "نەبابە، وا نەڵێی!"

یەکێکی تریان گوتی، "دە بیخەرە سەری! تۆ سەیری ئەم گەمژەیە ناکەی!"

دەستمان بەسەر ئامێری قەوانەکەدا گرت و دەرزییەکەیمان خستە سەر: "دەکرێت ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێت بۆ تۆ." هەر مۆسیقای گۆرانییەکە دەستی پێ کرد، هەموو لە جێی خۆیان سڕ بوون، چونکە ئاشکرا بوو ئەو مۆسیقایە ڕۆک ئاند ڕۆڵ نەبوو. کاتێکم زانی، خۆم و دوو هاوڕێم لە بەردەم



Scanned by CamScanner

هەموویاندا وەستابووین. هاوڕێکانم بەتەریقییەوە سەیری یەکترییان دەکرد و بەدەم بادانی کەمەریانەوە، ئاماژەیان بۆ من دەکرد، بەڵام من هەستم بە لەششووکی دەکرد و بیرم کردەوە کە ئینجا چییە، شتەکە کەی ئەوەندە گرنگە؟ بۆیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی کەرەنا و کلارنێتەکان لە موکەبەرەکانەوە، دەستم کرد بە دەمجووڵاندن لەگەڵ ئەو وشانەی وەک ئاو و دۆ لەبەرم بوون:

لەسەر شەقامێک پیاسە دەکەیت، یان لە ئاهەنگێکیت،
یان بەتەنیایت، لەناکاو داڵغەیەک دات دەگرێت،
سەیری ناو چاوی کەسێک دەکەیت و لەو ساتەدا تێدەگەیت
دەکرێت ئەمە سەرەتای شتێکی گەورە بێت بۆ تۆ!

وەک گۆرانیبێژە پیاوەکانی بەرنامەی زە ستیف ئالن شۆ، لەگەڵ گۆرانییەکەدا چەقەنەم لێدەدا. لەناکاو، هەموو پێکەنین و هاواریان کرد، "دەی! ئافەرم، شێرەپیاو!" منیش زیاتر و زیاتر خۆم کرد بە بەزم. وا بزانم کەس باوەڕی نەدەکرد من وشەکانی گۆرانییەکی هێندە کۆنم لەبەر بێت.

بە هەرحاڵ، کاتێک تەواو بووم، هەموو لەبەرم هەستان و چەپڵەیان بۆ لێدام، برادەرەکانیشم خۆیان بە کەلەکەمدا دەکێشا و بەدەم پێکەنین و جنێودانەوە پاڵمان بەیەکەوە دەنا.

ئەو شەوە بوو کە کاسرینم ناسی. ئەمەیە وا دەکات ئەو شەوە باشترین شەوی ئەزموونی زانکۆم بێت. کاسرین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا سەیری نماییشەکەمیان دەکرد. چاوم کەوتە سەر چاوی و مووچڕکەیەک بە لەشمدا هات

- ئەمە لە کاتێکدا، قۆڵم با دەدا و لێوم لەگەڵ وشەکاندا دەجووڵاند. کاسرین بلووزێکی لۆکەی پەمەییی بێقۆڵ و کاوبۆیەکی سەرکەمەری لەبەردا بوو، سووراوێکی بریقەداری سووری شلیکیی کردبوو. لە کاتێکدا من گۆرانییەکەی بۆبی دارینم دەگوتەوە، ئەو بەنازەوە چەقەنەی لێدەدا. تا ئەمڕۆش، نازانم ئەگەر ئەو شەوە ئاوا خۆم نەکردایە بە فیلم، هێشتا هەر سەرنجیم ڕادەکێشا یان نا؟

لە کاتێکدا قووتوویەک بیرەم لە سندوقە پڕ لە سەهۆڵەکە دەر دەهێنا، کاسرین هات بۆ لام و لێی پرسیم، "لەکوێ فێری ئەو گۆرانییە بووی؟"

وەڵامم دایەوە، "ئمم... لە دایکمەوە."

هەستم کرد زۆر گەمژەم. کێ گفتوگۆیەک لەگەڵ کچێکدا بە "دایکم" دەست پێ دەکات؟ بەڵام وا دیار بوو کاسرین قسەکەمی بەدڵ بوو. ئێ، ئیتر لەوێوە چیرۆکەکەمان دەستی پێ کرد.

ڕۆژی دوایی، نمرەکانم وەر گرتەوە و باش بوون، دوو *باڵا* و دوو *زۆر باشە*م هەبوو. پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد لە ئارایشتگەکە و هاتە سەر تەلەفۆنەکە. ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم پێ گوت، لەگەڵ باسی کاسرین و گۆرانیی بۆبی دارینەکەم بۆ کرد، زۆر خۆشحاڵ بوو کە لە ناوەڕاستی ڕۆژەکەدا پەیوەندیم پێوە کردبوو. بەسەر وژەوژی ئامێری سەر وشککردنەوەکاندا هاواری کرد، "چارلی، زۆر شانازیت پێوە دەکەم!"

ئەمە ڕۆژە باشەکە بوو.

ساڵێک دوای ئەوە وازم لە زانکۆ هێنا.

ئەوەیان ڕۆژە خراپەکە بوو.



Scanned by CamScanner

بۆیە وازم لە زانکۆ هێنا، بۆ ئەوەی وەک باوکم پێشنیاری کرد، لە خولی پلەدووی بەیسبۆڵدا یاری بکەم. ئەمەش دایکمی بۆ هەتاهەتایە نائومێد کرد. من چوومە ڕیزی *تیپی پیتسبێرگ پایرەتسەوە*، بۆ ئەوەی لە خولە زستانەکاندا یاری بکەم، بەو هیوایەی دواتر بەفەرمی بچمە ناو لیستی یاریزانە سەرەکییەکانیانەوە. باوکم پێی وا بوو ئەوە باشترین دەرفەت بوو. پێی گوتم، "ئەگەر هەر لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ یاری بکەی، ئاستت ناچێتە پێشەوە."

یەکەم جار کە بیرۆکەکەم بۆ دایکم باس کرد، دایکم قیژەی لێ بەرز بووەوە و گوتی، "بە هیچ شێوەیەک شتی وا نابێ!" بەلای دایکمەوە گرنگ نەبوو بەیسبۆڵ پارەی بۆ پەیدا دەکردم یان نا، گرنگ نەبوو وردبینەکان لایان توانای شاراوەیان لە مندا دەبینی یان نا – بابیی ئەوەی کە لەوانە بوو بگەمە تیپە پلەیەکەکان. هەموو قسەکەی دایکم ئەمە بوو، "بە هیچ شێوەیەک شتی وا نابێ!"

منیش بە هیچ شێوەیەک گوێم بە قسەکەی نەدا.

چووم بۆ تۆمارگەی کۆلێژەکەم و پێم گوتن واز لە خوێندن دەهێنم، ئینجا شتەکانم لە یەک جانتای شاندا کۆ کردەوە و ڕۆیشتم. لەو سەردەمەدا، زۆر گەنجی تەمەنی من دەنێردران بۆ ڤێتنام، بەڵام نازانم بەخت بوو یان قەدەر، کە وای کرد من لە یانسیبی هەڵبژاردنی گەنجاندا بۆ خزمەتی سەربازی لە ڤێتنام ژمارە یەکم بۆ دەر بچێت، کە لە خواری خوارەوەی لیستەکەدا بوو، بۆیە ئەگەری ناردنم بۆ شەڕ،



Scanned by CamScanner

زۆر کەم بوو[1]. باوکم، کە خۆی سەربازی کۆن بوو، لەوە دەچوو بەو هەواڵە خۆشحاڵ ببێت. گوتی، "باشتر! چیت داوە لەو هەموو ناخۆشی و سەرئێشەیەی جەنگ."

لەبری ڕۆیشتن بۆ جەنگی ڤێتنام، لەسەر ئاوازە سەربازییەکانی باوکم ڕۆیشتم و بەقسەی فەرمانەکانی ئەوم کرد: چوومە یانەیەکی پلەدووەوە لە سان هوان، پۆرتەریکۆ، بەم شێوەیەش ڕۆژەکانی خوێندنم کۆتاییان پێ هات. چیم هەیە لەسەر ئەوە بیڵێم؟ ئایا ئەوە بەیسبۆڵە کە فریوی دام، یان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی باوکم؟ پێم وا بێت هەردووکیان بوو. شتەکە زۆر سروشتی دیار بوو، دەتگوت هاتوومەتەوە سەر ئەو ڕێگەیەی لە قۆناغی سەرەتاییەوە دوای کەوتبووم - بۆ پێش ئەو کاتەی شتەکان قڵپ ببنەوە و ژیانم وەک کوڕی دایە دەست پێ بکات.

بیرمە لە مۆتێلەکەی سان هوانەوە پەیوەندیم بە دایکمەوە کرد. یەکسەر لە زانکۆوە بە فڕۆکە چووبووم بۆ ئەوێ، یەکەم جارم بوو سواری فڕۆکە ببم. نەمویست پێش ئەوە

---

١ لەساڵی ١٩٦٩دا، ئەمەریکا لە ڕێگەی یانسیبەوە گەنجانی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٤ـی ١٩٥٠ هەڵدەبژارد بۆ بەشداریکردنیان لە جەنگی ڤێتنامدا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونیانەوە دەبوو، بە جۆرێک، ڕۆژەکانی ساڵ لە ١ەوە تا ٣٦٦ لەسەر پارچەیەک کاغەز دەنووسران و دەخرانە کەپسولی پلاستیکەوە، ئینجا دەکرانە سندوقێکی گەورەی شووشەوە و بە یانسیب، یەکەیەکە، هەفتانە لێیان هەڵدەبژێردرا. یەکەم کەپسول - کە ١٤ی سێپتەمبەر بوو - ژمارە یەکی وەر دەگرت و دووەم کەپسول ژمارە دوو، بەم شێوەیە تا هەر هەموو کەپسولەکان تەواو دەبوون. هەتا ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونی کەسێک زووتر هەڵبژێردرایە، ژمارەیەکی بچووکتری پێ دەدرا، بەم شێوەیە دەچووە سەرەوەی لیستەکە و چانسی بانگکردنی بۆ خزمەتی سەربازی زیاتر دەبوو.

بچمەوە ماڵەوە، چونکە دەمزانی دایکم دەیکات بە هەرا.

کارمەندی بەداڵەکە بە شێوەزارێکی ئیسپانی گوتی، "پەیوەندییەکت لە دەرەوەی وڵاتەوە لەگەڵدایە لە کوڕەکەتەوە."

کاتێک دایکم تێگەیشت لەکوێ بووم و زانیی هەموو شتێک کۆتاییی پێ هاتووە و لەگەڵ ئەو یانەیەدا گەیشتوومەتە ڕێککەوتن، سڕ بوو. دەنگی هیچ لەرەیەکی پێوە دیار نەبوو. پرسیی چ جۆرە جلێکم پێ بوو. بۆ نانخواردن چیم دەکرد؟ لەوە دەچوو لیستێک لەو پرسیارانە بخوێنێتەوە، کە دەبوو بکرێن.

گوتی، "سەلامەتە؟ مەبەستم ئەو شوێنەیە کە لێی دەمێنیتەوە؟"

"سەلامەتە؟ ئا، پێم وا بێ."

"کێی تر لەوێ دەناسی؟"

"کەس، بەڵام تیپەکە هەمووی کوڕی تەمەنی خۆمن. ژوورەکەم لەگەڵ کەسێکی ترە، کە خەڵکی ئیندیانا یان ئایوایە، یەکێک لەو دووانەیە."

"ئێ، ئێ."

بێدەنگییەک دروست بوو.

"دایە، دەتوانم هەرکاتێک بێ، بگەڕێمەوە بۆ زانکۆ."

ئەم جارە بێدەنگییەکە زیاتری خایاند. پێش ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بێنین، دایکم یەک شتی تری گوت:

"گەڕانەوە بۆ شتەکان، زۆر لەوە قورسترە کە لێی تێدەگەی."

پێم وایە، تەنانەت ئەگەر هەوڵیشم بۆ بدایە، لەمە زیاتر دڵی دایکمم بۆ نەدەشکا.



Scanned by CamScanner

# ئەو کارەی دەبێت بیکەیت

سێلما خان چاوەکانی داخست و پاڵی دایەوە. دایکم دەستی کردەوە بە ئارایشتکردنی ڕوخساری. دایکم ئیسفەنجی ئارایشتی بە دەموچاوی هاوکارە کۆنەکەیدا دەهێنا، منیش سەیرم دەکردن و نەمدەزانی هەست بە چی بکەم. هەمیشە وام دەزانی ئەو وشەیەی دوای ناوەکەت دێت، زۆر گرنگە. چیک بینێتۆ *یاریزانی یەکی بەیسبۆل*، نەک چیک بینێتۆ/*کارمەندی فرۆشتن*. ئێستا پێم زانیبوو کە *پۆزی بینێتۆ*/پەرستار و *پۆزی بینێتۆ/کارمەندی ئارایشتگە*، دواتر بووبوو بە *پۆزی بینێتۆ/کارمەندی پاککردنەوە*. تووڕە بووم لەوەی ئاستی دایکم هێندە هاتبووە خوارەوە.

بەدوودڵییەوە گوتم، "دایە... ئەی بۆ داوای پارەت لە باوکم نەدەکرد و تەواو؟"

کەڵەڕەقانە گوتی، "هیچی تری باوکتم نەدەویست."

سێلما خان گوتی، "ڕاست دەکا."

"چارلی، ژیانی خۆمان باش دەبرد بەڕێوە."

"بەڵێ، وا بوو."

منیش گوتم، "ئەی بۆ نەگەڕایتەوە بۆ نەخۆشخانە؟"

"نەیاندەویستم."



Scanned by CamScanner

"ئەی بۆ دژیان نەوەستایتەوە؟"

دایکم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی، "جا پێت خۆش دەبوو؟ ئەو کاتە وەک ئێستا نەبوو، لەسەر بچووکترین شت داوای یاسایی تۆمار بکەیت. هەر ئەو نەخۆشخانەیەش هەبوو. نەدەکرا هەر وا شارۆچکەکە بەجێ بهێڵین. ئەوە ماڵی ئێمە بوو، تۆ و ڕۆبێرتا خۆتان لە خۆتاندا بەرگەی گۆڕانکاریی زۆرتان گرتبوو... ئاسایی بوو، ئیشم دۆزییەوە."

لەژێر لێوەوە گوتم، "پاککردنەوەی ماڵان."

دایکم دەستی لە ئیشەکەی بەر دا و گوتی، "من وەک تۆ شەرم لەوە ناکەم، کە ئەو ئیشەم کردووە."

"بەڵام..." بەدوای وشەدا دەگەڕام. "ئەو ئیشەت نەکردووە، کە لات گرنگ بووە."

دایکم سەیری کردم، چاوەکانی بەرهەڵستیکردن و بریقەیەکیان تێدا بوو.

گوتی، "ئەوەم کرد، کە لای خۆم گرنگ بوو: من دایک بووم."

دوای ئەوە، بێدەنگ ماینەوە. دواجار، سێلما خان چاوەکانی کردەوە و گوتی، "ئێ، ئەی تۆ، چیکقوو؟ خۆ هێشتا لەو گۆڕەپانە گەورەیەدا یاریی بەیسبۆڵ ناکەی؟"

سەرێکم وەک ئاماژەی *نەخێر* با دا.

سێلما خان بەردەوام بوو، "بێگومان، هەر دەبێ وا بێ. بەیسبۆڵ ئیشی کوڕی گەنجە، بەڵام تۆ هەمیشە بۆ من ئەو کوڕە بچکۆلەیە دەبی، بەو دەسکێشی بەیسبۆڵەی دەستتەوە، زۆر جیددی و بالابەرز دەر دەکەوتی."



Scanned by CamScanner

دایکم گوتی، "ئێستا چارلی خاوەن ماڵ و منداڵە."

"بەڕاستتە؟"

"ئیشێکی باشیشی هەیە."

سێلما خان سەری بردەوە دواوە و گوتی، "ئێ، ئیتر چیت دەوێ! کەواتە، چیکقوو، ژیانت زۆر باش بەڕێوە دەچێ. هەر زۆر باش."

هەردووکیان هەڵە بوون. ژیانم هیچ باش بەڕێوە نەدەچوو.

گوتم، "ڕقم لە ئیشەکەمە."

سێلما خان شانی ڕاتەکاند، "ئێ، بڵێین چی، هەندێک جار ئەوەش ڕوو دەدا. خۆ لە شتنی حەوزی خۆشتنەکەی ئێوە خراپتر نییە، وایە؟"

زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد و بەردەوام بوو، "بۆ ئەوەی خێزانەکەت لێک نەترازێ و وەک خۆی بمێنێتەوە، دەبێ ئەوە بکەی، کە دەبێ بیکەی. وا نییە پۆزی؟"

خەریک بوون ڕۆتینی ئارایشتکردنەکەیان تەواو دەکرد، منیش هەر سەیرم دەکردن. بیرم لەوە دەکردەوە، دەبوو سێلما خان چەند ساڵ بە گسکی کارەبایی گسکی دابێت و حەوزی خۆشتنی خەڵکی پاک کردبێتەوە بۆ ئەوەی نان بۆ منداڵەکانی پەیدا بکات، یان دایکم چەند سەری شتبێت و چەند قژی بۆیە کردبێت، تا نان بۆ ئێمە پەیدا بکات. ئەی من؟ توانیم بۆ ماوەی دە ساڵ یارییەک بکەم - دەمویست دە ساڵی تریشی بێتە سەر. بەڕاستی شەرمم لە خۆم دەکرد.

سێلما خان گوتی، "ئەو ئیشەی ئێستات، چییەتی؟"

نووسینگەی کاری فرۆشتنەکەم هێنایە بەرچاوی خۆم،

مێـزه سـتیلەکان و گڵۆپـه نیۆنـه کـزەکان.

لەژێر لێوەوە گوتم، "نەمدەویست کەسێکی ئاسایی بم."

دایکـم سـەری هەڵبـڕی و گوتـی، "ئاسـایی لای تـۆ چییـە، چارلـی؟"

"خۆت دەزانی، ئاسایی کەسێکە، کە لەبیر دەچێتەوە."

دەنگـی زریکەزریکـی منـداڵ لـە ژوورەکـەی تـرەوە هـات. سـێلما خـان ڕووی بـە ئاڕاسـتەی دەنگەکـەدا وەر گێـڕا. زەردەخەنەیەکی کـرد و گوتـی، "ئەمـە ئەوەیـە، کـە ناهێڵـێ مـن لەبیـر بچمـەوە."

سێلما خـان چاوەکانـی داخسـت، تـا دایکـم ئیشـیان لەسـەر بکات، ئینجـا هەناسـەیەکی هەڵمـژی و زیاتـر پاڵـی دایـەوە.

لەناکاو گوتـم، "بـەڵام مـن نەمتوانـی کارێک بکـەم، خێزانەکەم لەبەر یەک هەڵنەوەشـێ."

دایکـم پەنجەیەکـی خسـتە سـەر لێوەکانـی، تـا پێـم بڵێـت بێدەنـگ ببـم.



Scanned by CamScanner

# بۆ چارلیی کوڕم لە ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەدا،

دەزانم ئەم تێبینییانەت لەلا بێمانان. بەدرێژاییی
تەمەنم بینیومە چۆن
هەرکاتێک دانەیەکیانت پێ داویت، خێرا ڕووت
گرژ کردووە، بەڵام دەبێت
لەوە تێبگەیت، کە هەندێک جار دەمەوێت
هەندێک شتت پێ بڵێم و
بەجوانی تێتیان بگەیەنم. نووسینی ئەو شتانە
لەسەر کاغەز، لەمەدا یارمەتیم
دەدات. بریا بمزانیبایە جوانتر بنووسم، بریا
زانکۆم بخوێندایە. پێم وا بێت
ئەگەر بچوومایەتە زانکۆ، ئینگلیزییم دەخوێند و
ڕەنگە ئەوسا فەرهەنگی
وشەکانم دەوڵەمەندتر بووایە. هەندێک جار
هەست دەکەم بەردەوام
هەمان ئەو وشانە دووبارە دەکەمەوە، وەک
ژنێک، هەموو ڕۆژێک هەمان
عەزی لەبەر بکاتەوە. بەڕاستی ئەوەش خۆش
نییە!



Scanned by CamScanner

چارلی گیان، ئەوەی دەمەویت پێتی بڵێم،
ئەوەیە کە تۆ کچێکی
زۆر باش دەکەیتە هاوسەری خۆت. کاسرین،
لە زۆر ڕووەوە، لەلای من،
لەجێی ڕۆبێرتایە. وەک کچی خۆم سەیری
دەکەم. کاسرین نەرمونیان و
پشوودرێژە. چارلی، دەبێت تۆش لەگەڵیدا ئاوا
بیت.
ئەمانە ئەو شتانەن، کە لەسەر هاوسەرگیری
بۆت دەر دەکەون. دەبێت
پێکەوە کاریان لەسەر بکەن، هەروەها دەبێت
سێ شتتان خۆش بوێت:
١. یەکتری
٢. منداڵەکانتان (کاتێک منداڵتان دەبێت، ئیتر خۆت
تێبگە!)
٣. هاوسەرگیرییەکەتان.

مەبەستم لەوەی سێیەمیان، ئەوەیە کە هەندێک
جار ڕوو دەدات شەڕتان
دەبێت، تەنانەت هەندێک جار تۆ و کاسرین
یەکتریتان بەدڵ نابێت، بەڵام ئەوە
ئەو کاتەیە، کە دەبێت هاوسەرگیرییەکەتان
خۆش بوێت. هاوسەرگیرییەکەتان
وەک لایەنی سێیەم وایە. سەیری وێنەی
زەماوەندەکەتان بکەن، سەیری



Scanned by CamScanner

هەر یادگارییەک، کە پێکەوە دروستتان کردووە.
ئەگەر هێشتا باوەڕتان بەو
یادگارییانە هەبوو، ئەوا یادگارییەکان بەرەو
لای یەکتر ڕاتان دەکێشنەوە.

چارلی گیان، ئەمڕۆ زۆر شانازیت پێوە دەکەم.
ئەم نامەیە دەکەمە گیرفانی
قاتە تەکشیدۆکەتەوە، چونکە دەزانم شت ون
دەکەیت.

هەموو ڕۆژێک خۆشم دەوێیت.
دایە

(لەناو نووسراو و کاغەزەکانی چیک بینێتۆدا دۆزراوەتەوە، ١٩٧٤)



Scanned by CamScanner

# گەیشتنە لووتکە

هێشتا باسی باشترین و خراپترین شتم بۆ نەکردوون، کە لە ژیانی پیشەییمدا بەسەرم هاتن. گەیشتمە کۆتاییی ڕێگە سەرسامکەرەکەی یاریی بەیسبۆڵ: گەیشتمە خولی یانە پلەیەکەکان. ئەو کاتە تەمەنم تەنها بیستویەک ساڵ دەبوو. تۆپگرەوە یەدەگەکەی یانەی زە پایرەتز لە سەرەتای سێپتەمبەردا قولەپێی شکابوو، بۆیە پێویستیان بە یەکێک بوو جێی بگرێتەوە، ئیتر ئەوە بوو، بە منیان گوت. ئێستاش لەبیرمە کە بۆ یەکەمین جار پێم نایە ژووری خۆگۆڕینە فەرشڕێژکراوەکەیانەوە. ژوورەکە ئەوەندە گەورە بوو، باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. لە تەلەفۆنێکی گشتییەوە پەیوەندیم بە کاسرینەوە کرد - شەش مانگ بوو هاوسەرگیریمان کردبوو - لەسەر یەک پێم دەگوت، "زۆر خۆشە!"

چەند هەفتەیەک دوای ئەوە، زە پایرەتز بۆ خولی یانە پلە یەکەکان سەر کەوتن. درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم هیچ ئازایەتییەکی منی تێدا بوو، کە من گەیشتمە لایان، خۆیان لە یەکەمی ڕیزبەندیدا بوون. چوار جار لە یارییەکدا، لە کاتی زیادکراودا، تۆپم گرتەوە، دووەم جاریش کە سەرەی من بوو لە تۆپەکە بدەم، تۆپەکەم تا ئەوسەری لای ڕاستی



Scanned by CamScanner

گۆڕەپانەکە هەڵدا. تۆپەکەم گیرایەوە و کرامە دەرەوە، بەڵام بیرمە بە خۆمم گوت، "ئەمە تەنها سەرەتایە. من دەزانم باش لە تۆپ بدەم."

لە ڕاستیدا، ئەوە سەرەتا نەبوو، لانی کەم بۆ من. گەیشتینە خولی یانە پلەیەکەکان، بەڵام لە پێنج گێمدا بەرامبەر یانەی باڵتیمۆر ئۆریۆلز دۆڕاین. هەرگیز جارێکی تر دەرفەتم بۆ هەڵنەکەوت لە تۆپ بدەمەوە. دوایین گێم، پێنج بە هیچ دۆڕاین، پاش دواییـن جار کە دایان نیشاندمەوە لەسەر پلیکانەکانی کورسیی یاریزانان، وەستام و سەیری یاریزانانی باڵتیمۆرم دەکرد، کە بۆ گۆڕەپانەکە ڕایان دەکرد، ئاهەنگیان دەگێڕاو لای تەپۆلکەی تۆپهەڵدانەکەوە خۆیان بە زەوییەکەدا دەدا و لەسەر یەک تۆپەڵ دەبوون. بەلای تەماشاکەرانەوە، لەڕادەبەدەر خۆشحاڵ دەر دەکەوتن، بەڵام بەلای منەوە وا دەر دەکەوتن، کە ئیتر کاتی ئەوەیان بێت هەناسەیەک بدەن و قورسایی سەر شانیان لا بچێت.

هەرگیز جارێکی تر ئەو دیمەنەم نەبینییەوە، بەڵام هێشتاش هەندێک جار خەونی پێوە دەبینم و خۆم لەناو ئەو تۆپەڵە یاریزانەدا دەبینم.

ئەگەر زە پایرەتز بیانبردایەتەوە، لە پیتسبێرگ نمایشێکی سەر شەقام دەکرا و ئێمەیان بەناو خەڵکەکەدا دەگێڕا، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆڕابووین، چووین بۆ باڕی باڵتیمۆر و دامانخست و نەمانهێشت کەسی تر بێتە ژوورەوە. ئەو ڕۆژانە، بە خواردنەوە خۆمان لە دۆڕان پاک دەکردەوە، ئێمەش بە دڵی خۆمان ئەو دۆڕاندنەمان پاک کردەوە. لەبەر ئەوەی من

یاریزانی نوێی تیپەکە بووم، زیاتر هەر گوێم لە بۆلەبۆلی یاریزانە بەئەزموونترەکان دەگرت. ئەوەم دەخواردەوە، کە دەبوو بیخۆمەوە. کە ئەوان جنێویان دەدا، منیش جنێوم دەدا. بەرەبەیان بوو، کە هەموو بەدەم لەتردانەوە لە بارەکە چووینە دەرەوە.

چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە، بە فڕۆکە ڕۆیشتینەوە بۆ شاری خۆمان – ئەو سەردەمە هەموو کەسێک بە فڕۆکەی گشتی گەشتی دەکرد - زۆربەشمان سەرخەوی دوای خواردنەوەیەکی زۆرمان شکاند. لە فڕۆکەخانە، تاکسییان بەڕێز بۆ ڕاگرتبووین. تەوقەمان لەگەڵ یەک کرد و گوتمان،ساڵی داهاتوو دەتبینمەوە. دەرگای تاکسییەکان، *شەق، شەق، شەق*، یەک لەدوای یەک داخران.

مانگی سێی بەهاری دواتر، لە مەشقی بەهارەماندا ئەژنۆی خۆمم وێران کرد. بەڕاکردن خۆم دەخزاند بۆ بنکەی سێهەم، بەرگریکارەکە بەدوامەوە بوو، قاچی لە قاچم گیرا و کەوتم، لەو کاتەدا لە ئەژنۆمدا هەستم بە قرچەیەک کرد، کە لە ژیانمدا هەستم بە قرچەی وا نەکردبوو. پزیشک پێی گوتم کە بەستەری لاتەنیشتی جومگەی پێشەوە و پشتەوە و ناوەڕاستی ئەژنۆم بچڕاوە – بە یەک جار تووشی هەرسێ جۆرەکەی پێکانی ئەژنۆ بووم.

لە کاتی خۆیدا چاک بوومەوە. دەستم کردەوە بە یاری، بەڵام بۆ شەش ساڵی دواتر، هەرچەندە هەوڵم دەدا و خۆم بە یاریزانێکی باش دەبینی، بەڵام جارێکی تر چاوم بە خولی یانە پلەیەکەکان نەکەوتەوە. وەک ئەوە وا بوو سیحرەکە بەتاڵ بووبێتەوە. تاکە بەڵگەم لەسەر ئەو کاتەی لە خولی یانە



Scanned by CamScanner

پلەیەکەکاندا بەسەرم بردبوو، خشتەی ئەنجامی یارییەکانی ساڵی ١٩٧٣ و ئەو کارتی بەیسبۆڵە بوو، کە وێنەیەکی منی بە داری بەیسبۆڵەکەم و دەموچاوێکی جیددییەوە لەسەر بوو، لەژێریشیدا ناوەکەم بە پیتی گەورە نووسرابوو، بۆنی بنێشت لەو کارتانە نەدەبووەوە. کۆمپانیاکە دوو پاکەت لەو کارتانەیان بۆ ناردبووم. یەکێکیانم بۆ باوکم نارد و ئەوەی تریانم بۆ خۆم هەڵگرت.

لە بەیسبۆڵدا، بە یاریکردن بۆ چەند ساڵێکی کەم دەڵێن، "کوپێک قاوە،" منیش هەر کوپەقاوەیەکم پێ بڕا، بەڵام لەسەر باشترین مێزی باشترین کافتریای شار.

بێگومان، ئەمەش، لە یەک کاتدا باشیش و خراپیش بوو.

دەزانی چۆنە، ئەو شەش هەفتەیەی لەگەڵ زە پایرەتزدا یاریم دەکرد، لە هەموو کاتێکی تری ژیانم زیاتر هەستم بە زیندوویی کرد. ناوبانگ وای لێ دەکردم هەست بکەم نەمرم. بیری ئەو ژووره زەبەلاحە فەرشڕێژەم دەکرد، بیری ئەوەم دەکرد لەگەڵ یاریزانەکانی تردا بەناو فرۆکەخانەکاندا بڕۆین و هەست بە چاوی هاندەرەکان بکەم لەسەرمان، کاتێک بە بەردەمیاندا تێدەپەڕین. بیری جەماوەرەکەی ئەو گۆڕەپانە گەورانە و پرۆجێکتەر و هەرای هاندانی خەڵکەکەم دەکرد – بیری ئەو مەزنییەم دەکرد، کە لە تەواوی هەموو ئەم شتانەدا بوو، زۆریش خراپ بیرم دەکرد. باوکیشم هەمان شت. هەردووکمان تینووی گەڕانەوە بووین، تینوێتییەک، کە نەماندەدرکاند، بەڵام نەشماندەتوانی نکوولیی لێ بکەین.

بۆیە ماوەیەکی زۆریش دوای ئەوەی دەبوو واز بهێنم، هەر



Scanned by CamScanner

خۆم بە بەیسبۆڵدا هەڵواسی، بۆ ڕۆیشتن لە یانەیەکی خولی پلەدووەوە بۆ یانەیەکی تری خوولی پلە دوو، شارەوشارم دەکرد، وەکوو زۆربەی یاریزانانی یارییەکە، بڕوام وا بوو من یەکەم کەس بم بتوانم تەمەن ببەزێنم. کاسرینم لەگەڵ خۆمدا بە هەموو وڵاتدا هێنا و برد. شوقەمان لە پۆرتلاند و جاکسنڤیل و ئالبەکێرکی و فایتڤیل و ئۆماها هەبوو. کاتێک کاسرین دووگیان بوو، سێ پزیشکی جیاواز چاودێرییان دەکرد.

لە کۆتاییدا، ماریا لە پۆتەکت لە ڕۆد ئایلەند لەدایک بوو، دوو کاتژمێر دوای یارییەک، کە وا بزانم هەشتا کەس بۆی هاتبوون و ئەوانیش هەر زوو باران بڵاوەی پێ کردن. من دەبوو بە تاکسی بچم بۆ نەخۆشخانە. هێندە تەڕ بووبووم، کاتێک کچەکەم هاتە دونیاوە، تەڕییەکەی من شتێکی لەوەی ئەو گەڕابووەوە.

زۆری نەبرد، وازم لە بەیسبۆڵ هێنا.

دوای ئەوە، هەرچییەکم تاقی کردەوە، تامی بەیسبۆڵی نەدەدا. ویستم خۆم ئیشێک دابمەزرێنم، بەڵام تەنها پارەم بەفیڕۆ دا و تەواو. ویستم وەک ڕاهێنەر دەستبەکار بیم، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. لە دواییدا، یەکێک لە بواری فرۆشتندا ئیشێکی بۆ پێشنیار کردم. کۆمپانیایەکی هەبوو، بتڵی پلاستیکییان بۆ خواردنەوە و دەرمان دروست دەکرد، منیش ئیشەکەم وەر گرت. ئیشەکە بێتام بوو. کاتم هەر لێ نەدەڕۆیشت، لەوەش خراپتر، بۆیە ئەو ئیشەیان پێم دابوو، چونکە پێیان وا بووبوو بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی بەیسبۆڵ، ڕەنگە بتوانم وا لە کڕیاریان بکەم گرێبەستمان لەگەڵدا مۆر



Scanned by CamScanner

بکەن، ئەمەش لەمیانەی ئەو گفتوگۆ پڕ لە لەخۆباییبوونەی پیاوەکان پێکەوە لەسەر وەرزش دەیکەن.

شتێکی سەیرە! جارێکیان پیاوێکم ناسی، کە شاخەوانیی زۆر کردبوو. لێم پرسی کامیان سەختتر بوو، سەرکەوتن یان دابەزینەوە؟ بەبێ هیچ ئەملا و ئەولایەک، گوتی دابەزینەوە، چونکە لە سەرکەوتندا هێندە چاوت لەسەر ئەوەیە بگەیتە لووتکە، خۆت لە هەموو هەڵەیەک دەپارێزیت.

کابرا گوتی، "هاتنەخوارەوە بە شاخدا، شتێکە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا نایەتەوە، چونکە دەبێت لە سەرکەوتندا چەندە بایەخت بە خۆت داوە، لە هاتنەخوارەوەشدا ئەوەندە بایەخی پێ بدەی."

ژیانی دوای بەیسبۆڵم قسە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو قسەیەی ئەو پیاوە، هەمووی لە خۆیدا کورت کردووەتەوە.

وەک چاوەڕوانکراو بوو، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ژیانی وەرزشیمدا، باوکیشم وردەوردە ون بوو. ئا! تەنیا چەند جارێک هات منداڵەکە ببینێت و تەواو، بەڵام، هێندەی من ئاواتم دەخواست، ئەو خۆشحاڵ نەبوو بە بینینی نەوەکەی. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، وردەوردە هیچ نەما باسی بکەین. دوکانی مەیفرۆشییەکانی فرۆشت و نیوەی پشکەکانی ئیشێکی دابەشکردنی خواردنەوەی کڕی، ئیشەکە باش دەیژیاند و کاتێکی وا زۆریشی لێ نەدەبرد. ئەوەی خۆشە، هەرچەندە من پێویستم بە ئیش بوو، هەرگیز نەیدەخستمە سەر ئیشێک. وا بزانم ئەوەندەی کاتی بەوە دەدا وەک ئەو دەر نەچم، ئەوەندە دەرفەتی نەدەدام تا وەک ئەو دەر بچم.



Scanned by CamScanner

بەڵام ئەوە گرنگ نەبوو. بۆ ئێمە، بەیسبۆڵ وەک وڵاتێکی هاوبەش وا بوو. بەبێ بەیسبۆڵ، من و باوکم دوو بەڵەم بووین و خەریک بوو بەدەم سەوڵلێدانەوە لەیەک دوور دەکەوتینەوە. باوکم کۆمەڵە شوقەیەکی لەقەراغی پیتسبێرگ کڕی، چووە یانەیەکی گۆڵفەوە و تووشی نەخۆشیی شەکرە، لە جۆری مامناوەند، بوو، بۆیە دەبوو پارێز بکات و دەرزی لە خۆی بدات.

بەم شێوەیە، چۆن باوکم وا بەئاسانی لەژێر ئەو ئاسمانە خۆڵەمێشییەی زانکۆمەوە دەر کەوت، هەر ئاواش بەلێڵی ون بووەوە، مەگەر جارجار پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی بکردایە یان کارتێکی کریسمسی بۆ بناردمایە.

ڕەنگە بپرسیت هەرگیز باسی ئەوەی بۆ کردووم، کە لەنێوان ئەو و دایکمدا ڕووی دابوو. نەخێر، باسی نەکرد. هەر ئەوەندە گوتی، "پەیوەندییەکەمان سەری نەدەگرت." کاتێک زۆریشم لێ کرد، گوتی، "بۆشت باس بکەم، تێناگەی." خراپترین شتێک کە باوکم لەسەر دایکم گوتبێتی، ئەوە بوو کە گوتی، "ژنێکی کەللەڕەقە."

دەتگوت دایکم و باوکم پەیماننامەیەکیان بەستبوو، کە هەرگیز لای هیچ کەسێک باسی هۆکاری جیابوونەوەکەیان نەکەن. بەڵام من پرسیاری ئەو هۆکارەم لە هەردووکیان کرد، کاتێک پرسیارەکەشم کرد، باوکم تەنها لە کاتی وەڵامدانەوەدا سەیری زەوییەکەی کرد.



Scanned by CamScanner

# دووەم سەردان کۆتایی دێت

سیلما خان بەچرپە گوتی، "ڕۆزی، لەگەڵ نەوەکانم تۆزێک پێکەوە قسە دەکەین."

ئێستا سیلما خان زۆر باشتر لەو کاتە دەر دەکەوت، کە لە زەنگی دەرگاکەی ماڵی دایکمی دابوو. دەموچاوی ساف و ئارایشتی چاو و لێوەکانی زۆر بەجوانی کرابوون. دایکم چەپکەقژەکانی سیلما خان - کە بۆیەی پرتەقاڵیی کردبوون - بە قڵچە داهێنابوو، منیش بۆ یەکەم جار هەستم پێ کرد، کە سیلما خان ژنێکی سەرنجڕاکێش بوو، لەوە دەچوو بەگەنجی زۆر جوان بووبێت.

دایکم ماچێکی ڕوومەتی سیلما خانی کرد، ئینجا جانتاکەی داخست و ئاماژەی بۆ من کرد دوای بکەوم. چووینە ڕاڕەوەکەوە و لەوێ کچێکی بچکۆلانە، کە قژی کردبوو بە پرچ، بەرەو ڕوومان دەهات و تەپەتەپی لە زەوییە دەهێنا.

کچەکە گوتی، "نەنە؟ بەخەبەری؟"

هەنگاوم بۆ دواوە نا، بەڵام ئەو ڕێک بە بەردەممانـدا تێپەڕی و هیچ سەیری نەکردین. کوڕێکی بچووکیش دوای کچەکە کەوت - ڕەنگە برای بووبێت - لە دەرگاکەدا وەستا و پەنجەیەکی خستە دەمیەوە. دەستێکم برد و بە بەرچاویدا



Scanned by CamScanner

هێنام و بردم، هیچی نەکرد. دیار بوو ئەوان ئێمەیان نەدەبینی.

گوتم، "دایە،" دەمم تەتەڵەی دەکرد، "ئەوە چی بووە؟"

دایکم سەیری سێلما خانی دەکرد، کە ئێستا کچەزاکەشی لەتەنیشتیەوە، لەسەر سیسەمەکە دانیشتبوو. پێکەوە وەک جۆرە یارییەک چەپڵەیان لێدەدا و دەستیان بەیەکدا دەکێشا. چاوەکانی دایکم پڕ بووبوون لە فرمێسک.

پرسیم، "سێلما خانیش لەسەر مردنە؟"

دایکم گوتی، "بەڵێ، بەم زووانە."

هاتم و لە بەردەم دایکمدا وەستام.

"دایە. تکایە؟"

"چارلی، سێلما خان بانگی منی کردبوو."

هەردووکمان سەیری لای سیسەمەکەمان کرد.

"سێلما خان تۆی بۆ ئێرە بانگ کردبوو؟"

"نا، گیانەکەم. من تەنیا بیرۆکەیەک بووم و هاتبوومە خەیاڵی ئەوەوە. سێلما خان هیوای ئەوەی خواستبوو، من بێم بۆ لای و جوانی بکەم، نەک ئاوا نەخۆش دیار بێ، بۆیە هاتم."

"تەنیا بیرۆکەیەک؟" سەیری زەوییەکەم کرد "تێناگەم!"

دایکم لێم نزیک بووەوە و دەنگی نەرمتر بوو، "چارلی، هەرگیز خەونت بە یەکێکەوە دیوە، کە لە ژیاندا نەمابێ، بەلام لە خەونەکەتدا گفتوگۆیەکی تازەت لەگەڵیاندا کردبێ؟ ئەو جیهانەی لەو جۆرە خەونانەدا دەچیتە ناوی، هێندە جیاواز نییە لەو جیهانەی ئێستا منی تێدام."

دایکم دەستێکی خستە سەر دەستم و بەردەوام بوو، "کاتێک



Scanned by CamScanner

یەکێک لە دڵتدایە، هەرگیز بەڕاستی جێت ناهێڵێ. دەکرێ بگەڕێتەوە لات، تەنانەت لە کاتە چاوەڕواننەکراوەکانیشدا."

لەسەر سیسەمەکە، کچەکە یاریی بە قژی سێلما خان دەکرد، ئەویش زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد و سەیرێکی ئێمەی کرد.

دایکم گوتی، "ئەو ژنە پیرەت لەبیرە، کە ناوی گۆلینسکی بوو؟"

ژنەکەم هاتەوە بیر. نەخۆشێکی نەخۆشخانەکەی دایکم بوو. نەخۆشییەکەی کوشندە بوو. خەریک بوو دەمرد، بەڵام هەموو ڕۆژێک باسی کەسانێکی بۆ دایکم دەکرد، کە "سەردانی"یان دەکرد. کەسانێک لە ڕابردووییەوە دەهاتن و قسەیان لەگەڵ دەکرد و پێکەوە پێدەکەنین. دایکم لەسەر نانی ئێوارە باسی ئەمەی بۆ کردین. دەیگوت بەدزییەوە سەیری ژوورەکەی کردووە، لەوێ خاتوو زۆلینسکی بینیوە، زەردەخەنە لەسەر لێوی بووە و چاوی داخستووە و لەژێر لێوەوە گفتوگۆیەکی دامەزراندووە. باوکم ئەو ژنەی بە "شێت" ناو دەبرد. هەفتەیەک دوای ئەوە مرد.

ئێستا دایکم دەیگوت، "شێت نەبوو."

"کەواتە سێلما خان..."

"نزیکە." دایکم چاوەکانی کز کرد و گوتی، "تا نزیکتر بیتەوە لە مردن، قسەکردن لەگەڵ مردووەکان ئاسانتر دەبێ."

هەستم کرد تەزوویەکی سارد لە شانمەوە بۆ پێیەکانم ڕۆیشت.

"ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە من...؟"



Scanned by CamScanner

دەمویست بڵێم، لە سەرەمەرگدام؟ مردووم یان چی؟

دایکم چرپاندی، "تۆ کوڕی منی، کوڕی من."

تفێکم قووت دا و پرسیم، "چەندەم کات ماوە؟"

گوتی، "هەندێک."

"زۆرم نەماوە؟"

"زۆر چییە؟"

"نازانم، دایە. تۆ بۆ هەمیشە لەگەڵم دەبی یان خولەکێکی تر دەڕۆی؟"

دایکم وەڵامی دایەوە، "دەکرێ لە یەک خولەکدا شتێکی زۆر گرنگ تێبگەی."

لەناکاو، چی شووشەی ماڵەکەی سێلما خان هەیە تەقینەوە، پەنجەرەکان، ئاوێنەکان، سکرینی تەلەفزیۆنەکان. پارچەشووشە وردەکان بە چواردەورماندا دەسووڕانەوە، وەک ئەوەی لە چەقی گەردەلوولێکدا وەستابین. دەنگێکی گەورە لە دەرەوە بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵ بوو، دەنگەکە دەیگوت:

"چارلز بینێتۆ! دەزانم گوێت لێمە! وەڵامم بدەرەوە!"

هاوارم بۆ دایکم کرد، "چی بکەم؟"

لەکاتێکدا شووشەکان بەدەوریدا دەخولانەوە، دایکم بەهێمنی چاوی تررووکاند و گوتی، "بەدڵی خۆت، چارلی."



Scanned by CamScanner

٤

# شەو

Scanned by CamScanner

# تیشکی خۆر دیار نامێنێت

"هەرکاتێک بەهەشت ئیشی بە نەنکم نەما، تکایە دەمانەوێتەوە.
سوپاس."

کچەکەم ئەمەی لەو دەفتەرەدا نووسیبوو، کە ئامادەبووانی پرسەکەی دایکم یادگاریی خۆیان تێدا دەنووسی، ئەو نووسینە لەو شتە ناوازە و لە هەمان کاتدا نەگونجاوانەیە، کە بە مێشکی هەرزەکاراندا دێن، بەڵام ئێستا کە دووبارە دایکمم بینیبووەوە و ڕوونکردنەوەکەیم سەبارەت بە شێوازی کارکردنی ئەم دونیای مردووانە بیستبوو - ئەوەی چۆن خەڵک لە ڕێی ئەو یادەوەرییانەی لەسەر دایکم هەیانبوو، دایکمیان بۆ لای خۆیان بانگ دەکرد - دەڵێم ڕەنگە ماریا بەتەمای شتێک بووبێت.

گەردەلوولی شووشەکەی ماڵی سێلما خان وەستایەوە، بۆ ئەوەی بوەستێتەوە، دەبوو چاوم توند بنووقێنم. پارچەشووشە دەچوو بە پێستمدا و هەوڵم دەدا لە خۆمیان بکەمەوە، بەڵام ئەوەش ئاسان نەبوو. وردەوردە بێهێز و لاواز دەبووم. خەریک بوو ڕووناکیی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکم بەسەرم دەبرد، دەکوژایەوە.

پرسیم، "ئەوە منم کە خەریکە دەمرم؟"

"نازانم، چارلی، تەنیا خوا ئەمە دەزانێ."

"ئەی ئەمە بەهەشتە؟"

"ئەمە پێپەر ڤیل بیچە، بیرت نایەت؟"

"ئەگەر مردووم... ئەگەر بمرم... دەتوانم لەگەڵ تۆ بم؟"

دایکم زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد، "حەی، تازە دەتەوێ لەگەڵ من بی؟"

ڕەنگە ئەم قسەیەت لەلا بێهەستانە بێت، بەڵام دایکم وەک سروشتی ڕاستی خۆی ڕەفتاری دەکرد، کەمێک قسەخۆش، کەمێک ڕقی هەڵدەستاندم، ئەگەر ئەم ڕۆژەمان پێش مردنیشی پێکەوە بەسەر ببردایە، هەر بەم شێوەیە دەبوو.

لە لایەکی تریشەوە، ناهەقی نەبوو وا بڵێت. چەندین جار من خۆم بڕیارم دابوو لەگەڵیدا نەبم. زۆر سەرقاڵ بووم، زۆر هیلاک بووم، تاقەتم نەبوو. *دێیت بۆ کڵێسا؟ نا، سوپاس. دێیت بۆ نانی ئێوارە؟ ببوورە ناتوانم. دێیت سەرێکم لێ بدەی؟ ناتوانم، ڕەنگە هەفتەی داهاتوو بتوانم.*

تۆ ئەو کاتژمێرانە بژمێرە، کە دەکرا لەگەڵ دایکتدا بەسەریان بەریت، ئینجا دەزانیت تەمەنێکە بۆخۆی.

ئێستا دایکم دەستی گرتبووم. دوای ماڵی سێلما خان، بۆ پێشەوە هەنگاومان نا، دیمەنەکە گۆڕا و لە ژیانی چەند کەسێکدا بۆ ماوەی کەمکەم دەر کەوتین. هەندێکیانم وا هاتەوە بیر، هاوڕێی کۆنی دایکم بن، هەندێکیان پیاوانێک بوون، بەحاڵ دەمناسین، پیاوانێک، ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکمیان بەدڵ بووبوو: قەسابێک بە ناوی ئەرماندۆ، پارێزەرێکی باج بە ناوی هاوارد، لەگەڵ سەعاتچییەکی لووتپان بە ناوی



Scanned by CamScanner

گێڕمارد، دایکم لەگەڵ هەریەکێکیاندا بۆ ساتێک دادەنیشت، زەردەخەنەیەکی دەکرد یان لە بەردەمیاندا دادەنیشت.

گوتم، "کەواتە ئێستا ئەمان بیر لە تۆ دەکەنەوە؟"

دایکم سەری لەقاند و گوتی، "ئهمم."

"لە هەرکوێیەک بیرت لێ بکەنەوە، دەچی بۆ ئەو شوێنە؟"

گوتی، "نا، هەموو شوێنێک نا."

کەوتینە بەردەم پیاوێک، کە لە پەنجەرەیەکەوە چاوی لە دەرەوە بڕیبوو. دواتر پیاوێکی ترمان لەسەر سیسەمی نەخۆشخانە بینی.

گوتم، "زۆر زۆرن."

"چارلی، ئەوانە پیاوی ئاسایی بوون. پیاوی بەڕێز بوون. هەندێکیان بێوەپیاو بوون."

"لەگەڵیاندا پەیوەندیت دروست کرد؟"

"نەخێر."

"ئەی ئەوان داوای پەیوەندییان لێ کردی؟"

"زۆریش."

"ئەی بۆ ئێستا دێیت بۆ لایان؟"

"وا بزانم مەکری ژنانە." دایکم هەردوو دەستی بۆ لووتی بەرز کردەوە، تا زەردەخەنەیەکی بچکۆلە بشارێتەوە، ئینجا بەردەوام بوو، "هێشتا هەر خۆشە بزانی بیرت لێ دەکەنەوە، خۆت تێدەگەی."

لە دەموچاوی دایکم ورد بوومەوە. نکووڵی لە جوانییەکەی نەدەکرا، بە شێوەیەک جوان بوو، کە تەنانەت لە کۆتاییی حەفتاکانی تەمەنیشیدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێستی چرچ بووبوو، هێشتا هەر کەشخە دەینواند، چاوەکانیشی

لەودیو چاویلکەکەیەوە بوون و قژیشی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەنگە ڕەشە بریقەدارەکەی هیی ئاسمانی نیوەشەو بوو، ئێستا ڕەنگی زیویی ئاسمانێکی هەوراویی پاشنیوەڕۆی گرتبوو. ئەو پیاوانە دایکمیان وەک ژنێک دیبوو، بەڵام من هەرگیز بەو شێوەیە نەمدیبوو. هەرگیز وەک *پاولین* - ئەو ناوەی دایک و باوکی لێیان نابوو - نەمناسیبوو، یان وەک *پۆزی* - ئەو ناوەی هاوڕێکانی لێیان نابوو- نەمبینیبوو، تەنیا وەک *دایە* ناسیبووم، ئەو ناوەی خۆم بۆم دروست کردبوو. تەنیا دەمتوانی بەو شێوەیە بیهێنمە پێشچاوم، بە دەسکێشی چێشتخانەوە نانی ئێوارە بخاتە سەر مێزەکە، یان من و هاوڕێکانم بگەیەنێتە سەنتەری بۆڵینگەکە.

پرسیم، "بۆ شووت نەکردەوە؟"

دایکم چاوی کز کرد، "چارلی، بەسە."

"نا، بەڕاستمە. دوای ئەوەی ئێمە گەورە بووین – هەستت بە تەنیایی نەدەکرد؟"

دایکم سەیری ئەولاوەی کرد و گوتی، "هەندێک جار، بەڵێ، بەڵام دواتر تۆ و ڕۆبێرتا بوون بە خاوەنی منداڵ، بەمەش، من نەوەم بۆ دروست بوو، هەروەها ژنەکانی هاوڕێشم لێرە هەبوون – ئێ، ئیتر خۆت دەزانی چارلی، ساڵەکان بەم شێوەیە دێن و تێدەپەڕن."

سەیری دایکمم کرد. دایکم دەستەکانی بەرز کردەوە و زەردەخەنەیەکی کرد. ئەو خۆشییە سادەیەی گوێگرتن لە دایکم کاتێک باسی خۆی دەکرد، لەبیری من چووبووەوە.

"ژیان خێرا تێدەپەڕێ، وا نییە چارلی؟"

لەژێر لێوەوە گوتم، "با"



Scanned by CamScanner

"حەیفە کات بەفیڕۆ بدەین. هەمیشە وا دەزانین کاتمان زۆر بەدەستەوە ماوە."

بیرم لەو ڕۆژانە دەکردەوە، کە دابوومنە دەست بتلێک مەی. ئەو شەوگارانەی بەبیرم نەدەهاتنەوە. ئەو بەیانییانەی تا نیوەڕۆ لە خەو هەڵنەدەستام. ئەو هەموو کاتەی لە هەڵهاتن لەدەست خۆم بەسەرم بردبوو.

دایکم گوتی، "لەبیرت دێ..." دەستی کرد بە پێکەنین. "کە بۆ هالۆوین جلی مۆمیام لەبەر کردبووی، کەچی باران باری؟"

چاوم بڕییە زەوییەکە و گوتم، "ژیانت وێران کردم."

بیرم کەوتەوە کە تەنانەت ئەو کاتەش لۆمەی خۆمم نەدەکرد و هەڵەکەم هێنا بەسەر کەسێکی تردا.

دایکم گوتی، "دەبێت نانی ئێوارە بخۆی."

لەگەڵ ئەم قسەیەدا، دووبارە خۆمانم لە چێشتخانەکەی ماڵەوە بینییەوە و بۆ دوایین جار پێکەوە لە دەوری مێزە خڕەکە دانیشتین. لەسەر مێزەکە مریشک و باینجانی برژاو لەسەر برنجی زەرد دانرابوو، هەموو خۆراکەکان گەرم بوون، هەموویان ئاشنا بوون لەلام، ئەو خۆراکانە بوون، کە دایکم سەدان جار بۆ من و خوشکەکەمی ئامادە کردبوون، بەڵام لەجیاتیی ئەو هەستی وڕی و سەرسامییەی پێشتر ئەو ڕۆژە لەو ژوورەدا هەمبووبوو، ئێستا دەترسام و شوێنم بە خۆم نەدەگرت، وەک ئەوەی بزانم شتێکی خراپ بەڕێوەیە. دایکم نیگایەکی تێ گرتم. دیار بوو خەمی منی بوو، منیش هەوڵم دا سەرنجی لەسەر خۆم لا بەرم.

گوتم، "باسی خێزانەکەتم بۆ بکە."

گوتی، "پێشتر باسی هەموو ئەو شتانەم بۆ کردووی، چارلی."

سەرم دەخولایەوە.

"دووبارە بۆم باس بکەرەوە."

دووبارە بۆی باس کردمەوە. باسی نەنکم و باپیرمی بۆ کردم، هەردووکیان کۆچەر بووبوون و پێش ئەوەی من لەدایک ببم، مردبوون. باسی هەردوو مامەکەی و پوورە شێتەکەی بۆ کردم - کە ڕازی نەدەبوو فێری ئینگلیزی ببێت و هێشتا بڕوای بەوە بوو هەندێک بنەماڵە جۆرە نەفرەتێکیان لێ کراوە. باسی هەردوو ئامۆزاکەی بۆ کردم، جۆ و ئێدی، کە لە ویست کۆست بوون. بۆ هەریەکەیان بەسەرهاتێکی بچووک هەبوو، کە بە هۆیانەوە لە یەکتری جیا دەکرانەوە: جۆ زۆر لە بۆق دەترسا، ئێدییش بە پازدەساڵی هەوڵی دابوو بچێتە هێزی دەریاییەوە. لەو کاتەدا کە دایکم باسی ئەمانەی بۆ دەکردم، زۆر گرنگ بوو ڕووداو و وردەکارییەکان بە ناوی کەسەکانەوە ببەستمەوە. کاتی خۆی، کە دایکم باسی ئەم بەسەرهاتانەی بۆ دەکردین، من و ڕۆبێرتا بێتاقەت دەبووین، بەڵام چەند ساڵێک دوای ئەوە - دوای پرسەکەی دایکم - ماریا پرسیاری لەسەر بنەماڵەکەمان لێ کردم - کێ چیی کێ بوو - منیش نەمدەزانی وەڵامی بدەمەوە.

بیرم نەمابوو. بەشێکی گەورەی مێژووی خێزانەکەمان لەگەڵ دایکمدا مردبوو. هەرگیز نابێت بهێڵیت ڕابردووت بەو شێوەیە ون ببێت.

بۆیە ئەم جارە، کاتێک دایکم لقبەلقی درەختی بنەماڵەکەمانی

ژمارد و بۆ هەرکەسێک بەبیری دەهاتەوە، پەنجەیەکی دەنووشتاندەوە، من زۆر بەباشی گوێم گرتبوو. دواجار کە تەواو بوو، هەردوو دەستی نا بەیەکەوە و پەنجەکانی – وەک کەسایەتییەکان – لێک گیر کرد.

ئینجا بە ئاوازێکەوە گوتی، "بە هەرحاااڵ، ئەمە هەموو..."

"دایە، بیرم دەکردی."

وشەکان هەر لەخۆیانەوە لە دەمم هاتنە دەرەوە. دایکم زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە. لەوە دەچوو بیر لەو ڕستەیەم بکاتەوە، وەک چۆن ماسیگر تۆڕەکەی کۆ دەکاتەوە، ئاوا مەبەستی پشت قسەکەمی کۆ دەکردەوە.

دواتر لەگەڵ ئاوابوونی خۆر لە ئاسۆوە - جا هەر ئاسۆیەک بووبێت و هیی هەر دونیایەک بووبێت - دایکم گوتی، "چارلی، یەک شوێنی تر ماوە بۆی بڕۆین."



Scanned by CamScanner

# ئەو ڕۆژەی دەیویست پێی بدرێتەوە

ئێستا دەبێت باسی دواپین جارت بۆ بکەم، کە تیایدا دایکمم بەزیندوویی بینی، لەگەڵ باسی ئەو شتەش کە کردم.

هەشت ساڵ پێش ئەم ڕووداوانە، لە ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی حەفتاونۆ ساڵەی دایکمدا بووم. دایکم بەگاڵتەوە دەیگوت، باشتر وایە هەموو بێن، چونکە لە ساڵی داهاتووەوە، "ئیتر جارێکی تر بە کەس ناڵێم جەژنی لەدایکبوونمە." بێگومان لە شەستونۆ ساڵی و پەنجاونۆ ساڵی و ڕەنگە بیستونۆ ساڵیشدا ئەمەی گوتبێت.

ئاهەنگەکە بریتی بوو لە خواردنی نانی نیوەڕۆ لە ماڵی خۆیان لە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممەدا. هاوسەرەکەم و کچەکەم هاتبوون، ڕۆبێرتای خوشکم و ئیلیۆتی مێردی، لەگەڵ هەرسێ منداڵەکەیان -هەرە بچووکەکەیان، پێنج ساڵ دەبوو، ناویشی ڕۆکسان بوو، بۆ هەموو شوێنێک پێڵاوی باڵێی لەپێ دەکرد - هەروەها دوو دەرزەن خەڵکی گەڕەکەکەی سەردەمی منداڵیم، لەنێوانیاندا ئەو ژنە پیرانەی دایکم قژی بۆ چاک دەکردن. زۆربەی ئەو ژنانە، تەندروستییان خراپ بووبوو، یەکێکیان لەسەر عەرەبانە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو تازە قژیان بۆ جوان کرابوو، قژیان وەک خوودە



Scanned by CamScanner

بە سپرای قژ بەسەر سەریانەوە ڕەق وەستا بوو، منیش لە خۆم پرسی، تۆ بڵێیت دایکم ئەم ئاهەنگەی تەنها بۆ ئەوە ڕێک نەخستبێت، تا دەرفەتێک بەم ژنانە بدات خۆیان جوان بکەن.

ماریا خۆی پیادا هەڵواسیم و گوتی، "دەمەوێ نەنە ئارایشتم بۆ بکا، باشە؟" جەستە چواردە ساڵەکەی ماریا هێشتا لاواز و سەیر بوو.

گوتم، "بۆ؟"

"چونکە حەز دەکەم. گوتی ئەگەر تۆ ڕازی ببی، بۆم دەکا."

سەیرێکی کاسرینم کرد، شانی ڕاتەکاند. ماریا بۆکسی هێواش هێواشی لە قۆڵم دەدا و خێرا خێرا دەیگوت، "توو خوا - توو خوا - توو خوا... توو خوا - توو خوا - توو خوا... توو خوا - توو خوا -توو خوا؟"

پێشتر زۆرم گوت لەسەر ئەوەی ژیانم دوای بەیسبۆڵ چەند بێتام بوو، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم، کە بوونی ماریا تاکە شت بوو جیاوازییەکی لە ژیانمدا دروست کردبوو. گەورەترین خۆشیی ژیانی خۆمم لەودا دەبینی. هەوڵم دەدا باوکێکی باش بم بۆی، هەوڵم دەدا بایەخ بە شتە بچووکەکان بدەم، دوای خواردنی پەتاتەی فینگەر، کاچەپەکەی لێویم بۆ دەسڕی، لەسەر مێزە بچووکەکەی - کە سەعیی لەسەر دەکرد، لەلایەوە دادەنیشتم و یارمەتیم دەدا ڕاهێنانەکانی بیرکاری تەواو بکات. لە تەمەنی یانزەساڵیدا، کاتێک بە بلوزێکی پشتڕووتەوە هاتە خوارەوە، ناردمەوە سەرەوە و پێم گۆڕی. هەمیشەش خێرا تۆپم بۆ فڕێ دەدا، یان دەمبرد

بۆ وای. سی. ئێم. ئەی[1] بۆ خولی فێربوونی مەلە، دڵخۆش بووم بەوەی دەمتوانی وەک کچێکی کوڕانی بیهێڵمەوە.

دواتر، کاتێک لە ژیانی هاتمە دەرەوە، زانیم ماریا لەسەر بابەتی وەرزشی بۆ ڕۆژنامەی زانکۆکەیان شتی نووسیبوو. لەو تێکەڵەیەی وەرزش و وشەیە درکم بەوە کرد، چۆن دایک و باوکت لە ڕێی تۆوە دەگوازرێنەوە بۆ منداڵەکانت، جا پێت خۆش بێت یان نا.

ئاهەنگەکە بەردەوام بوو، تەقەتەقی قاپ دەهات و دەنگی مۆسیقا بەرز کرابووەوە. دەنگەدەنگی قسەی خەڵکەکە، ژوورەکەی پڕ کردبوو. دایکم کارتی پیرۆزباییەکانی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە، وەک ئەوەی پەیام بن و لە خاوەنشکۆ بیانییەکانەوە بەتەلەگراف بۆی نێردرابن. تەنانەت کە لە خوێندنەوەی کارتە ڕەنگکاڵە هەرزانەکان - کە وێنەی کەروێشکیان لەسەر بوو و لێیان نووسرابوو بیرم کردەوە قەلمبازێک بدەمە ئێرە و پێت بڵێم... هیوادارم جەژنی لەدایکبوونت پڕ خۆشی بێت - تەواو دەبوو، دەیکردەوە و پیشانی هەمووانی دەدان، ئینجا ماچێکی بۆ خاوەنەکەی هەڵدەدا، "مواااااها!"

لە ماوەی نێوان خوێندنەوەی کارتەکان و قاشکردنی کێکەکە و کردنەوەی دیارییەکاندا، زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا.

---

[1] (یۆنگ مێنز کریستیان ئەسۆسییەیشن) کۆمەڵەی گەنجانی مەسیحی، ڕێکخراوێکی جیهانییە، ساڵی ١٨٤٤ لە لەندەن، لەلایەن جۆرج ویلیامزەوە دامەزراوە. ئێستا بنکەکەی لە جنێف/سویسرایە و پەنجاوحەوت ملیۆن کەس لێی سوودمەندن. ئامانجەکەی، پەیڕەوکردنی بنەما مەسیحییەکانە لە ڕێگەی پەرەدان بە جەستە و ئەقڵ و ڕۆحێکی تەندروستەوە.

زەنگی تەلەفۆن لە ماڵی دایکمدا دەکرا زۆر لێیدا، چونکە
دایکم هەرگیز پەلەی لەو ئیشە نەدەکرد، کە دەستی تێیدا
بوو، بۆ نموونە، دوایین سووچی ژوورەکەی گەسک دەدا،
یان دوایین پەنجەرەی پاک دەکردەوە، ئینجا دەچوو وەڵام
بداتەوە، وەک ئەوەی تا ئەو ساتەی هەڵی دەگرێت، هیچ
ڕووی نەدابێت.
لەبەر ئەوەی کەس بەلای تەلەفۆنەکەدا نەدەچوو، من
چووم.
ئەگەر جارێکی تر بژیامایە و ئەو تەلەفۆنە لێی بدایەتەوە،
ئەم جارە لێی دەگەڕام بۆ خۆی هەر زەنگ لێبدات.

بەسەر غەڵبەغەڵبی خەڵکەکەدا هاوارم کرد، "ئەلوو؟"
دایکم هێشتا ئەو ئامێری تەلەفۆنە مۆدێلکۆنەی بەکار
دەهێنا، کە پێی دەگوترا تەلەفۆنی کچە شازادە. وایەرەکەی
بیست پێ درێژ بوو، چونکە کاتێک دایکم بە تەلەفۆن قسەی
دەکرد، حەزی دەکرد بێت و بچێت. تەلەفۆنەکەم توند نا بە
گوێمەوە و دووبارە گوتم، "ئەلوو؟ ئەلووو؟"
خەریک بوو دام دەخستەوە، لەو ساتەدا گوێم لە پیاوێک
بوو، قوڕگی پاک دەکردەوە.
ئینجا باوکم گوتی، "چیک؟ ئەوە تۆی؟"

سەرەتا وەڵامم نەبوو، تاسابووم. هەرچەندە ژمارەکەی
دایکم هەرگیز نەگۆڕابوو، بەڵام قورس بوو باوەڕ بە خۆم
بکەم باوکم پەیوەندیی پێوە دەکرد. ڕۆیشتنی ئەو لەو
ماڵە هێندە لەپڕ و ڕووخێنەر بوو، کە بیستنەوەی دەنگی

لەو ماڵەدا، وەک گەڕانەوەی پیاوێک بۆ ناو بالاخانەیەکی گڕگرتوو وا بوو.

بەچرپە گوتم، "بەڵێ، منم."

"بەدواتدا دەگەڕام. تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە و نووسینگەکەشت کرد. دواتر گوتم ڕەنگە..."

"جەژنی لەدایکبوونی دایکمە."

گوتی، "ئا، ڕاست دەکەی."

"ویستت قسەی لەگەڵ بکەی؟"

ئەو قسەیەم بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک کرد. دەموچاوی باوکم هاتە پێشچاو، کە چۆن گاڵتەی بە قسەکە هاتووە.

"چیک، قسەم لەگەڵ پیت گارنەر کرد."

"پیت گارنەر..."

"پیت گارنەری زە پایرەتز."

"بەڕاست؟"

تەلەفۆنەکەمم لەگەڵ خۆم برد و لە میوانەکانم دوور خستەوە. دەستم گرت بە دەنگبەری تەلەفۆنەکەوە و سەرنجی دوو ژنی بەتەمەنم دا، کە لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوون و لە قاپی کاغەزدا زەلاتەی توونەیان دەخوارد.

باوکم گوتی، "یارییەکی ئۆڵد تایمەرزیان[1] هەیە، وا نییە؟ پیتیش پێی گوتم فرێدی گۆنزالێس کشاوەتەوە. کێشەیەک لە

---

١ یاریی ئۆڵد تایمەرز: نەریتێکی باوی هەندێک تیپی خولی یانە پلەیەکەکانی بەیسبۆڵە، کە تیایدا بۆ بەرزڕاگرتنی دەسکەوتەکانی یاریزانە کۆنەکانی تیپەکەیان، لە یاریی بەیسبۆڵدا یارییەک لە کاتژمێرە سەرەتاکانی پاشنیوەڕۆدا و پێش یارییەکی پاشنیوەڕۆیەکی درەنگی کۆتاییی هەفتەی تیپەکەیان ئەنجام دەدەن و لەو یارییەدا یاریزانە کۆنەکان بەشداری دەکەن.



Scanned by CamScanner

کاروباری فەرمیی گەشتەکەیدا دروست بووە."

"تێناگەم بۆ ئەمەم..."

"تازە لەوە درەنگترە پەیوەندی بە کەسی ترەوە بکەن، تا جێی بگرێتەوە. بۆیە بە پیتم گوت خۆ چیک جاریّ هەر یاری دەکات."

"باوکە، من ئیتر یاری ناکەم."

"دەتوانی بڵێی ئێستا هەر یاری دەکەم. خۆ ئەو نازانێ تۆ لەکوێیت و چی دەکەی."

"یاریی ئۆڵد تایمەرز؟"

"ئێ، ئیتر ئەویش گوتی، بەڕاست؟ چیک هێشتا یاری دەکا؟ منیش گوتم، ئەی چی، لەشولاریشی زۆر باش ماوەتەوە—"

"باوکە—"

"ئێ، ئیتر پیت گوتی—"

"بابە—"

دەمزانی باوکم دەیویست بگات بە چی. یەکسەر زانیم. تاکە کەس کە وازهێنانی منی لە یاریی بەیسبۆڵ لەسەر قورستر بوو، باوکم بوو.

"پیت دەڵی، دەتخاتە ناو لیستی یاریزانەکانیەوە. هەموو ئەوەی لەسەرتە بیکەی، ئەوەیە —"

"بابە، من تەنیا بۆ ماوەی شەش هەفتە—"

"وەرە بۆ ئێرە—"

"یاریم لە خولی یانە پلەیەکەکان کردووە—"

"کاتژمێر دەی بەیانی—"

"تەنیا یاریم—"

"ئینجا دوای ئەوە—"



Scanned by CamScanner

"ناکرێ یاریی ئۆڵد تایمەرز لەگەڵ–"

"چیک، کێشەت چییە؟"

زۆر ڕقم لەو پرسیارەیە: کێشەت چییە؟ هیچ وەڵامێکی باشم بۆ ئەو پرسیارە پێ نییە، جگە لە هیچ کێشەم نییە، کە لەو کاتەشدا ئاشکرا بوو وەڵامە ڕاستەقینەکەی من نەبوو.

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا، "گوتیان دەمخەنە لیستی یاریزانە بەشداربووەکانەوە؟"

"ئەی من چیت پێ دەڵێم–"

"بۆ ئەوەی یاری بکەم؟"

"ئەرێ تۆ کەڕی؟ ئێستا پێم گوتیت."

"ئێ، ئەمە کەی؟"

"سبەینێ. دەستەی بەڕێوەبەرانی یانەکەش دێن و–"

"بابە، هەر سبەینێ، سبەینێ؟"

"بەڵێ، سبەینێ چییەتی؟"

"وا ئێستا سەعات سێی پاشنیوەڕۆیە."

"لە شوێنی دانیشتنی یاریزانان و ڕاهێنەرەکان دەبێ. ئەو پیاوانە دەبینیت و قسەیان لەگەڵ دادەمەزرێنی."

"کێ دەبینم؟"

"هەرکەسێک بێ. ئەندرسن، مۆلینا، مایک یونز، ڕاهێنەرەکە، پیاوە سەرڕووتاوەکە. تۆ خۆت وا دەکەی چاوت پێیان بکەوێ. بەم شێوەیە دەتوانی قسەیان لەگەڵ بکەی، کێ نالێ..."

"چی؟"

"باسی شتێکی گرنگ دەکرێ، پۆستێکی ڕاهێنەرایەتی، پۆستی فێرکاریی گرتنی داری بەیسبۆڵ و تۆپهەڵدان، یان



Scanned by CamScanner

پۆستێک لە خولی یانە پلەدووەکاندا. هەر ئەوەندە قاچێک بکەیتە ئەودیو دەرگاکەوە-"

"ئینجا ئەوان بۆ منیان بوێت-"

"ئیتر ئەم شتانە بەم شێوەیە-"

"لە کەییەکەوە داری بەیسبۆڵم-"

"... دێنە پێشەوە، بەم شێوەیە دێنە پێشەوە، چیک. ئاوا پێیەک دەخەیتە ئەودیو دەرگاکەوە و..."

"بەڵام من-"

"کاتێک ئەو جۆرە پۆستانە بەتاڵ دەبن، شتەکە پەیوەستە بەوەوەی کێ دەناسی و کێ ناناسی-"

"بابە، من خۆم ئیشم هەیە."

باوکم بێدەنگ بوو. باوکم دەیتوانی، زیاتر لە هەر پیاوێکی ترکە ناسیبێتم، بە بێدەنگبوونەکەی بریندارت بکات.

هەناسەیەکی دایەوە و گوتی، "سەیر بکە، من لای خۆمەوە دەرفەتێکم بۆ پچڕیوی. دەتەوێ یان نا؟"

دەنگی باوکم گۆڕا، بوو بە دەنگی جەنگاوەرە تووڕەکەی ناوی. باوکم زۆر بەخێرایی، هەر وەک ئەوەی خۆم خۆزگەم پێ دەخواست، بوونی منی ڕەت کردەوە. ئەمە وای لێ کردم بسڵەممەوە، بێگومان کە سڵەمیشمەوە، شەڕەکە دەدۆڕێنیت.

باوکم گوتی، "ئیتر لەوێ مەمێنە. باشە؟"

"ئاخر جەژنی لەدایکبوونی دایکمە."

"ئێ خۆ سبەینێ جەژنی لەدایکبوونی نییە."

کاتێک بیر لەو گفتوگۆیە دەکەمەوە، زۆر شت هەن حەز دەکەم بمگوتبان. ئەرێ باوکم هیچ لای گرنگ بوو کە ئەو

ڕۆژە جەژنی لەدایکبوونی هاوسەری پێشووی بوو؟ بەڕاست نەیدەویست بزانێت هاوسەرەکەی پێشووی لەو ڕۆژەدا هەستی چۆن بووە؟ کێی لێ بووە؟ ماڵەکە چۆن بووە؟ ئەی ئایا دایکم هەرگیز بیری لە ئەو دەکردەوە؟ بەسۆزەوە؟ بەخراپی؟ بە هیچ شێوەیەک؟

زۆرن ئەو شتانەی حەزم دەکرد لە باوکمم بپرسیبایە، بەڵام لەجیاتیی ئەوە، گوتم پەیوەندیی پێوە دەکەمەوە. تەلەفۆنەکەم داخستەوە و ڕێم دا ئەو دەرفەتەی باوکم بۆی "پچڕیبووم" لە مێشکمدا بێت و بچێت.

لە کاتێکدا دایکم کێکە ڤانێلا قاتقاتەکەی قاش دەکرد و هەر قاشەی دەخستە سەر قاپێکی کاغەز، من هەر بیرم لای ئەو بابەتە بوو. کاتێک دیارییەکانیشی هەڵپچڕی، من هەر بیرم لەوە دەکردەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە من و ماریا پێکەوە لەدەوری بووین بۆ گرتنی وێنەیەک، هەر بیرم لای بابەتەکە بوو. ماریا پشتچاوی مۆری بۆ کرابوو، ئێدیسی هاوڕێی دایکیشم، کامێراکەی بەرز کردبووەوە و گوتی، "یەک، دوو... ئای، بوەستن، داخی ئەم شتە، هەر فێر نابم چۆن ئیش دەکا."

یان تەنانەت کە لەوێدا بۆ وێنەکە وەستابووین و زەردەخەنەمان خستبووە سەر لێومان، من شێوازی ڕاوەشاندنی داری بەیسبۆڵەکەمم دەهێنایە بەرچاوی خۆم. هەوڵم دەدا دڵ بدەمە شتەکە و تەواو هۆشم لای جەژنی لەدایکبوونەکەی دایکم بێت، بەڵام باوکم - کە لە زۆر ڕووەوە وەک دزێک وا بوو - بیر و هۆشمی دزیبوو. پێش ئەوەی قاپە سەفەرییەکان فڕێ بدرێن، من چووبوومە ژێرزەمینەکە

لەوێ بە تەلەفۆن خەریک بووم بلیتی دوایین گەشتی ئاسمانیی ئەو ڕۆژەم دەبڕی.

دایکم هەمیشە ڕستەکانی بە "کوڕی باش بە..." دەست پێ دەکرد، بۆ نموونە، "کوڕی باش بە و ئەو خۆڵە ببەرە دەرەوە..." یان، "کوڕی باش بە و بڕۆ لەو دوکانە..." بەڵام بە یەک پەیوەندیی تەلەفۆنی، ئەو *کوڕە باشەی* ئەو ڕۆژە بۆ ماڵی دایکم هاتبوو، بەپەلە ڕۆیشت و کوڕێکی تر جێی گرتەوە.

ناچار بووم درۆ لەگەڵ هەموو ئەوانە بکەم، کە لەوێدا بوون. شتەکە قورس نەبوو. هەمیشە بیتەلێکم بۆ کاروباری ئیش پێ بوو، لە سەرەوە دام نا و چووم لە تەلەفۆنەکەی خوارەوە پەیوەندیم پێوە کرد، ئینجا خێرا هاتمەوە سەرەوە. بیتەلەکە لە بەردەم کاسریندا لیی دەدا، منیش خۆم تووڕە نیشان دا و بۆڵەبۆڵم کرد و گوتم، "شەممانیش وازم لێ ناهێنن."

خۆم وا دەر خست پەیوەندییان پێوە دەکەمەوە. خۆم بێتاقەت نیشاندا و درۆیەکم دروست کرد، گوایە دەبێت بە فڕۆکە بچم بۆلای کڕیارێک، کە تەنها دەیتوانی یەکشەممان کۆبوونەوەمان لەگەڵدا بکات، ئینجا درێژەم دایە و باسی ئەوەم کرد، کە ئەو بەزمە چەند ناخۆشە!

دایکم پرسیی، "ناکرێ چاوەڕێ بکەن؟"

گوتم، "ئاخر! زۆر بێمانایە!"

"قەینا، بەڵام سبەینێ پێکەوە قاوەڵتی دەخۆین."

"نێ، ئێستا دەتەوێ من چی بکەم؟"

"ناکرێ پەیوەندییان پێوە بکەیتەوە؟"

تووڕە بووم و دەنگم بەرز کردەوە، "نا، دایە، ناتوانم پەیوەندییان پێوە بکەمەوە."

دایکم سەری داخست و هەناسەیەکم هەڵکێشا. تا زۆرتر بەرگری لە درۆیەک بکەیت، زیاتر تووڕە دەبیت.

کاتژمێرێک دواتر، تاکسییەک هاتە بەردەم ماڵی دایکم و دەستم دایە جانتاکەم. باوەشم بە کاسرین و ماریادا کرد، هەردووکیان بەزۆر زەردەخەنەیەکیان خستبووە سەر لێویان، کە زیاتر لە مۆڕە دەچوو. هاوارم لێ کردن، "خواتان لەگەڵ،" ئەوانیش هاواریان کردەوە، "خوات لەگەڵ... بای... سەرکەوتوو بیت."

دوایین دەنگ، دەنگی دایکم بوو بەسەر دەنگی هەموویاندا بەرز بووەوە و گوتی، "چارلیی، خۆشم دە–"

دەرگای تاکسییەکەم لە نیوەی ڕستەکەدا داخست.

ئیتر دوای ئەوە، هەرگیز جارێکی تر دایکم نەمبینییەوە.



Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت

هاوسەرەکەم دەڵێت، "بەڵام تۆ چی لەسەر بەڕێوەبردنی ڕێستورانت دەزانی؟"

منیش دەڵێم، "ڕێستورانت نییە، باڕێکی وەرزشییە."

لەدەوری مێزی نانخواردنەکەمان دانیشتووین. دایکیشمی لێیە و یاریی باوباو لەگەڵ ماریادا دەکات. ئەمە دوای وازهێنانمە لە بەیسبۆڵ. هاوڕێیەکم دەیەوێت لە ئیشێکی تازەدا ببم بە هاوبەشی.

کاسرین دەڵێت، "ئەی بەڕێوەبردنی باڕ قورس نییە؟ نابێ هەندێک شتی لەسەر بزانی؟"

منیش دەڵێم، "ئەو خۆی ئەو شتانە دەزانێ."

کاسرین دەپرسێت، "ئەی دایە، تۆ ڕات چییە؟"

دایکم دەستەکانی ماریا دەگرێت و بەرزیان دەکاتەوە و نزمیان دەکاتەوە، ئینجا دەپرسێت، "چارلی، دەبێ بە شەویش لە ئیش بی؟"

"ها؟"

"بە شەو. دەبێ بە شەویش بچی بۆ ئیش؟"

"دایە، من وەبەرهێنەکەم، خۆ خۆم خزمەتی میوانەکان ناکەم."



Scanned by CamScanner

کاسرین دەڵێت، "بەس ئەوە پارەیەکی زۆری دەوێ."

منیش دەڵێم، "ئەگەر پارە نەکەیتە پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، پارەش پەیدا ناکەی."

کاسرین دەڵێت، "جگە لەمە، هیچ شتێکی تر لە ئیشەکەدا نییە؟"

بە دەنگی بەرز هەناسەیەک دەدەمەوە. لە ڕاستیدا، نازانم چیی تر لە ئیشەکەدا هەیە. کە وەرزشێک دەکەیت، خۆت وا ڕادەهێنیت زۆر بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەیتەوە. خۆم نایەتە پێشچاو لەپشت مێزێکەوە دانیشتبم. ئەمە بارە، باشیش لە بار دەزانم. دەمێکە پەیوەستبوون بە ئەلکهولەوە بووە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەم و لە دڵی خۆمدا لام خۆشە ئاوا بەئاسانی لە بەردەستمدا بێت. جگە لەوەی شوێنەکە وشەی وەرزشیی تێدایە.

دایکم دەپرسێت، "لەکوێیە؟"

"نزیکەی نیوکاتژمێر لێرەوە دوورە."

"پێویستە چەندێک بچیتە ئەوێ؟"

"نازانم."

"بەڵام بە شەو ناچی، وایە؟"

"بۆچی بەردەوام پرسیاری شەوانم لێ دەکەی؟"

دایکم پەنجەکانی لە بەردەم دەموچاوی ماریادا با دەدات و دەڵێت، "ئاخر چارلی گیان، تۆ کچێکت هەیە."

سەرم ڕادەوەشێنم و دەڵێم، "دەزانم، دایە، دەزانم."

کاسرین هەڵدەستێتە سەر پێ و بەدەم کۆکردنەوەی قاپەکانەوە دەڵێت، "من دەترسم، زۆر ڕاستگۆیانە، دەترسم و تەواو."

لە کورسییەکەمدا ڕۆ دەچم و سەرم کز دەکەم. کاتێک سەرم بەرز دەکەمەوە، دەبینم دایکم سەیرم دەکات. پەنجەیەک دەخاتە ژێر چەناگەیەوە و چەناگەی کەمێک بەرز دەکاتەوە، ئەمە شێوازی خۆیەتی بۆ ئەوەی پێم بڵێت کە دەبێت منیش چەناگەم بەرز بکەمەوە.

دایکم بە دەنگی بەرز ڕای دەگەیەنێت، "دەزانن من پێم چۆنە؟ من پێم وایە دەبێ لە ژیاندا شت تاقی بکەیتەوە. چارلی، باوەڕت بەم ئیشە هەیە؟"

بە *بەڵێ* سەرم دەلەقێنم.

"باوەڕ و تێکۆشان و خۆشەویستی، ئەم شتەت هەبن، دەتوانی هەموو شتێک بکەی."

ڕێک دادەنیشمەوە و ژنەکەم شانی ڕادەتەکێنێت. کەشی ژوورەکە دەگۆڕێت. ئەگەرەکانی سەرگرتنی ئیشەکە باشتر دەر دەکەون.

چەند مانگێک دوای ئەوە، باڕە وەرزشییەکە دەکرێتەوە.

دوو ساڵ دواتر، دادەخرێت.

وا دیارە، بۆ گەیشتنە سەرکەوتن، زیاترت لەو سێ شتە پێویستن، کە دایکم گوتنی، لانی کەم ئەگەر لە جیهانەکەی دایکیشمدا وا نەبووبێت، لەوەی مندا وا بوو.



Scanned by CamScanner

# يارييەكە

شـەوی پێـش یارییەکـە لـە باشـترین ئوتێـل مامـەوە، ئەمـەش ڕۆژگاری یاریکردنـم و ئـەو گەشـتانەی بیـر خسـتمەوە، کە بـە پـاس دەمانکـردن. نەمدەتوانـی بخـەوم. دەمگـوت ئاخـۆ دەبێـت چەنـد کـەس بێـن بـۆ سـەیری یارییەکـە، دەمپرسـی تـۆ بڵێیـت بتوانـم یـەک تۆپیـش لێبـدەم. کاتژمێـر پێنـج و نیـو هەسـتام، تـا تۆزێـک خـۆم بکێشـمەوە. گڵۆپـە سـوورەکەی تەلەفۆنەکـەم داگیرسـابوو. تەلەفۆنـم بـۆ پرسـگەکە کـرد. نزیکـەی بیسـت جارێـک زەنگـی لێـدا.

دواجـار یەکێک وەڵامـی دامـەوە. گوتـم، "گڵۆپی تەلەفۆنەکەم داگیرسـاوە، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە نامـەم بـۆ هاتـووە."

دەنگەکە بەبۆڵەبۆڵ گوتـی، "یـەک خولـەک... بەڵێ، پۆستێکت بۆ هاتـووە."

چوومـە خـوارەوە. سـکرتێرەکە پاکەتێکـی پێـڵاوی کۆنـی پێـم دا. نـاوی مـن لەسـەر لەزگەیـەک بـە سـەرەکەیەوە نرابـوو. سـکرتێرەکە باوێشـکی دەدا. پاکەتەکـەم هەڵپچـڕی.

ئەو پێڵاوانە بوون، کە کاتی خۆی یاریم پێوە دەکردن.

دیـار بـوو ئـەو چەنـد سـاڵە باوکـم هەڵـی گرتبوون. لـەوەش دەچـوو، بەبێ ئـەوەی پەیوەندی بـە ژوورەکەمـەوە بکات، شـەو



Scanned by CamScanner

لەوێ بۆی دانابم. لە پاکەتەکەدا بۆ تێبینییەک گەڕام، بەڵام هیچی تێدا نەبوو، تەنیا پێڵاوەکانم بوون، بە خۆیان و هەموو ڕووشاوییە کۆنەکانی سەریانەوە.

زوو گەیشتمە گۆڕەپانەکە. وەک ڕاهاتبووم، بە تاکسییەکەم گوت لای دەرگای چوونەژوورەوەی یاریزانەکانەوە دام بەزێنێت، بەڵام پاسەوانەکە پێی گوتم بچم بۆ دەرگای چوونەژوورەوەی کارمەندەکان، کە بیرە و هۆت دۆگ فرۆشەکانیش هەر لەوێوە دەچوونە ژوورەوە. گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو، ڕاڕەوەکان بۆنی سۆسجیان لێ دەهات. گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە هەستێکی سەیری پێ دەبەخشیم. چەندین ساڵ پڕ بە دڵ حەزم دەکرد جارێکی تر وەک یاریزان بچمەوە بۆ ئەو شوێنە، بەڵام ئێستا، لەگەڵ هاوڕێ یاریزانەکانی ترمدا، وەک بانگەشەکەرێکی تیپە کۆنەکەم گەڕابوومەوە. لە یارییەکەدا، بەنۆرە دەچووینە یاریگەکەوە، تا ئەو سەردەمەی خۆمان بەبیر خەڵک بهێنینەوە – ئەوەش ڕێگەیەک بوو بۆ فرۆشتنی بلیت، وەک ئەوەی لە بۆنەکانی کاپ دەی، بۆڵ دەی، فایەر وۆرکز دەیدا دەکرێت.

ژوورێکی خۆگۆڕینی زیادەم دۆزییەوە، کە دەبوو لەوێ خۆمان بگۆڕین. بەردەستێک لای دەرگاکەوە وەستابوو. لەسەر لیستەکە خەتێکی بە ناوەکەمدا هێنا و جلەکانمی پێ دام.

پرسیم، "لەکوێ دەتوانم..."

بەردەستەکە پەنجەی بۆ ڕیزێک لۆکەری ئاسن ڕاکێشا، کە بۆیەی ڕۆنیی شین کرابوون، "لەوێ."

لە سووچێکدا، دوو پیاوی سەرسپی خەریکی قسە بوون. بەبێ ئەوەی قسەکانیان ببڕن، سەریکیان بۆ لەقاندم. هەستێکی سەیر بوو، وەک ئەوە وا بوو چووبم بۆ ئاهەنگی یەکتربینینەوەی خوێندکارانی پۆلێکی تر، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، خۆ من تەنیا شەش هەفتە لە خولی یانە پلەیەکەکاندا بووبووم. ئەوە نەبوو هاوڕێی هەزارساڵەم لەوێ دروست کردبێت.

لەسەر پشتی کراسەکەم، بە دەزوو وشەی *بینێتو* چنرابوو، بەلام کە لە نزیکەوە لێی ورد بوومەوە، بینیم قوماشەکە جێی ناوێکی تری پێوە دیار بوو، کە پێشتر پێوەی بووبوو. کراسەکەم کرد بە سەرمدا و قۆڵەکانم پێدا کرد.

کاتێک کراسەکەم ڕاکێشایە خوارەوە و ئاوڕم دایەوە، بینیم ویلی جاکسن، کە بە *بۆمبهاوێژ* ناسرابوو، لەولامەوە وەستابوو.

هەموو جاکسنیان دەناسی. لە بەتۆپداکێشاندا زۆر لێهاتوو بوو، لە کاتی یاریدا بە بەهێزی و لەخۆباییبوونەکەی ناسرابوو. جارێکیان، لە کاتی زیادکراودا، دارەکەی بە ئاڕاستەی سنووری لای ڕاستی گۆڕەپانەکەدا ڕاوەشاند، بۆ ئەوەی بە تۆپەکەدا بکێشێت، ئینجا بەوپەڕیی خێرایی بە چواردەوری هەموو بنکەکاندا ڕای کرد و گەیشتەوە لای بنکەی تۆپهەڵدانەکە. لە هەموو تەمەنی وەرزشیتدا یەک جار شتی وا بکەیت، ئیتر ناوت بەنەمری دەمێنێتەوە، بەتایبەت کاتێک چەندین جار لەسەر تەلەڤزیۆن ئەو دیمەنە دووبارە دەکەنەوە. جاکسنیش بۆخۆی بەوە بوو بە نەمر.

ئێستاش ئەو پیاوە لەسەر کورسییەکی بێپشت، لەتەنیشت منەوە دانیشتبوو. هەرگیز لە تەمەنمدا یاریم لەگەڵ جاکسن نەکردبوو. پیاوێکی خەپە بوو، تا ڕادەیەک لە تراکسودە نەیفەکەیدا ئاوساو دەر دەکەوت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا جۆرێک لە شاهانەبوونی تێدا مابوو. سەرێکی بۆ لەقاندم، منیش سەرم بۆ لەقاندەوە.

گوتی، "چۆنی؟"

دەستم بۆ تەوقە ڕاکێشا و گوتم، "چیک بینێتۆم." سەری پەنجەکانی ناوەڕاستی گرتم و ڕای کێشان. ناوی خۆی نەگوت. ئاشکرا بوو کە پێویستی نەدەکرد ناوی خۆی بڵێت.

"ئێ، چەک، ئێستا بە چییەوە خەریکی؟"

ناوەکەمم بۆ ڕاست نەکردەوە. پێم گوت کە لە بواری "بەبازاڕکردن"دا کارم دەکرد.

لێم پرسی، "ئەی تۆ؟ هێشتا هەر لە ڕاگەیاندندا کار دەکەی؟"

"ئئئم، زۆر نا. ئێستا زیاتر خەریکی وەبەرهێنانم."

سەرێکم لەقاند، "چاکە. ئێ، ئێ. ئیشێکی باشە. وەبەرهێنان."

گوتی، "بە سەرمایەی هاوبەش. هەندێک شەڵتەر و کۆمپانیای متمانە و شتی لەو جۆرەمان کردۆتەوە. زۆربەیان هاوبەشین."

جارێکی تر سەرم لەقاند. هەستم بە گەمژەیی دەکرد، وا لە زووەوە جلەکانم لەبەر کردبوو.

گوتی، "تۆش لە بازاڕدای؟"

لەپی دەستم ئەمدیو و ئەودیو پێ کرد، "خۆی دەزانی



Scanned by CamScanner

چۆنە، لێرە و لەوێ بۆخۆم خەریکم." ئەوە درۆ بوو. نە لێرە و نە لەوێی بازاڕدا، خەریکی هیچ شتێک نەبووم.

لێم ورد بووەوە و چەناگەی لەقاند.

"باشە، سەیر بکە، دەتوانم یەکێکت بۆ بدۆزمەوە یارمەتیت بدا."

بۆ ساتێک خەریک بوو ئەم گفتوگۆیە شتێکی لێ شین ببێت. جاکسنی بەناوبانگ ئامادە بوو یەکێکم بۆ بدۆزێتەوە، منیش لە خەیاڵمدا بیرم لەو پارەیە دەکردەوە، کە دەبوو بیخەمە ئیشەکەوە و نەشمبوو، بەڵام لە کاتێکدا دەستی دەبرد بۆ گیرفانی - پێم وا بێت بۆ ئەوەی کارتێکی خۆی دەر بهێنێت - یەکێک هاواری لێ کرد، "جاکسنە گوێرەکە!" هەردووکمان ئاوڕمان دایەوە و *سپایک ئەلیکزاندەر*مان بینی، ئەو و جاکسن هێندە بەتوندی باوەشیان بەیەکدا کرد، خەریک بوو خۆیان بە مندا بکێشن. ناچار بووم بچمە ئەولاترەوە.

یەک خولەک دوای ئەوە، هەردووکیان لەوبەری ژوورەکە بوون و یاریزانی تر چواردەوریان دابوون، هیوای بەدەستهێنانی سەرمایەی هاوبەشی منیش، هەر ئەوەندەی خایاند.

یارییەکەی ئێمە، یەک کاتژمێر پێش یارییە سەرەکییەکەی ئەو ڕۆژە دەکرا، لەبەر ئەوە، کاتێک دەستمان پێ کرد، زۆربەی کورسیی هاندەران چۆڵ بوون. دەنگی ئۆرگانێک بەرز بووەوە و پێشکەشکارەکە لە بڵندگۆکانەوە بەخێرهاتنی ئامادەبووە تاکوتەراکانی کرد. بەپێی ئەلفبێ ئێمەیان بە ئامادەبووان ناساند و بە یاریزانێکی هێلی بەرگری، بە ناوی



Scanned by CamScanner

ڕەستی ئەلینباک، دەستیان پێ کرد، کە لە کۆتاییی چلەکاندا یاریی کردبوو، دوای ئەو، بێنی باربۆسا، ناسراو بە بۆبۆ، دوای ئەویش یاریزانێکی بەناوبانگی هێڵی ناوەندی سالّی شەستەکان، کە پێکەنینێکی گەورە لەسەر دەموچاوی بوو. بێنی باربۆسا بەدەستراوەشاندنەوە ڕای کردە گۆڕەپانەکەوە. کاتێک ناوی من خوێندرایەوە، هاندەرەکان هێشتا چەپلّەیان بۆ ئەو لێدەدا. پێشکەشکارەکە گوتی، "لە تیپی یەکەمی پالّەوانەکانی سالّی ١٩٧٣..." دەتتوانی کەمێک دوودلّی لە دەنگیدا هەست پێ بکەیت، "تۆپگرەوە، چارلز بینێتۆۆ". لەپڕ دەنگی چەپلّەکان کز بوو، گروتینەکەشیان گۆڕا، وەک جۆرێک لە بەڕەوشتی چەپلّەیان لێدەدا.

بەخێرایی لە شوێنی دانیشتنی یاریزانەکانەوە دەر پەڕیم و خەریک بوو پێ بنێم بە پێی باربۆسادا. دەمویست پێش ئەوەی دەنگی چەپلّەکان نەمێنێت، جێی خۆم بگرم، بۆ ئەوەی لەو بێدەنگییە شەرمەزارکەرە ڕزگارم ببێت، کە دلّنیام تیایدا گوێم لە دەنگی پێی خۆم دەبوو لەسەر خۆلّەکە. باوکم لە شوێنێک، لەناو جەنجالّییەکەدا دانیشتبوو، وا دەهاتە بەرچاوم کە دەستی لەسەر سینگی خستبێتە سەر یەک، چونکە دەمزانی چەپلّە لێنادات.

ئینجا با باسی یارییەکە بکەم. شوێنی دانیشتنی یاریزانان دەتگوت وێستگەی شەمەندەفەرە، پیاوان بەدەم پێخشاندن لە زەوییەکە دەهاتن و دەچوون، دەستیان دەدایە داری بەیسبۆلّ، خەریک بوو بەر یەک دەکەوتن و پێلّاوە وەرزشییەکانیان زرمەی لە زەوییە کۆنکرێتییەکە دەهێنا. یەک گێم یاریم کرد،

بەلام یەک گێم بۆ من زۆر زۆر بوو، دوای ئەو هەموو ساڵە لە دابڕان، هەر لە تۆپهەڵدانی سێیەمدا، بە هۆی خۆنووشتاندنەوەوە، هەستم کرد ڕانەکانم دەسووتێنەوە. بەردەوام قورسایی خۆم لەم پێیەوە دەخستە سەر ئەو پێ، تا دواجار یاریزانێکی تۆپهەڵدان، کە پیاوێکی بالابەرزی قۆڵتووکن بوو بە ناوی تێدی سلاوتەرەر، گوتی، "ئەرێ کاکە، ناکرێ ئەوەندە هەڵبەز و دابەز نەکەی؟"

پێم وا بێت بۆ تەماشاکەران شتەکە لە بەیسبۆل دەچوو. هەشت یاریزان لە دەرەوەی ناوچەی تۆپهەڵدانەکە بوون، ئەو یاریزانەی لێ بوو، کە تۆپەکە هەڵدەدات، لەگەڵ ئەو یاریزانەی بە دار لە تۆپەکە دەدات و یەک ناوبژیوانیش بە بەرگی ڕەشەوە، بەلام لە ڕاستیدا یاریکردنەکەمان هیچ لەو هێز و خێراییی جووڵەیەی جارانی تێدا نەمابوو. جووڵەمان سەیر و ڕەق بووبوو، دارڕاوەشاندنمان قورس، تۆپهەڵدانمان بەرز و بەهەڵپە، زۆر بەرز لێمان دەدا.

لە شوێنی دانیشتنی یاریزانەکان، پیاوی ورگزلی لێ بوون، کە دیار بوو لەبەرامبەر پیریدا خۆیان دابوو بەدەستەوە و بەگاڵتەوە دەیانگوت، "لە ڕای خوا، یەکێک ئۆکسجینمان فریا بخات!" لە هەمان کاتیشدا هەندێک پیاوی لێ بوون، کە هێشتا باوەڕیان بەو یاسایە هەبوو، کە دەبێت هەموو یارییەک بەجیددی وەر بگرن. لەتەنیشت یاریزانێکی پیری پۆرتۆریکۆییەوە دانیشتبووم، کە یاریزانی هێڵی بەرگری بوو، بە لایەنی کەمیشەوە، تەمەنی شەست ساڵ دەبوو، بەردەوام تووتنی جوراوی تف دەکردەوە سەر زەوییەکە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت، "ئافەرم کوڕینە، ئافەرم..."

کاتێک دواجار سەرەی من هات بە تۆپەکەدا بکێشم، نیوە کەمتری کورسییەکان خەڵکیان لەسەر مابوو. یەک-دوو جار بۆ تاقیکردنەوە دارەکەم ڕاوەشاند، ئینجا چوومە ناوچەی کێشان بە تۆپەکەدا. خۆر لەپشت هەورێکەوە شاردرایەوە. گوێم لە دەستگێڕێک بوو هاواری کرد. هەستم دەکرد ئارەقە بە ملمدا دێتە خوارەوە. قورساییی خۆم لەسەر ئەم پێوە دەخستە سەر ئەو پێ. لەگەڵ ئەوەی لە ژیانمدا میلیۆنێک جار ئەمەم کردبوو – دەستم لە دەسکی دارەکە توند کرد، شانەکانم بەرز کردەوە، دەموچاوم جیددی کرد، چاوم کز کرد – کەچی دڵم پەلەپەل لێی دەدا. وا بزانم تەنها دەمویست زیاتر لە چەند چرکەیەکی کەم بەرگە بگرم. یەکەم تۆپم بۆ هەڵدرا. چرووکم کرد. ناوبژیوانەکە هاواری کرد، "یەکەم تۆپ، سووتا." ویستم سوپاسی بکەم.

ئایا هەرگیز کاتێک شتێک ڕوو دەدات، بیر لەوە دەکەیتەوە لە شوێنێکی تر چی ڕوو دەدات؟ دایکم، دوای جیابوونەوەی لە باوکم، کاتی خۆرئاوابوون لە هەیوانی پشتەوە دەوەستا، جگەرەیەکی دادەگیرساند و دەیگوت، "چارلی، لە کاتێکدا لێرە خۆر ئاوا دەبێ، لە شوێنێکی تری جیهان خۆر هەڵدێ. لە ئوستورالیا یان چین، یان شوێنێک لەو شوێنانە. دەتوانی لە ئینسایکلۆپیدیاکەدا ئەمە بدۆزیتەوە."

دایکم دووکەڵی جگەرەکەی لە هەواکەدا پەرش دەکردەوە و چاوی دەبڕییە ڕیزە حەوشە لاکێشەییەکانی پشتەوەی ماڵەکان، کە پڕ بوون لە تەناف و جۆلانە، ئینجا دەیگوت، "دونیایەکی گەورەیە. لە هەموو کاتێکدا، لە هەرشوێنە شتێک

ڕوو دەدات!"

ئەو قسەیە ڕاست بوو. لە هەموو کاتێکدا، لە هەرشوێنە شتێک ڕوو دەدات. بۆیە لەو یارییەدا، کاتێک لە ناوچەی کێشان بە تۆپدا وەستابووم و سەیری ئەو یاریزانە سەرسپییەم دەکرد کە تۆپەکەی بۆ هەڵدەدام - یاریزانەکە هێزی دایە بەر خۆی و ویستی تۆپەکەم بەخێرایی بۆ هەڵبدات، بەڵام ئێستا خێراییەکەی ئاسایی بوو. تۆپەکە بەرەو سنگم هات، منیش دارەکەم ڕاوەشاند و بەر تۆپەکە کەوت و گوێم لە زرمەیەک بوو، کە گوێیەکانم زۆر ئاشنا بوون پێی. منیش، کە پێم وا بوو شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشم کردووە، هەر بە حیسابی جاران دارەکەم فڕێ دا و بەبێ ئەوەی بیرم بێت قاچ و قۆڵەکانم ئەو توانایەیان تێدا نەماوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەیانبوو، بەبێ ئەوەی بیرم بێت کاتێک دەچیتە تەمەنەوە، سنوورەکانی یاریگەکە لەلات دوورتر دەنوێنن، دەستم کرد بە ڕاکردن. دواجار سەرم هەڵبڕی و بینیم لەبری ئەوەی تۆپەکەم بۆ ناو ناوچە یاساییەکە هەڵدابێت، خستبوومە دەرەوەی سنوورەکە و بۆ ئەوەی خاڵ تۆمار بکەم، دەبوو بە هەرچوار بنکەکەدا ڕابکەم، لەولاشەوە تۆپەکەم بەسەر بەشی ناوەوەی گۆڕەپانەکەدا بەرز بووبووەوە و خەریک بوو دەکەوتە ناو ئەو دەستکێشەی یاریزانی بنکەی دوو، کە بۆ گرتنەوەی ئامادەی کردبوو. لێدانەکەم لەو لێدانانە بوو، کە گرتنەوەی ئاسان بوو، واتا هەوڵێکی بێئەنجامم دابوو، هیچم نەدەکرد بە هیچ، دەنگێکیش لە مێشکمدا دەیگوت، "واز بێنە! بوەستە!" لە کاتێکدا دەستکێشی یاریزانەکەی بنکەی دوو دوایین تۆپی منی لەو یارییە شێتانەیەدا دەگوشی- لە

کاتێکدا هەموو ئەم شتانە ڕوویان دەدا، وەک دایکم جارێکیان گوتبووی، لە پێپەر ڤیل شتێکی تر ڕووی دەدا.

لەو کاتەدا ڕادیۆکەی دایکم، کە لە هەمان کاتدا کاتژمێریش بوو، گۆرانیی تیپێکی مۆسیقای بەناوبانگی لێدەدا. دایکم تازە سەرینەکانی ڕاوەشاندبوو تا قەڵەو دەر بکەون، خۆشی وەک بووکەشووشەیەکی شکاو لەسەر زەویی ژووری خەوتنەکە گرمۆڵە بووبوو. دایکم بۆیە چووبوو بۆ ئەوێ، تا بەدوای چاویلکە سوورە تازەکەیدا بگەڕێت، ئیتر لەوێ، لەناکاو تەندروستیی تێک چووبوو.

جەڵتە لێی دابوو و دوایین هەناسەکانی ژیانی خۆی دەدا.

کە یارییەکە تەواو بوو، بە تونێلەکەدا گەڕاینەوە ژوورەوە و بەلای یاریزانە نوێکاندا تێپەڕین. هەردوو لا لە یەکتر ورد دەبووینەوە. ئەوان گەنج و پێستساف بوون، ئێمەش قەڵەو و سەررووتاوە. سەرم بۆ کوڕێکی گەنجی کەتە، کە ماسکی یاریزانی تۆپگرەوەی لە دەموچاودا بوو، لەقاند. وەک ئەوە وا بوو لە کاتێکدا دەهاتمەوە ژوورەوە، خۆم ببینم دەچێتە دەرەوە.

لە ژووری خۆگۆڕینەکە، بەپەلە خۆم کۆ کردەوە. هەندێک لە یاریزانە کۆنەکان خۆیان شت، بەڵام شتەکە بێمانا بوو، چونکە بایی ئەوەندە هیلاک نەبووبووین خۆمان بشۆین. بەشی سەرەوەی جلی یارییەکانم قەد کرد و وەک یادگاری بۆ خۆمم هەڵگرتن. زنجیری جانتاکەم داخست. تەواو خۆم گۆڕی و بۆ چەند خولەکێک لەوێ دانیشتم، بەڵام دواتر لەوە نەدەچوو ئەو دانیشتنەم هیچ مانایەکی هەبێت.

چۆن لە دەرگای کارمەندەکانەوە چووبوومە ژوورەوە، ئاوا چوومەوە دەرەوە. باوکم لە دەرەوە بوو، جگەرەی دەکێشا و سەیری ئاسمانی دەکرد. سەرسام دیار بوو بە بینینم.

پێڵاوە وەرزشییەکانم بە دەستمەوە بەرز کردەوە و گوتم، "سوپاس بۆ پێڵاوەکان."



Scanned by CamScanner

باوکم بەبێزارییەوە گوتی، "ئەوە چی دەکەیت لە دەرەوە؟ کەسی لێ نییە لەوێ قسەی لەگەڵ بکەی؟"

بەگاڵتەجاڕییەوە هەناسەیەکی کورتم دایەوە. گوتم، "نازانم، بابە. وا بزانم بۆیە هاتمە دەرەوە، تا سڵاوێک لە تۆ بکەم. نزیکەی دوو ساڵە نەمدیوی."

باوکم بەقێزەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی، "بۆ خاتری خوا. بەتەمای بە قسەکردن لەگەڵ من، ببیتەوە بە شت؟"

Scanned by CamScanner

# چیك هەواڵی مردنی دایكی دەبیستێت

"ئەلوو؟"

دەنگی هاوسەرەکەم دەلەرزی و بێتاقەتیی تێدا دەخوێندرایەوە.

گوتم، "بەڵێ. منم. ببوورە کە–"

"ئاخ خوایە گیان! چیک، نەماندەزانی پەیوەندی بەکوێوە بکەین و چۆن بتدۆزینەوە."

بە خۆم و درۆکانمەوە ئامادە بووم – کڕیارەکە... کۆبوونەوەکە... هەر هەموو درۆکانم ئامادە بوون، بەڵام لە ساتێکدا هەموو وەک خشت، یەک لەدوای یەک، کەوتن.

گوتم، "چی بووە؟"

"دایکت... ئۆف خوایە گیان، چیک. باشە تۆ لەکوێ بووی؟ نەمانتوانی..."

"چییە؟ چی بووە؟"

کاسرین دەستی کرد بە گریان و هەناسەبڕکێی پێ کەوت.

گوتم، "پێم بڵێ، چی بووە؟"

"شتەکە جەڵتەی دڵ بوو. ماریا یەکەم جار پێی زانی."

"ها...؟"

"دایکت... مرد."



Scanned by CamScanner

هیوادارم هەرگیز گوێت لەم ڕستەیە نەبێت: *ڕایکت مرد.* ئەم ڕستەیە لە هیچ ڕستەیەکی تر ناچێت. لەوە گەورەترە، لە گوێچکەکانتدا جێی ببێتەوە. ڕستەیەکە لە زمانێکی سەیر و قورس و بەهێز، کە بەردەوام خۆی بەسەرتدا دەکێشێت، وەک ئەو تۆپە ئاسنینە قورسە وایە، کە لادیواری پێ دەڕووخێنن، یەکلەسەریەک دەیدا بە سەرتدا، تا دواجار کونێک لە مێشکت دەکات و جێی خۆی دەکاتەوە. بەمەش دەبیت بە دوو کەرتەوە.

"ئەمە لەکوێ؟"

"لەماڵەوە."

"لەکوێ... بڵێم، کەی؟"

لەناکاو وردەکارییەکان زۆر گرنگ دەر دەکەوتن. وردەکارییەکان شتێک بوون خۆمیان پێوە هەڵبواسم، ڕێگەیەک بوون بۆ ئەوەی جێی خۆم لەناو چیرۆکەکەدا بکەمەوە.

"ئەی باشە چۆن —"

کاسرین بەنەرمی گوتی، "چیک. وەرەوە ماڵەوە، باشە؟"

ئوتومبێلێکم بەکرێ گرت و هەر ئەو شەوە کەوتمە ڕێ بۆ ماڵەوە. حەپەساوی و خەفەتخواردنەکەمم خستە دواوە و هەستکردن بە تاوانبارییەکەشم لەپێشەوە لەتەنیشت خۆم دانا. ڕێک پێش خۆرهەڵهاتن گەیشتمە پێپەر ڤیل بیچ. ئوتومبێلەکەم لە بەردەم گەراجە داخراوەکەدا ڕاگرت و کوژاندمەوە. ڕەنگی ئاسمان، مۆرێکی دێز بوو. ئوتومبێلەکەم بۆنی بیرەی لێ دەهات. هەر لەوێدا دانیشتم و سەیری خۆرهەڵهاتنم کرد.

بیرم کەوتەوە تەلەفۆنم بۆ باوکم نەکردبوو، تا هەواڵی مردنی دایکمی پێ بگەیەنم. لە ناخەوە هەستم دەکرد جارێکی تر باوکم نابینمەوە.

هەر واش بوو.

لە یەک ڕۆژدا، دایکیشم و باوکیشمم لەدەست دا. یەکەمیان ڕۆیشت و شەرمەزاری جێی گرتەوە و دووەمیشیان بووە تارمایی.

Scanned by CamScanner

# سەردانی سێیەم و کۆتایی

ئێستا من و دایکم بە شارۆچکەیەکدا دەڕۆیشتین، کە پێشتر نەمبینیبوو. شارۆچکەکە هیچ سەرنجڕاکێش نەبوو، لە سووچێکدا بەنزینخانەیەکی لێ بوو، لە سووچێکی تریشدا فرۆشگەیەک. ستوونی تەلەفۆنەکان و قەدی درەختەکان هەمان ئەو ڕەنگە قاوەییەی ڕەنگی مەقەبایان هەبوو، گەڵای زۆربەی درەختەکانیش هەڵوەریبوو.

لە بەردەم شوقەیەکی دوونهۆمیدا وەستاین. شوقەکە بە خشتی زەردی کاڵ دروست کرابوو.

گوتم، "ئێرە کوێیە؟"

دایکم سەیری ئاسۆی دەکرد. خۆر دەمێک بوو ئاوا بووبوو.

دایکم گوتی، "ئێوارە هیچی وات نەخوارد."

گاڵتەم لە قسەکە هات. گوتم، "توو خوا بەسە!"

"چی؟ حەز دەکەم بزانم نانی تەواوت خواردووە یا نا، هەر ئەوەندە. چارلی، دەبێ باش ئاگات لە خۆت بێ."

وەک هەمیشە، لە ڕوخساریدا دەمبینی، دایکم زۆر دڵی لامە. لەوێدا درکم بەوە کرد، کاتێک سەیری دایکت دەکەیت، سەیری پاکترین خۆشەویستیی ناو تەواوی ژیانت دەکەیت.



Scanned by CamScanner

"دایە، خۆزگا پێشتر ئەمەمان پێکەوە بکردایە، ها؟"

"مەبەستت ئەوەیە، پێش ئەوەی بمرم؟"

بەشەرمەوە گوتم، "بەڵێ."

"من هەر لێرە بووم."

"دەزانم."

"بەڵام تۆ زۆر سەرقاڵ بووی."

ئەو وشەی *سەرقاڵە*، مووچڕکەیەکی بە لەشمدا هێنا. ئێستا ئیدی ئەو وشەیە زۆر بەتاڵ و بێمانا دەر دەکەوت. بۆ ساتێک لەسەر دەموچاوی، بینیم دایکم بەنابەدڵی دۆخەکەی قبوڵ کردووە. لەو باوەڕەدام ئەو ساتە هەردووکمان بیرمان لەوە دەکردەوە، شتەکان چەندە جیاواز دەبوون ئەگەر هەموویانمان سەرلەنوێ لە سەرەتاوە دووبارە بکردایەتەوە.

دایکم پرسیی، "چارلی، من دایکێکی باش بووم بۆت؟"

دەمم کردەوە وەڵامی بدەمەوە، بەڵام تیشکێک، کە خەریک بوو کوێرم بکات، دایکمی لە بەرچاوم هەڵگرت. لەسەر دەموچاوم هەستم بە گەرمییەک دەکرد، وەک ئەوەی بەو شەوە خۆر لێم بدات. جارێکی تر دەنگە بەرزەکە هاتەوە، "چارلز بینێتۆ. چاوەکانت بکەرەوە!"

چاوم توند نووقاند و کردمەوە. ئەم جارە دایکمم لە چەند کۆڵانێک لەولای خۆمەوە بینییەوە، وەک ئەوەی من وەستابێتم و ئەو لە ڕۆیشتن بەردەوام بووبێت. جارێکی تر چاوم نووقاند و کردمەوە. ئەم جارە لە جاری پێشوو دوورتر بوو، بابیی ئەوەندە دوور کە بەئەستەم دەمبینی. خۆم بە پێشەوەدا دا، پەنجەکانم گرژ دەبوون، شانەکانم لە جومگەکانیان دەر چوون، هەموو شتێک لە چواردەوردم



Scanned by CamScanner

دەخولایەوە. هەستم کرد هەوڵ دەدەم بانگی بکەم، بەڵام وشەکە لەناو قوڕگمدا دەلەرییەوە. ئەوەندەم هەوڵ دا، هێزم لەبەر بڕا.

دووبارە دایکم هاتەوە تەنیشتم، دەستی گرتم و وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، هەموو شتێک ئارام بووەوە، بەڵام گەڕابووینەوە ئەو شوێنەی سەرەتا لێی بووبووین.

دایکم دووبارە گوتی، "یەک سەردانی تر ماوە."

دایکم بە ئاڕاستەی شوقە زەردە کاڵەکەدا بردمی و یەکسەر خۆمان لە ناوەوە بینییەوە. شوقەیەکی بنمیچنزم بوو، کەلوپەلی زۆری تێدا بوو. ژووری خەوتنەکە بچووک بوو. کاغەزی دیوارەکان، سەوزی فستقی بوون. تابلۆی ڕەزێک بە دیوارەکەوە بوو، خاچێکیش بەسەر سیسەمەکەوە هەڵواسرابوو. لە سووچێکدا مێزێکی تەوالێتی تەختەی کایی دانرابوو، لە سەریشیەوە ئاوێنەیەکی گەورە هەڵواسرابوو، لە بەردەم ئاوێنەکەدا، ژنێکی قژڕەش، بە ڕۆبێکی گەرماوی پرتەقاڵیی ماتەوە، دانیشتبوو.

لەوە دەچوو ژنەکە لە حەفتاکانی تەمەنیدا بێت، لووتی باریک و درێژ بوو، ئێسقانی ڕوومەتەکانی بەرز و دەرپەڕیو و پێستی ئەسمەر و دەموچاویشی داکەوتوو بوو. بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، بەخاوی فلچەیەکی بە قژیدا دەهێنا و سەیری مێزەکەی بەردەمی خۆی دەکرد.

دایکم چووە پشتیەوە ڕاوەستا. سڵاویان لەیەک نەکرد، لەجیاتیی ئەوە، دایکم دەستەکانی برد و لەگەڵ دەستەکانی ژنەکەدا یەکیان گرت، ئەو قژی دادەهێنا و دایکم لەگەڵ



Scanned by CamScanner

جوولەی فلچەکەدا بە لەپی دەستی، دەستی بە قژی ژنەکەدا دەهێنا.

ژنەکە چاوی هەڵبڕی، وەک ئەوەی بیەوێت لەناو ئاوێنەکەدا سەیری خۆی بکات، بەڵام چاوەکانی لێڵ بوون و بۆ دوور دەیانڕوانی. پێم وا بێت دایکمی دەبینی.

کەسیان هیچی نەگوت.

دواجار بەچرپە گوتم، "دایە، ئەمە کێیە؟"

دایکم، کە دەستەکانی لە قژی ژنەکەدا بوون، ئاوڕی دایەوە و گوتی، "ئەمە هاوسەری باوکتە."

Scanned by CamScanner

# ئەو جارانەی من پشتی دایکمم نەگرت

قەشـەکە، هـەر بـە چـاو، پێی گوتـم خاکەنازەکەی لێ وەر بگرم. دەبوو خـۆڵ بـە تابووتەکـەی دایکمـدا بکـەم، کـە تـا نـاو نیوەی گۆڕەکـە شـۆڕ کرابـووەوە. قەشـەکە پێـی گوتـم، دایکـم ئـەم نەریتـەی لـە پرسـەی جوولەکەکانـدا بینیـوە و داوای کـردووە لـەوەی خۆشـیدا پەیـڕەوی بکەیـن. پێی وا بـوو ئەمـە یارمەتیی کەسـوکاری مردووەکـە دەدات باشـتر ئـەوە قبـوڵ بکـەن، کـە جەسـتەی مردووەکـە ڕۆیشـتووە و ئێسـتا دەبێت ڕووحـی لەیاد نەکـەن. هەسـتم دەکـرد گوێـم لـە باوکمـە، کـە بەگلەییـەوە بـە دایکـم دەڵێـت، "پـۆزی، تـۆ هـەر لەخۆتـەوە دەسـتکاریی ئایینەکـە دەکـەی."

وەک منداڵێـک، کـە تفەنگێکی درابێتـە دەسـت، خاکەنازەکـەم لـە قەشـەکە وەر گـرت. سـەیرێکی ڕۆبێرتـای خوشـکمم کـرد، سەرپۆشـێکی ڕەشـی دابـوو بەسـەر دەموچاویـدا و بەئاشـکرا هەڵدەلـەرزی. سـەیرێکی هاوسـەرەکەمم کـرد، کـە سـەیری بەرپێـی خـۆی دەکـرد و فرمێسـک لەسـەر ڕوومەتەکانـی ڕێچکەیـان بەسـتبوو، لەسـەر یـەک ڕیتمیـش دەسـتی ڕاسـتی بـە قـژی کچەکەمانـدا دەهێنـا. تەنیا ماریای کچـم سـەیری منـی



Scanned by CamScanner

دەکرد. لەوە دەچوو چاوەکانی بڵێن، "نەکەی بابە! نەکەی! خاکەنازەکەیان بدەرەوە."

لە بەیسبۆڵدا، یاریزان دارەکەی دەستی دەناسێتەوە و دەزانێت هیی خۆیەتی یان هیی یاریزانێکی دیکەیە. منیش هەستم دەکرد ئەو خاکەنازەی دەستم، هیی من نەبوو، هیی کەسێکی تر بوو، هیی کوڕێک بوو، کە درۆی لەگەڵ دایکیدا نەکردبێت، کوڕێک، کە دوایین قسەی لەگەڵ دایکیدا بەتووڕەیییەوە نەکردبێت، کوڕێک، کە بەهەڵەداوان ڕای نەکردبێت تا هەوەسە تازەکانی باوکە دوورەکەی ڕازی بکات – باوکێک، کە بۆ ئەوەی ژمارەی پێوانەییی نەهاتنی بۆ کۆبوونەوە خێزانییەکان نەشکێنێت، ئامادە نەبووبوو تەنانەت لەو پرسەیەشدا ئامادە ببێت، چونکە پێی وا بوو، "نامەوێ کەس بێزار بکەم و باشترە نەیەم."

کوڕێک شایانی ئەوە بوو ئەو خاکەنازەکە وەر بگرێت، کە ئەو شەممە و یەکشەممەیە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ژووری خەوتنەکەی ماڵی دایکی ڕۆژی کردبێتەوە و دواتریش لەگەڵ دایکی و خێزانەکەی نانی بەیانیی خواردبێت، کوڕێک شایانی ئەوە بوو، کە لە کاتی تێکچوونی تەندروستیی دایکیدا لەوێ بووبێت.

خۆ لەوانەش بوو فریای دایکی بکەوێت و ڕزگاری بکات، بەڵام لەوێ نەبوو.

ئێستاش ئەو کوڕە لەسەر گۆڕەکەی دایکی وەستابوو. تفێکی قووت دا و چییان پێ گوت، ئەوەی کرد: بە خاکەنازەکە خۆڵی بەسەر تابووتەکەدا کرد. خۆڵەکە کەوتە خوارەوە و

پەرشوبڵاو بووەوە، هەندێک وردەبەرد دەنگیان لە تەختە قاوەییبیە بریقەدارەکە هێنا. هەرچەندە دایکم خۆی داوای جێبەجێکردنی ئەم نەریتەی کردبوو، بەڵام گوێم لە دەنگی بوو کە دەیگوت، ”ئاااى، چارلی! بە چ ڕوویەکەوە ئەمەت پێ کرا؟“

# هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە

ئەمە هاوسەری باوکتە.

چۆن ئەو ڕستەیە ڕوون بکەمەوە؟ نازانم. تەنیا دەتوانم ئەو قسەیەت بۆ دووبارە بکەمەوە، کە ڕووحی دایکم لەو شوقە سەیرەدا، کە بە دیوارەکەیەوە تابلۆی ڕەزێک هەڵواسرابوو، پێی گوتم: "ئەمە هاوسەری باوکتە. لە جەنگدا یەکتریان ناسیوە. باوکت نێردرابوو بۆ ئیتاڵیا. پێشتر ئەمەی پێ گوتووی، وایە؟"

باوکم زۆر جار ئەمەی پێ گوتبووم، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٤دا نێردرابوو بۆ ئیتاڵیا، بۆ چیاکانی ئەپێناین و پۆ ڤالێی، نزیک بۆڵۆنیا.

"ئەم ژنە لە لادێیەکی ئەوێ ژیاوە. هەژار بووە. باوکیشت سەرباز بووە. خۆت دەزانی ئەم شتانە چۆنن. باوکت ئەو سەردەمە، زۆر هێن بوو، نازانم، چیی پێ دەگوترێ؟ چاوقاییم؟"

دایکم سەیرێکی دەستەکانی کرد، کە بە قژی ژنەکەیدا دەهێنان.

"چارلی، بەلاتەوە جوانە؟ من هەمیشە بەلامەوە جوان بووە. تەنانەت ئێستاش هەر جوانە. وا نییە؟"



Scanned by CamScanner

سەرم دەخولایەوە، "مەبەستت چییە دەڵێی هاوسەریەتی؟ تۆ هاوسەری ئەو بووی."

دایکم بەخاوی سەری لەقاند.

"بەڵێ، وا بوو."

"نابێ دوو کەس هاوسەرت بن."

دایکم بەچرپە گوتی، "ڕاست دەکەی، نابێ."

ژنەکە، بە لووت، بەتوندی هەناسەیەکی هەڵمژی. چاوەکانی هیلاک بوون و سوور بووبوونەوە. لەوە نەدەچوو من ببینێت، بەڵام وا دەر دەکەوت کاتێک دایکم قسەی دەکرد، ئەو گوێی لێ بگرێت.

"پێم وا بێ باوکت لە جەنگەکەدا ترساوە. نەیزانیوە چەند دەخایەنێ. زۆر سەرباز لەو شاخانە کوژراون. ڕەنگە ئەم ژنە دڵی دابێتەوە و ئیتر ئەویش پێی وا بووە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ نیشتمان. کێ دەزانێ؟ باوکت هەمیشە پێویستی بەوە بوو بەرنامەیەکی هەبێ، زووزوو دەیگوت، دەبێ بەرنامەت هەبێ، بەرنامە.'"

گوتم، "تێناگەم. باوکم ئەو نامەیەی بۆ تۆ نووسیبوو."

"بەڵێ."

"داوای هاوسەرگیریی لێ کردبووی، تۆش ڕازی بووبووی."

دایکم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی، "کاتێک درکی کردووە جەنگ خەریکە تەواو دەبێ، بیری لە بەرنامەیەکی نوێ کردۆتەوە، کە بەرنامە کۆنەکەی بوو لەگەڵ مندا. چارلی، کاتێک مەترسیت لەسەر نییە، شتەکان

دەگۆڕێن، بۆیە ئیتر ئەویش..." دایکم قژی ژنەکەی لەسەر شانەکانی بەرز کردەوە.

"ئەم ژنەی بەجێ هێشتووە."

دایکم وەستا.

"باوکت لەم بەزمەدا شارەزا بوو."

سەرم ڕاوەشاند و گوتم، "بەڵام تۆ چۆن ئەمەت..."

"چارلی، باوکت هەرگیز ئەمەی پێ نەگوتبووم، هەرگیز بە کەسی نەگوتبوو، بەڵام دوای چەندین ساڵ، ڕۆژێک لە ڕۆژان دووبارە ئەم ژنەی بینیبووەوە، یان ڕەنگە ئەم باوکتی دۆزیبێتەوە. ئیتر دواجار باوکیشت هێنابووی بۆ ئەمەریکا و ژیانێکی تری بۆ خۆی دامەزراندبوو. تەنانەت خانوویەکی تری لە کۆڵیز ود کڕیبوو. بیرتە دوکانە تازەکەشی هەر لەوێ بوو؟"

ژنەکە فڵچەی قژەکەی دانا. دایکم دەستەکانی لەسەر قژی لا برد و خستنیە سەر یەک، ئینجا پەنجەکانی لەیەک گیر کرد و خستنیە ژێر چەناگەی، پاشان گوتی، "ئەم ژنە بوو، کە باوکت حەزی لە مەعکەرۆنییەکەی بوو، دەشیویست من وا بۆی لێبنێم."

دایکم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، " ئەم بابەتە، تا ئێستاش بێزارم دەکا."

دواتر، دایکم تەواوی چیرۆکەکەی بۆ باس کردم. پێی گوتم چۆن ئەم زانیارییانەی زانیوە. باسی ئەوەی بۆ کردم چۆن جارێک لە باوکمی پرسیوە بۆچی هەرگیز پسوولەی پارەی ئەو ئوتێلەمان بۆ نایاتەوە، کە باوکم لە کۆڵینز ود لێی



Scanned by CamScanner

دەمایەوە، باوکیشم لە وەڵامدا گوتبووی، چونکە بەدەستی پارەکەی دەدا. ئەمە گومانی لای دایکم دروست کردبوو. ئیتر دایکم شەوێکی هەینی یەکێکی پەیدا کردبوو لە ماڵمان بمێنێتەوە، خۆشی بەدڵەڕاوکێوە بە ئۆتومبێل چووبوو بۆ کۆڵینز ود. دایکم بە شەقامەکانی ئەو شارۆچکەیەدا گەڕابوو، تا دواجار ئۆتومبێلە بویکەکەی باوکمی لە گەراجی ماڵێکدا بینیبوو، ئیتر دایکم هەر لەوێدا دابوویە پڕمەی گریان.

"چارلی، هەموو گیانم دەلەرزی. زۆر بەقورسی هەنگاوم بۆ دەنرا. خۆم خزاندە ژێر پەنجەرەیەکەوە و بەدزییەوە سەیری ژوورەوەم کرد. پێکەوە خەریکی نانخواردن بوون. باوکت قۆپچەکانی کراسەکەی کردبووەوە و فانیلەکەی دیار بوو – هەر وەک چۆن هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا وا دادەنیشت. لەوێ بەئارامی دایشتبوو، خۆراکەکەش لە بەردەمی بوو، هیچ پەلەی نەبوو، وەک ئەوەی لەوێ بژی، قاپی دەدایە دەست ئەم ژنە و ..."

دایکم بێدەنگ بوو.

"دڵنیای دەتەوێ ئەمەت بۆ باس بکەم؟"

بەساردی سەرێکم لەقاند.

"کوڕەکەیان..."

"چی...؟"

"چەندساڵێک لە تۆ گەورەتر بوو."

"کو... ڕ؟"

کە ئەمەم گوت، دەنگم زیقەیەکی تێ کەوت.

"ببوورە، چارلی گیان."

هەستم کرد سەرم گێژی دەخوارد، وەک ئەوەی خەریک



Scanned by CamScanner

بێت بە پشتدا بکەوم. تەنانەت ئێستاش کە بۆ تۆی باس دەکەم، وشەکان بەقورسی لە دەمم دێنە دەرەوە. باوکم، کە هەمیشە داوای لە من دەکرد دڵسۆز بم و خۆم بۆ تیپەکەمان تەرخان بکەم - تیپەکەی خۆم و خۆی، تیپی پیاوانی خێزانەکەمان - کەچی خۆی لەولاوە کوڕێکی تری هەبوو؟

بەچرپە گوتم، "ئەویش یاریزانی بەیسبۆڵ بوو؟"

دایکم بەبێدەسەڵاتییەوە سەیرێکی کردم و بە دەنگێک، کە گریانی تێدا بوو، وەڵامی دامەوە، "چارلی گیان، باوەڕ بکە نازانم."

ژنە ڕۆبلەبەرەکە چەکمەجەیەکی بچووکی کردەوە. چەند کاغەزێکی دەر هێنا و بەناویاندا گەڕا. هەر بەڕاست ئەمە ئەو کەسە بوو، کە دایکم بۆی باس کردم؟ لە ئیتاڵی دەچوو. هەر لەو تەمەنەشدا بوو، کە دایکم گوتی. هەوڵم دا باوکم بهێنمە پێشچاوی خۆم ئەو کاتەی ئەمی ناسیبوو. هەوڵم دا بیانهێنمە بەرچاوم پێکەوە بن. هیچم لەسەر ئەم ژنە و ئەم شوقەیە نەدەزانی، بەڵام هەستم دەکرد باوکم لە ژوورەکەدایە.

دایکم گوتی، "چارلی، ئەو شەوە بە ئوتومبێلەکەم بۆ ماڵەوە گەڕامەوە. لەسەر شۆستەکە دانیشتم و چاوەڕێم کرد. تەنانەت نەمدەویست ئوتومبێلەکەشی بهێنێتەوە گەراجەکەوە. دوای نیوەشەو، باوکت گەڕایەوە. هەرگیز سیمای ئەو کاتەیم لەبیر ناچێتەوە، کە لایتی ئوتومبێلەکەی کەوتنە سەر من، چونکە پێم وا بێ لەو ساتەدا بوو، کە تێگەیشت نهێنییەکەی ئاشکرا بووە.

"چوومە ناو ئوتومبێلەکەیەوە و داوام لێ کرد هەموو

جامەکان هەڵبداتەوە. نەمدەویست کەس گوێی لێم بێ، ئینجا پێیدا تەقیمەوە. بە جۆرێک تەقیمەوە، کە نەیدەتوانی هیچکام لە درۆکانی بکا. دواجار، دانی بەوەدا نا ئەو ژنە کێ بوو، لەکوێ یەکتریان ناسیبوو، ئەو چەند وەختە خەریکی چی بووبوو. سەرم گێژی دەخوارد، سکم ئازارێکی زۆری پێدا دەهات، بە جۆرێک، نەمدەتوانی ڕێک دابنیشم. چارلی، لە هاوسەرگیریدا چاوەڕوانی زۆر شت دەکەی، بەڵام کێ چاوەڕێی ئەوە دەکا بەو جۆرە بتگۆڕنەوە بە کەسێکی تر؟"

دایکم ڕووی کردە دیوارەکە و سەرنجی کەوتە سەر تابلۆی ڕەزەکە.

"لەو باوەڕەدام، چەند مانگێک دوای ئەوە، ئینجا بەتەواوی لە شتەکان تێگەیشتم. ئەو کاتەی ناو ئوتومبێلەکە، تەنیا ئەوە بوو زۆر تووڕە و دڵشکاو بووم. باوکت سوێندی خوارد کە پەشیمانە، سوێندی خوارد نەیزانیوە کوڕێکی لەو ژنە بووە و کاتێک پێی زانیوە، ناچار بووە شتێکی بۆ بکا. نازانم لەو شتانەی دەیگوتن، کامیان ڕاست بوو، کامیشیان درۆ بوو. تەنانەت بەدەم هاوارکردنەوە باوکت وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێک پێ بوو.

بەڵام ئەمانە هیچی گرنگ نەبوون. تازە هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. تێدەگەی شتەکە چۆنە؟ دەکرا لە هەموو شتێکی ببوورم، کە بەرامبەر من کردبووی، بەڵام ئەوەی کردبووی، ناپاکی بوو لە تۆ و خوشکەکەشت."

دایکم ڕووی کردەوە من.

"چارلی، مرۆڤ یەک خێزانی هەیە. لە هەموو کاتە باش و خراپەکاندا، یەک خێزان. ناکرێ بیانگۆڕیتەوە بە دانەیەکی

تر. ناکرێ درۆیان لەگەڵ بکەی. ناکرێ بە جارێک دوو دانە بەری بەڕێوە و بەسەرە ئەم بگۆڕی بە ئەو.

"ئەوەی خێزان دەکات بە خێزان، مانەوەیە لەگەڵ ئەندامەکانی."

دایکم هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا.

"بۆیە دەبوو بڕیاری خۆم بدەم."

هەوڵم دا ئەو ساتە ناخۆشە بهێنمە بەرچاوم. لە ئۆتومبێلێکدا، دوای نیوەشەو، پەنجەرەکان هەڵدراونەتەوە و لە دوورەوە شێوەی دوو کەس دیارە، کە بەبێدەنگی هاوار بەسەر یەکدا دەکەن. هەوڵم دا ئەوە بێنمە بەر چاوم، کە چۆن لە کاتێکدا خێزانەکەمان لە ماڵێکدا خەوتبوون، خێزانێکی تریش لە ماڵێکی تر خەوتبوون، لە کەنتۆری هەردووکیشیاندا جلەکانی باوکم هەڵواسرابوون.

هەوڵم دەدا ڕۆژییە سەرنجڕاکێشەکەی پێپەر ڤیل بیچ بهێنمە بەرچاوی خۆم، کە چۆن ئەو شەوە ژیانە کۆنەکەی لە بەردەمیدا دەڕما و ئەویش بەدیاریەوە دەگریا و دەیناڵاند. بەمەش درکم بەوە کرد، لە لیستی ئەو جارانەی دایکم پشتی منی گرت، دەبوو ئەمەیان لە سەری سەرەوەی لیستەکەدا بێت.

دواجار بەچرپە گوتم، "دایە، ئەی تۆ چیت پێ گوت؟"

"پێم گوت بڕوات و جارێکی تر نەگەڕێتەوە."

ئینجا تێگەیشتم ئەو بەیانییەی دایکم جبسی گەنمەشامییەکەی لە دەستیدا ورد کرد، لە شەوی پێشوودا چی ڕووی دابوو.

لە ژیانمدا، گەلێک شت هەن، کە حەزم دەکرد نەمکردنایە، زۆر سات هەن، کە حەز دەکەم دووبارە دایان بڕێژمەوە و بیانگۆڕم، بەڵام ئەگەر بەڕاستی بتوانم شتێکی وا بکەم، ئەوا ساتێک لە ژیانی ماریای کچم دەگۆڕم، نەک هیی ژیانی خۆم. پاشنیوەڕۆی ئەو یەکشەممەیەی دایکم مرد، کاتێک ماریا چووبوو بەدوای نەنکیدا بگەڕێت، بینیبووی لەسەر زەویی ژووری خەوتنەکە کەوتووە. ئەویش هەوڵی دابوو خەبەری بکاتەوە، بەڵام هەر زوو دەستی کردبوو بە زریکاندن. ماریا هەر دەروژووری کردبوو، لەنێوان داواکردنی یارمەتی و جێنەهێشتنی نەنکیدا، سەری لێ تێک چووبوو. ماریا منداڵ بوو، نەدەبوو شتێکی وای بەسەر بێت.

پێم وا بێت لەو ساتە بەدواوە، قورس بوو بۆم ڕووبەڕووی کچەکەم و هاوسەرەکەم ببمەوە. وا بزانم بۆیە ئەوەندەش دەمخواردەوە و بەنابەدڵی بەرەو ژیانێکی تر هەڵهاتم، چونکە لە ناخەوە هەستم دەکرد ئیدی شایانی ئەو ژیانە کۆنەی جارانم نەمابووم. هەڵهاتم، بەداخیشەوە، وا بزانم لەوەدا من و باوکم هاوتا بووین. دوو هەفتە دواتر، لە بێدەنگیی ژووری خەوتنەکەماندا بۆ کاسرینم درکاند، کە من ئەو یەکشەممەیە چووبووم بۆ کوێ، پێشم گوت کە ئەو

گەشتە بۆ ئیش نەبووبوو، بەڵکوو لە کاتێکدا دایکم کەوتبووە سەر زەوی و چووبووە سەرەمەرگەوە، من لە یاریگەیەکی پیتسبێرگ یاریی بەیسبۆڵم دەکرد. کاردانەوەکەی کاسرین، زیاتر سڕبوون بوو وەک لە هەرشتێکی تر. وا دەر دەکەوت بیەوێت شتێک بڵێت، بەڵام هەرگیز هیچی نەگوت.

لە دواییدا، تاکە سەرنجی ئەمە بوو، "تازە بشیڵێم، سوودی چییە؟"

دایکم بە ژووری خەوتنە بچووکەکەدا ڕۆیشت و لای تاکە پەنجەرەی ژوورەکەوە وەستا. پەردەکانی لا دا و گوتی، "دەرەوە تاریکە."

لەپشتمانەوە، لای ئاوێنەکەوە، ژنە ئیتاڵییەکە سەری دانەواندبوو و خەریکی کاغەزەکانی بوو.

گوتم، "دایە؟ ڕقت لێیەتی؟"

دایکم سەری ڕاوەشاند، "بۆ ڕقم لێی بێ؟ ئەویش تەنیا هەمان ئەو شتانەی ویستووە، کە من ویستوومن، هەر وەک منیش، بەدەستی نەهێنان. باوکت لە ئەمیش جیا بووەوە و بەردەوام بوو لەسەر ژیانی ئاساییی خۆی. وەک گوتم، باوکت لەمەدا زۆر ئازا بوو."

دایکم، وەک ئەوەی سەرمای بێت، ئانیشکەکانی خۆی گرت. ژنی لای ئاوێنەکە دەموچاوی خستە دەستیەوە و پرمەیەکی گریانی لێوە هات.

دایکم گوتی، "چارلی، نهێنییەکان ناخت وێران دەکەن."

هەرسێکمان بۆ خولەکێک، لەوێ، بەبێدەنگی ماینەوە،



Scanned by CamScanner

هەریەکەمان لە جیهانی خۆیدا. ئینجا دایکم ڕووی کردە من و گوتی، "ئێستا ئیتر دەبێ بڕۆی."

بەئەستەم دەنگم هاتە دەرەوە، "بڕۆم؟ بۆ کوێ؟ بۆ بڕۆم؟"

دایکم دەستەکانمی خستە دەستی خۆیەوە، "بەڵام چارلی، پێش ئەوە دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم."

چاوەکانی دایکم پڕ بوون لە فرمێسک.

"تۆ بۆ دەتەوێ بمری؟"

هەموو گیانم لەرزی و بۆ ساتێک هەناسەم وەستا.

"بۆ تۆ دەتزانی...؟"

دایکم زەردەخەنەیەکی کرد.

"ڕۆڵە گیان، من دایکتم."

هەموو گیانم دەلەرزی. بەخێرایی بڕێکی زۆر هەوا لە دەمم هاتە دەرەوە. "دایە... من ئەو کەسە نیم کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە... هەموو شتێکم شێواند. دەستم کرد بە خواردنەوە، هەموو شتێکم تێک دا، خێزانەکەمم لەدەست دا..."

"نا، چارلی ..."

دەنگم دەلەرزی. "با، با، لەدەستم دان. ڕووخام... دایە، کاسرین بەجێی هێشتم، خۆشم وام لێ کرد بەجێم بهێڵێ... ماریاش شووی کردووە و هەر ئاگام لێی نییە... من هەر لەوێش نەبووم کە شووی کرد... من ئیتر بە ئەوان بێگانەم... من ئێستا نامۆم بە هەموو ئەو شتانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشم ویستوون..."

سینگم بەرزونزمی دەکرد. گوتم، "تۆش، دایە... دوایین

ڕۆژ... هەرگیز نەدەبوو جێت بهێڵم... هەرگیز نەمتوانی پێت بڵێم کە..."

لە شەرمەزاریدا سەرم شۆڕ کرد.

"... کە چەند پەشیمانم... من زۆر... زۆر..."

تەنیا ئەوەندەم بۆ گوترا. کەوتمە سەر زەوی و بەبێ ئەوەی دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا هەبێت، بە دەنگی بەرز دەستم کرد بە گریان، ئازاری ناو ناخی خۆمم بەتاڵ دەکردەوە و شیوەنم دەکرد. ژوورەکە لە بەرچاوم بچووک بووەوە و پشتچاوم گەرم بوو. نازانم بۆ ماوەی چەند وا مامەوە. دواجار دەنگم بۆ گەڕایەوە، بەڵام بەقورسی و قرخنی دەهاتە دەرەوە.

"دایە، ویستم ئەمە کۆتایی بێ... ئەم تووڕەیی و پەشیمانییە. بۆیە... ویستم بمرم..."

چاوەکانم بەرز کردەوە و بۆ یەکەم جار بەچرپە دانم بە ڕاستییەکەدا نا و گوتم، "ئیتر کۆڵم دا."

دایکم هەر بەچرپە گوتیەوە، "کۆڵ مەدە."

لەو ساتەدا - شەرم لە وتنی ئەمەش ناکەم - سەرم خستە باوەشی دایکمەوە، ئەویش قۆڵەکانی لە ملم ئاڵاند. بۆ ماوەیەکی کورت بەو شێوەیە ماینەوە، بەڵام ناتوانم بە وشە وەسفی ئەو ئارامییەت بۆ بکەم، کە لەو ساتەدا هەستم پێ کرد. تەنیا دەتوانم بڵێم، تا ئەم ساتەش کە قسە بۆ تۆ دەکەم، تامی ئەو باوەشە دەکەم و بیری دەکەم.

"دایە، کاتێک تۆ مردی، من لەوێ نەبووم."

"ئیشت هەبوو."



Scanned by CamScanner

"ئاخر درۆم کرد. ئەوەش گەورەترین درۆ بوو، کە لە ژیانمدا کردبێتم... ئیشم نەبوو. چووم لە یارییەکدا بەشداری بکەم... یارییەکی بێمانا... زۆر بەپەرۆش بووم، کە ڕەزامەندی..."

دایکم لەسەرخۆ سەری لەقاند و گوتی، "... باوکت بەدەست بهێنیت."

ئینجا بۆم دەرکەوت دایکم خۆی دەمێک بوو لە هەموو شتێک تێگەیشتبوو.

لەوسەری ژوورەکەوە ژنە ئیتاڵییەکە ڕۆبی گەرماوەکەی لە خۆی توندتر کرد و وەک ئەوەی نزا بکات، پەنجەکانی لەیەک ئالآند. سێ کەسی زۆر سەیر بووین پێکەوە، هەریەکێکمان لە خاڵێکی دیاریکراوی ژیانماندا، پەرۆشی ئەوە بووبووین هەمان پیاو خۆشی بوێین. هێشتا دەمتوانی گوێم لەو وشانەی باوکم بێت، کە بەزۆر ئەو بڕیارەیان پێ دام، چیک، *کوڕی دایە یان کوڕی بابە؟ کامیان؟*

چرپاندم، "لە هەڵبژاردنەکەمدا هەڵە بووم."

دایکم سەری ڕاوەشاند، "هەرگیز نابێ منداڵان ناچار بکرێن لەنێوان دایک و باوکیاندا هەڵبژێرن."

ژنە ئیتاڵییەکە هەستایە سەر پێ. چاوەکانی سڕی و خۆی ڕێک کردەوە. پەنجەکانی خستە سەر قەراغی مێزی تەوالێتەکە و دوو شتی لە یەکتر نزیک کردەوە. دایکم ئاماژەی بۆ کردم بچمە پێشەوە، تا بزانم ژنەکە سەیری چیی دەکرد. یەکێکیان وێنەی کوڕێک بوو بە کڵاوی دەرچوون لە



Scanned by CamScanner

ئامادەبییەوە - پێم وا بێت کوڕەکەی خۆی بوو - ئەوی تریشیان، کارتی بەیسبۆڵەکەی من بوو.

ژنەکە چاوی بۆ ئاوێنەکە بەرز کردەوە و شێوەی دەرچووەوەی ئێمەی لە ئاوێنەکەدا بینی، هەرسێکمان وەک وێنەیەکی خێزانیی سەیر لە چوارچێوەی ئاوێنەکەدا دیار بووین. بۆ یەکەم و دواپین جار، دڵنیا بووم منیشی بینی.

ژنەکە لەژێر لێوەوە گوتی، "پێردۆناریێ."

ئیتر هەموو شتێکی چواردەورمان ون بوو.



Scanned by CamScanner

# چیك كۆتایی بە چیرۆكەكەی دەهێنێت

هەرگیـز بیـرت لـەوە كردووەتـەوە، كـە كۆنتریـن یادەوەریـی منداڵیت كامەیە؟ ئەوەی من، یادەوەرییەكی تەمەنی سێ ساڵیمە. هاویـن بـوو، لـە پاركەكـەی نزیـك ماڵـی خۆمـان، كەرنەڤاڵێـك ڕێـك خرابوو. شـوێنی فرۆشـتنی میزەڵان و پەشـمەك دانرابوو. كۆمەڵێـك پیـاو، كـە تـازە لە یاریی گوریسڕاكێشـان بووبوونەوە، لـە بـەردەم بەلوعـەی ئـاوی خواردنەوەكەدا سـەرەیان گرتبوو.

دەبێـت منیـش تینـووم بووبێـت، چونكـە دایكـم بـە بنبـاڵ بـەرزی كردمـەوە و بـە بـەردەم سـەرەكەدا بردمـی بـۆ لای بەلوعەكە. بیرمـە چـۆن دایكم بە بەردەم ئەو پیاوە ئارەقاوییە ڕووتانـەدا ڕۆیشـت، چـۆن قۆڵێكـی تونـد لـە ناوقـەدەم ئاڵانـد و بـە دەسـتەكەی تـری بەلوعەكـەی بـۆ كردمـەوە. ئینجـا بـە گوێمـدا چرپانـدی، "دەی چارلـی گیـان، بخـۆرەوە." منیـش خـۆم نووشـتاندەوە و پێكانـم بەسـەر زەوییەكەوە شـۆڕ بووبوونـەوە، ئینجـا قومێكـی گـەورەم لـە ئاوەكـە دا. ئـەو هەمـوو پیـاوەش وەسـتابوون، چاوەڕێـی ئێمـە بـوون تـەواو ببیـن. ئێسـتاش دەتوانـم هەسـت بـەو قۆڵـە بكـەم، كـە دایكـم لێـی ئاڵاندبـووم. ئێسـتاش ئـەو ئـاوەم لـە بەرچـاوە، كـە بلقـی دەكـرد. ئەمـە كۆنتریـن یادەوەریـی منـە: دایـك و كـوڕ پێكـەوە لـە جیهانێكـی

تایبەت بە خۆیاندا.

ئیستا لە کۆتاییی ئەم ڕۆژەماندا، پێکەوە هەمان شت ڕووی دەدا. هەستم دەکرد جەستەم تێک شکاوە. بەقورسی جووڵەم بۆ دەکرا، بەڵام دایکم قۆڵی لە ناوقەدم ئاڵاند و هەستم کرد جارێکی تر هەڵم دەگرێت، هەستم بە هەوا دەکرد بەر دەموچاوم دەکەوت. لە تاریکی زیاتر، هیچی تر دیار نەبوو، وەک ئەوەی بەپشت پەردەیەکدا بڕۆین. پاش کەمێک، تاریکییەکە نەما و ئەستێرە دەر کەوتن. هەزاران ئەستێرە. دایکم لەسەر چیمەنێکی تەڕ پاڵی خستم و خەریک بوو ڕووحە وێرانەکەمی دەگەڕاندەوە بۆ ئەم جیهانە.

"دایە..."

قورگم وشک بووبوو. دەبوو لەنێوان وشەکاندا تف قووت بدەم. "ئەو ژنە... چی دەگوت؟"

دایکم بەنەرمی شانەکانمی نزم کردەوە بۆسەر زەوییەکە و گوتی، "گوتی *ببەخشە*."

"ئەو ببەخشم، یان باوکم؟"

سەرم بەر زەوییەکە کەوت. هەستم کرد خوێن بە لاجانگەکانمدا دێتە خوارەوە.

دایکم گوتی، "خۆت."

خەریک بوو جەستەم لە جووڵە دەکەوت. نەمدەتوانی دەست و قاچم بجووڵێنم. خەریک بوو لەهۆش خۆم دەچووم. چەندم کات مابوو؟

بە دەنگێکی قرخن گوتم، "بەڵێ."

بە دەموچاوی دایکمدا دیار بوو لە مەبەستم تێنەگەیشت.

"بەڵێ، تۆ دایکێکی باش بووی."



Scanned by CamScanner

دایکم دەستێکی برد بۆ دەمی، بۆ ئەوەی زەردەخەنەیەکی گەورە بشارێتەوە، وا دەر دەکەوت لە خۆشیدا خەریک بوو دەستی دەکرد بە پێکەنین.

گوتی، "بۆ خۆت بژی."

"نا، بوەستە —"

"خۆشم دەوێی، چارلی."

دایکم پەنجەکانی ڕاوەشاند. من بەگریانەوە گوتم، "تۆم لەدەست دەچی..."

لەوە دەچوو ڕوخساری دایکم بەسەر دەموچاومەوە بفڕێت.

"چارلی، هەرگیز دایکت لەدەست ناچێ. من ئەوەتام، لێرەم."

ڕووناکییەکی گەورە وێنەکەی دایکمی لە بەرچاوم کاڵ کردەوە.

"چارلز بینێتۆ. گوێت لێمە؟"

هەستم کرد چوارپەلم مێروولە دەکات.

"ئێستا دێین دەتبەین."

ویستم دایکم بۆ لای خۆم ڕابکێشمەوە.

"چارلز، گوێت لێمانە؟"

لەژێر لێوەوە گوتم، "دایکم و من..."

لەسەر ناوچەوانم هەستم بە ماچێکی نەرم کرد.

دایکم قسەکەی بۆ ڕاست کردمەوە، "من و دایکم."

ئینجا دیار نەما.

توند چاوم ترووکاند. ئاسمان و ئەستێرەکانم بینی،



Scanned by CamScanner

ئەستێرەکان کشان. لەگەڵ نزیکبوونەوەیاندا گەورەتر بوون، خڕ و سپی، وەک تۆپی بەیسبۆڵ، لەخۆمەوە یەکسەر دەستم کردەوە، وەک ئەوەی دەستکێشەکەم بۆ گرتنەوەی هەموویان ئامادە بکەم.

"بوەستن! سەیری دەستەکانی بکەن!"

پیاوەکە بە دەنگێکی نەرم گوتی، "چارلز؟"

ئەم جارە نەرمتر گوتی، "چارلز...؟ نا، نا سەلامەتی، وەرە بۆ لامان... کوڕینە، ماوە!"

لایتەکەی دەستی گرتە دوو ئەفسەری تر و هەر وەک خۆشم بۆی چووبووم، ئەفسەرێکی گەنج بوو.

Scanned by CamScanner

# دواوتەی چیك

هەر یەکەم جار کە هاتیت دانیشتیت، پێم گوتیت چاوەڕوانی ئەوەت لێ ناکەم باوەڕ بەم قسانەم بکەیت. پێشتر ئەم چیرۆکەم بۆ کەس باس نەکردووە، بەڵام هیوادار بووم باسی بکەم. چاوەڕێی دەرفەتێکی وا بووم. بۆیە خۆشحاڵم کە ئەو دەرفەتە هات و ئێستا ئەو کارە بڕاوەتەوە.

زۆر شتی ژیانم بیر چوونەتەوە، بەڵام هەموو ساتێکی ئەو کاتەم لەبیرە، کە لەگەڵ دایکمدا بەسەرم برد، ئەو کەسانەی بینیمانن، ئەو شتانەی باسمان کردن. لە زۆر ڕووەوە شتەکە زۆر ئاسایی بوو، بەڵام وەک دایکم خۆی گوتی، *دەتوانیت شتێکی زۆر گرنگ لە خولەکێکی ئاساییدا بدۆزیتەوە.* ڕەنگە بە شێتم بزانیت، پێت وا بێت هەمووی دروستکراوی خەیاڵی خۆمە، بەڵام لە قووڵاییی ناو ڕووحمەوە بڕوام بەمە هەیە: دایکم لە شوێنێکی نێوان ئەم جیهانە و ئەو جیهانەی تر، ڕۆژێکی دیکەی بە من بەخشییەوە، ئەو ڕۆژەی لە دڵەوە هیوام بۆ دەخواست، هەموو ئەو شتانەشی پێ گوتم، کە بۆم باس کردیت.

هەرشتێکیش دایکم گوتبێتی، باوەڕی پێ دەکەم.

دایکم جارێکیان تاقیی کردمەوە:



Scanned by CamScanner

"دەنگدانەوە چۆن دروست دەبێ؟"

*بەردەوامبوونی دەنگ دوای وەستانی سەرچاوەکەی.*

"چی پێویستە بۆ ئەوەی دەنگدانەوە دروست بێ؟"

*دەبێ دەنگەکە بەر شتێک بکەوێ و بگەڕێتەوە.*

"کەی دەتوانی گوێت لە دەنگدانەوە بێ؟"

*کاتێک دەوروبەر کپ و خامۆشە.*

ئێستاش کاتێک دەوروبەر کپ و خامۆشە، گوێم لە دەنگدانەوەی دەنگی دایکمە.

ئێستا شەرمەزارم لەوەی ویستم خۆم بکوژم. ژیان شتێکی زۆر بەنرخە. کەسم نەبوو لەو نائومێدییەم دەرم بێنێت، ئەمەش هەڵە بوو. دەبێت کەسەکانت لە نزیک خۆتەوە بهێڵیتەوە و ڕێگەیان پێ بدەیت ئەوەی لە دڵتدایە بیزانن.

سەبارەت بەوەش کە لە ماوەی دووساڵی دواییدا ڕووی داوە، شتی زۆر هەن: مانەوەم لە نەخۆشخانە، ئەو چارەسەرەی وەرم گرت، لەکوێ ژیانم دەگوزەراند. با ئەوەندە بڵێم، لە زۆر ڕووەوە بەبەخت بووم. ئەوەتا زیندووم. کەسیشم نەکوشتبوو. لەو ڕۆژەوە، یەک جاری تر نەمخواردووەتەوە – هەرچەندە هەندێک ڕۆژ لەسەرم قورسە.

زۆر بیرم لەو شەوە کردەوە. بە بڕوای من، دایکم ژیانی منی ڕزگار کرد. هەروەها بڕوام بەوەیە ئەگەر دایک و باوکت خۆشیان بوێیت، ئەو کاتەش کە لە گێژاوەکانی ژیانیان دەدەن، تۆ بۆ سەر سەری خۆیان بەرز دەکەنەوە و ناهێڵن ئازارت پێ بگات، بۆیە هەندێک جار نازانیت کە دایک و باوکت بەرگەی چەندە ناخۆشییان گرتووە و ڕەنگە دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، بە جۆرێک، ئەگەر بتزانیبایە، وات



Scanned by CamScanner

نەدەکرد.

چی وای کردووە وێنەیەک لەسەر دیوارێک هەڵبواسرێت، یان بۆچی جێبرینێک بە دەموچاوتەوەیە، هەموو ئەمانە چیرۆکی خۆیان لەپشتەوەیە. هەندێک جار چیرۆکەکان سادەن، هەندێک جاریش قورس و ئازاربەخشن، بەڵام هەمیشە لەپشت هەموو چیرۆکەکانتەوە، چیرۆکی دایکت هەیە، چونکە لە چیرۆکەکەی دایکتەوەیە چیرۆکی تۆش دەست پێ دەکات.

ئەمە چیرۆکی دایکی من بوو.

چیرۆکی خۆشم بوو.

دەمەوێت جارێکی تر، لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خۆشم دەوێن، شتەکان ڕاست بکەمەوە و بیانهێنمەوە جێی خۆیان.

Scanned by CamScanner

# کۆتایی

چارلز "چیک" بینێتۆ مانگی پێشوو، پێنج ساڵ دوای هەوڵی خۆکوشتنەکەی و سێ ساڵ دوای یەکەم یەکتربینینی من و ئەو لەو بەیانیی یەکشەممەیەدا، کۆچی دوایی کرد.

پرسەکەی جەنجاڵ نەبوو، تەنیا چەند ئەندامێکی خێزانەکەی لێ بوون – لەناویاندا هاوسەرەکەی پێشووی و ژمارەیەک لە هاوڕێکانی سەردەمی منداڵی، کە باسی ئەوەیان کرد چۆن لە پیپەر ڤیل بیچ لەگەڵ چیک بە عەمبارێکی ئاودا سەر کەوتوون و بە بۆیاخی سپرا ناوی خۆیان لەسەر تانکیی ئاوەکە نووسیوە. هیچکام لە هاوڕێیانی سەردەمی یاریکردنی ئامادە نەبوون، بەڵام پیتسبێرگ پایرەتز کارتێکی سەرەخۆشییان ناردبوو.

باوکی چیک هاتبوو. پیاوێکی لاوازی بەتەمەن بوو، بە شانی چەماوە و قژێکی سپیی تەنکەوە لەپشتی کڵێساکەوە وەستابوو. قاتێکی قاوەییی لەبەردا بوو، چاویلکەشی لەچاودا بوو. دوای تەواوبوونی مەراسیمی ناو کڵێساکە، یەکسەر ڕۆیشت.

هۆکاری مردنەکەی چیک، جەڵتەیەکی کتوپڕ بوو، جەڵتەکە دابووی لە مێشکی و دەستبەجێ کوشتبووی.

پزیشکەکان وا بۆی دەچوون، خوێنبەرەکانی بە هۆی ئەو زیانەی لە ڕووداوی ئۆتومبێلەکەدا بەر سەری کەوتبوو، لاواز بووبن. کاتێک مرد، تەمەنی پەنجاوهەشت ساڵ بوو. هەموو دەیانگوت جارێ کاتی مردنی نەبوو.

سەبارەت بە وردەکارییەکانی چیرۆکەکەشی، لە کاتی پێکەوەنانی وردەکارییەکانی ئەم گێڕانەوەیەدا، کەم تا زۆر، لە هەموویانم کۆڵییەوە. هەر بەڕاستی ئەو شەوە ڕووداوێک لە پێچی هاتنەناو ڕێگە خێراکەدا ڕووی دابوو. ئۆتومبێلێک، دوای ئەوەی خۆی بە پێشەوەی لۆرییەکدا کێشابوو، بەرز بووبووەوە و بەسەر قەراغی شەقامەکەدا هاتبووە ئەمدیو، لەوێش خۆی دابوو بە پلێتی ڕیکلامێکی سەر ڕێگەکەدا و شۆفێرەکەشی هەڵدرابووە سەر چیمەنەکە.

هەر بەڕاستییش بێوەژنێک هەبووبوو بە ناوی ڕۆز تێمپلتن، کە لە شەقامی لیهای، لە پێپەر ڤیڵ بیچ دەژیا و ماوەیەکی کورت دوای ڕووداوەکە مردبوو. کەسێکی تریش هەبوو بە ناوی سێلما برادلی خان، کە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە مردبوو. لە پرسەنامەکەیدا، کە لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆییدا بڵاو بووبووەوە، وەک *کارمەندێکی پاککردنەوەی خانەنشین* ناوی هێنرابوو.

لە ساڵی ١٩٦٢یشدا - ساڵێک دوای جیابوونەوەکەی دایک و باوکی چیک - بەڵێننامەیەکی هاوسەرگیری لەنێوان لیۆنارد بینێتۆ و جیانا توسیکی واژۆ کرابوو، کە پشتڕاستی ئەو بەڵێننامەیەی دەکردەوە، کە لە ئیتاڵیا دەر هێنرابوو. کەسێک بە ناوی لیۆ توسیکی - کە وا تێی گەیشتبووم کوڕەکەیان بێت - لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەکاندا لە ئامادەییی کۆلینز ود

ناونووس کرابوو. هیچ تۆمارێکی ترم لەسەری نەدۆزییەوە.

سەبارەت بە پاولی بینێتۆش، کە بە *پۆزی* ناسرابوو، ئەو ژنە لە تەمەنی حەفتاونۆ ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ مردووە، وردەکارییەکانی ژیانیشی، وەک ئەوانەی ناو ئەم چیرۆکەن. هەموو ئەو ئەندامانەی خێزانەکەی پۆزی، کە لە ژیاندا ماون، باسیان لە قسەخۆشی و گەرموگوڕی و ژیریی ئەو ژنە کردووە. هێشتا وێنەکەی لەو ئارایشتگەیە هەڵواسراوە، کە ئیشی لێ کردووە. لە وێنەکەدا کراسێکی شینی فشی ئیشی لەبەردایە و جووتێک گوارەی ئەڵقەی لەگوێیە.

لەوە دەچێت دوایین ساڵەکانی تەمەنی چیک بینێتۆ، کەمێک ئارامییان بە چیک بەخشیبێت. دواتر چیک خانووەکەی دایکی لە پێپەر ڤیل بیچ فرۆشت و داهاتەکەی دا بە کچەکەی. دوای ئەوە چووە شوقەیەکەوە، تا لە کچەکەیەوە نزیک بێت و سەرلەنوێ پەیوەندییان دروست کردەوە، یەکشەممان یەکتریان دەبینی و بەدەم قاوە و شیرینی خواردنەوە، باسی هەموو ڕووداوەکانی ئەو هەفتەیەیان دەکرد. هەرچەندە چیک هەرگیز بەتەواوی نەگەڕایەوە بۆ لای کاسرین بینێتۆ، بەڵام ئاشت بوونەوە و زووزوو پێکەوە قسەیان دەکرد.

ڕۆژگاری کارکردنی چیک وەک *کارمەندی فرۆشتن* کۆتایی هات، بەڵام تا مردن بە نیوەدەوام لە یاریگە و نووسینگەیەکی وەرزشی کاری کرد و تاکە یاسای بۆ یارییە بەکۆمەڵەکان ئەمە بوو: *دەبێت هەمووان دەرفەتیان بدرێتێ لە یارییەکەدا بەشداری بکەن.*

لەوە دەچوو چیک، هەفتەیەک پێش جەڵتەکەی، هەستی کردبێت زۆری نەماوە، بۆیە بە چواردەورەکەی گوتبوو، "ئەم



Scanned by CamScanner

ڕۆژانەمتـان بیـر بمێنێت، نـەک ئەوانـەی پێشـووم."
چیک لە نزیک دایکییوە نێژرا.

لەبـەر ئـەوەی ئـەم چیرۆکـە باسـی خێوێکـی تێدا بـوو، دەکرێـت بڵێیـت چیرۆکـی خێـوە، بـەڵام چیرۆکـی کام خێـزان چیرۆکـی خێـو نییـە؟ گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی ئـەو کەسـانەی لەدەسـتمان داون، یارمەتیمـان دەدات هـەر بەڕاسـتیی ئـەو کەسـانە لەدەسـت نەدەیـن.

هەرچەنـدە ئێسـتا چیـک لـە ژیانـدا نەمـاوە، بـەڵام چیرۆکەکەی لای خەڵکـی بـەردەوام دەبێـت، ئەویـش لـە ڕێگـەی منـەوە. مـن پێـم وا نییـە چیـک شـێت بووبێـت، پێـم وایـە هـەر بەڕاسـتی یـەک ڕۆژی تـری دراوەتـێ تـا لەگـەڵ دایکیـدا بەسـەری بەرێت. دەشـکرێت بەسـەربردنی یـەک ڕۆژ لەگـەڵ کەسـێکدا کـە خۆشـت دەوێـت، هەمـوو شـتێک بگـۆڕێت.

بیرمـە، منیـش ڕۆژێکـی وام لەسـەر کورسـیی هاندەرانـی گۆڕەپانێکـی خولـی تازەپێگەیشـتووان بەسـەر بـرد - ڕۆژێـک لەگـەڵ باوکـم بـۆ گوێگرتـن و خۆشویسـتن و داوای لێبووردن و لێخۆشـبوون، ڕۆژێـک بـۆ ئـەوەی بڕیـار بـدەم، کـە چەنـد ساڵێک دواتـر، ئـەم کـوڕەی ئێسـتا لـە سکمدایە، بـەم زووانـە بەشـانازییەوە بـە *چارلی* بانـگ بکرێـت.

ناوی دوای هاوسەرگیریکردنم *ماریا لانگـە*.

بەڵام پێش ئەوە ماریا بینێتۆ بووم.

چیک بینێتـۆ باوکـی مـن بوو، ئەگەر باوکیشـم ئـەم چیرۆکەی گێڕابێتـەوە، ئـەوە مـن بـاوەڕی پێ دەکـەم.



Scanned by CamScanner

چارلی بینیتۆ هێشتا منداڵە کە باوکی پێی دەڵێت، "دەبێت یان ببیت بە کوڕی بابە، یان بە کوڕی دایە، ناکرێت کوڕی هەردووکیان بیت." چارلی دەبێت بە کوڕی بابە، بەڵام کاتێک خەریکە دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری، باوکی لە ژیانی دەچێتە دەرەوە. دوای چەند ساڵێک، چارلی پیاوێکی تێکشکاوی لێ دەر دەرچێت و مەی و پەشیمانی ژیانی تاڵ دەکەن. لە کارەکەی دەر دەکرێت و خێزانەکەی بەجێ دەهێڵێت، کاتێکیش بانگهێشت ناکرێت بۆ ئاهەنگی کچەکەی، بەتەواوی بێهیوا دەبێت و بڕیار دەدات خۆی بکوژێت.

نیوەشەوێک چارلی، لە دواگەشتی ژیانیدا، بە ئۆتومبێلەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارۆچکەیەی لێی گەورە بووە، بەڵام لە کاتێکدا خۆی دەکات بە ماڵە کۆنەکەیاندا، شتێکی سەیر ڕوو دەدات. لەوێ دایکی چارلی، کە هەشت ساڵە کۆچی دوایی کردووە، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، بەخێرهاتنەوەی دەکات. دواتر چارلی و دایکی ڕۆژێکی ئاسایی پێکەوە بەسەر دەبەن، ڕۆژێک، کە زۆربەمان ئاوات دەخوازین بماندرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە ڕاست بکەینەوە، کە بەرامبەر دایکە کۆچکردووەکەمان کردوومانن، بۆ ئەوەی نهێنییە خێزانییەکانی خۆمانی بۆ باس بکەین و داوای لێخۆشبوونی لێ بکەین.



ENDESE

٦٠٠٠ دینار